# ڕازەکانی دیجلە و فورات

# ڕازەکانی دیجلە و فورات

**بەهرۆز گەڵاڵی**

کتێب: رازەکانی دیجلە و فورات

نووسەر: بەهرۆز گەڵاڵی

چاپخانە: چاپخانەی پیرەمێرد

تیراژ: (1000)

لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ

# پێشەکی

کتێبێکی تری هەڤاڵمان بەهرۆز گەلاڵی شایەدی تواناو لێهاتوویی ئەوە لەبەدواداچوون و چاودێریکردنی ڕەوشی سیاسیی تورکیاو پێشکەشکردنی زانیاری بەسود بۆ خوێنەرانی کوردستانی نوێ و خوێنەرانی کورد زمان بەگشتی، هەڤاڵ گەلاڵی لەپاڵ ئەرکی خۆی کەنوێنەری حزبێکی تێکۆشەرو سەنگینی وەکو یەکێتییە لەئەنقەرە، رۆژانەش بەدواداچوونی دۆخی ئەو وڵاتە دەکات لەباری سیاسی و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەباری دەستوپەنجە نەرمکردنی لەگەڵ مەسەلەی کورددا. جا چونکە دڵی ئاوەدانەو دەستی ئاوەڵایە بۆ هەڤاڵو هاوڕێکانی، قەد حەزی نەکردووە ئەوی لەوڵاتی رۆمو عەجەم فێری دەبێ، هەر لای خۆی گلی بداتەوەو بەهەنجەتی ئەرکی دیبلۆماسییو نهێنی زانیارییەوە لەئەهلی مەملەکەتی بشارێتەوە. خێری زانستو زانیاریو کەڵکەکردنی ئەزموون لەوەدایە بگوازرێتەوە بۆ خەڵکی ترو بۆ نەوەکانی ئایندە.



گەلاڵی نووسەر ئەم زەکاتەی بەسەخاوەتەوە داوەتەوەو چەندین کتێبی تورکیاناسیی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە کە بەهۆی جیاوازیی زمانو جیاوازیی کەلتووریو دابڕانی تورکیا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەعیراقو کوردستانەکەی خۆشمانەوە، سەرچاوەو کتێبی لەسەر تورکیاو دۆسێ گەرمەکانی هەر زۆر کەمە. گەلاڵی لەپەنا ئەرکی نوێنەرایەتیی سیاسی لەتورکیا کە لەم مەیدانەدا دەکرێ بڵێین سندوقە سەوزەکەی سەرۆك مام جەلالە لەهەوڵەکانی بۆ ئاشتیو تەقەلاکانی بۆ ئاشتکردنەوەی برا نەیارەکانی چیاو پایتەخت لەهەر سێ هێڵی گەرمی ململانێ لەقەندیل، دیاربەکر، ئیمرالی و ئەنقەرەدا، لەپاڵ ئەم ئەرکەدا، چەندین ساڵە کۆششێکی بەردەوام دەکات بۆئەوەی لەکایەی نووسینیشدا هاوکاریی میدیای یەکێتی (کوردستانی نوێ) و میدیای کوردستانیی بەگشتی بکات، چەندین گۆشەی هەفتانەو نووسینی جیاجیاو دیداری رۆژنامەوانییو تەلەفزیۆنی لەسەر دۆخی تورکیاو پەیوەندیی کوردو یەکێتی لەگەڵ تورکەکاندا بوونەتە هەوێنی ئەو کۆششەو بەشی زۆری بووشنەتە کتێب.

کوردستانی نوێ شانازی دەکات کە بەشی شێری ئەم کۆششەی بەرکەوتووەو ئەم کتێبەش هەر لەم چوارچێوەیەدا چاپ دەبێتو جۆرێکە لەپێزانین بۆ ماندوو نەناسیی هەڤاڵ بەهرۆزو بۆ کەڵك پێدانێکی دوور مەوداش بەم نووسینانە کە

پێکەوەو لەچوارچێوەی کتێبدا فەرهەنگێکە بۆ ناسینی تورکیاو پردێکیشە بۆ گرێدانەوەی کێشەکانی تورکیا بەوانەی کوردو کێشەکانی کوردستانیش بەدەردو ئازارەکانی دراوسێکانمان لەرێی گەشەو لەرێی تێگەیشتنێکی باشتر کە دادپەروەریی نەتەوەیی‌و دراوسێیەتی ئیجابی‌و ئالوگۆری بەسوودی ئابووریی‌و کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگیی بەدواوە بێت.

دەستخۆشی لەهەڤاڵ گەلاڵی دەکەین‌و پیرۆزبایی لێ دەکەین بۆ ئەم بەرهەمەو پێی دەڵێن بەردەوامبە لەسەر ئەم ڕێرەوە کە خزمەتە بەکوردستان‌و لەدوارۆژی دوای ئەرکی نوێنەرایەتی رەسمیش، خەزینێکی باشی ناسینی خودو ناسینەوەی نەتەوەکەمان‌و نەتەوە دراوسێکان دەبێت.

لەجیاتی ماڵباتی کوردستانی نوێ

**ستران عەبدوڵلا**

2015/8/15

## هێزەکانی تورکیا لە هەرێم

ئەم شەڕوشۆڕەی ماوەیەکە لەنێوان سەربازەکانی تورکیاو پەکەکە بەگەرمی دەستیپێکردۆتەوە! درەنگو زوو پرپشکی بەرکوردستانی عیراقیش دەکەوێ. حکومەتی هەرێم، لایەنە سیاسییەکان، رۆژنامەنووسان، مێدیاکان، تەلەفزیۆنەکان، رێکخراوەکانی بواری مەدەنیو دیموکراسی، دەبێ هەڵوەستەیەکی جدی لەم بارەیەوە بکەن. هەموومان پێکەوە بیرێکی ورد لەم مەسەلەیە بکەینەوە. کاتی خۆی بەداخەوە بەهۆی ڕوودانی شەڕی ناوخۆی ماڵوێرانکەر، رێکەوتنامەیەک لەگەڵ تورکیا کراوە 3500 سێ هەزارو پێنج سەد سەربازی راهاتوی تورکیا بەمۆدێرنترین تەکەنەلۆژیای سەردەمو ژمارەیەک تانکەوە، هاتنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە. لەفرۆکەخانەی بامەڕنێ، لوتکە شاخەکانی کانی ماسی و هەندێ شوێنی گرنگی تری کوردستانی عیراق جێگیرکران.

شەڕی ناوخۆ دەمێکە تەواوبووە! یەکێتیو پارتی رێکەوتنامەی ستراتیژیمان هەیە! کەچی کەسێک لەناو کوردستانی عیراق ناپرسێتەوە، ئەرێ بۆچی ئەم سەربازو



هێزانە، لەم شوێنانەی کوردستان بۆماون؟ ئەرێ ئەم 47 چلو حەوت تانکەی فرۆکەخانەی بامەڕنێو رەبایەکانی کانی ماسیو ناو ئامێدی، چ ئەرکێکیان پێسپێردراوەو لەئەستۆدایە! کوێندەرێی خاکی هەرێم دەپارێزن؟ تاکەی خاکی هەرێم جێ ناهێڵن؟ بڕوا ناکەم تاکو ئێستا، تەنانەت بۆ کەرەتێکیش پێیان گوترابێ، ئەرێ فەرموون ئەم شوێنانە چۆڵ بکەن! بۆ ناگەڕێنەوە بۆ ناو سنووری وڵاتەکەی خۆتان!

بەڵێ ئەم شەڕوشۆڕانەی رۆژانی دوایی، مەترسیدار بووە، پەکەکە هەوڵدەدات سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێم رابکێشی، بێگومان بۆ گەورەکردنی کێشەکەی خۆیو تێوەگلاندنی خەڵکی کوردستانی عیراقو دنیای دەرەوەو راکێشانی سۆزی خەڵک بۆ کێشەکەی! کێ ناڵێ سبەی رۆژ تووشی هەمان کێشە نابینەوەو سوپای تورکیا روو لەقەندیل ناکات! گەلۆ سەرنجتان بۆ ئەم مەترسییە رادەکێشم. دەبێ کوردستانی عیراق تەگبیری خۆی بکات. نەخشەی خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک دابنێت. بڕوا ناکەم تا سەر ئەوە لەئێمەی کوردستانی عیراق قبووڵ بکرێ. پەکەکە لەناو خاکی هەرێمی کوردستانی عیراق لەقەندیل نیشتەجێ بێت. ناوەناوە لەناو سنووری هەرێمی کوردستانی عیراقەوە بێت لەسەر سنوور، یان لەناو تورکیا چەند سەربازێک بکوژێو

بگەڕێتەوە ناو خاکی هەرێم. ئەم یاریی پشیلەو مشکە تاسەر ناچێتەسەر. سەردەمی ئەمڕۆ، سەردەمی ئاشتیو دیموکراسیو خەباتی پەرلەمانییە. قۆناغی شەڕ بەسەرچوو. پێویستە پەکەکە لەمە تێبگاتو ئەم شەڕە ڕابگرێ. ئاگربەستێکی بێوادەو مەرج ڕابگەیەنی. تورکیاش ئۆپەراسیۆنەکانی بەتەواوی ڕابگرێو وازبێنی لەبۆمبابارانکردنی کوردستانەکەی ئێمە. ئەوکاتە هەوایەکی سیاسی هێمنو ئارام دروست دەبێتەوە، بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆو گەڕانەوە بۆ لۆژیکی ئەقلو بۆ ئاشتیو بۆ خەباتی پەرلەمانیو دیموکراسی. ئەم راستییەش دووپاتدەکەمەوە کێشەی کوردی لەتورکیا، بێ ئۆچەلانو پەکەکە، ئاستەمە چارەسەربکرێت. درەنگو زوو ئەم مەسەلەیە دەبێتە بابەتێکی گرنگ. بەڵام سەبری دەوێ. پەکەکە دەبێ بوار برەخسێنی. خۆی لەشەڕو شۆڕ دوور بخاتەوە. هەر بەجدی واز لەشەڕ بهێنێت. ئەگەریش رێز لەویستو هەڵوێستو ئامۆژگاریی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی عیراق ناگرێو بەردەوام دەبێ لەسەر خەباتی چەکداری خۆی؟ هەقە لەم حالەتەدا ئیتر چیتر داوا لەمامجەلالو کاک مەسعودو سەرکردەکانی کوردستانی عیراقیش نەکات کە نێوانگیرییان بکەن. با گەریلاکانیانو خۆیان هەموویان بگەڕێنەوە ناو شاخو کێوەکانی خۆیان. لەوێ خەریکی کاری خۆیان بن.



چونکە پەکەکە لەلایەک داوای هاوکاریو میانگیریی لەسەرکردایەتی کوردستانی عیراق دەکات، لەلایەکی تریشەوە هیچ گوێ ناداتە ئامۆژگاریو راکانی سەرکردایەتی کوردستانی عیراق! بۆیە کوردستانی عیراق پێویستە ئاگاداری ئەم وەزعە ناسروشتییەی ئێستا بێت؟ ئاگاداری ئەم جموجۆڵانە بێت. بەڵێ مەترسیی هاتنە پێشەوەی بارودۆخێکی تازە لەئارادایە. میللەتی تورک خەریکە سەبری نەمێنێت. دەبێ بەرچاومان روونبێت بۆئەوەی جارێکی تر سوپای وڵاتێکی هاوسێی خۆمان بەهەر بیانوییەک بێ روو نەکاتەوە هەرێمەکەمانو بنکەو بارەگای تازەمان بۆ دانێتەوە. ئەوکاتە کێ تەحەمولی ئەم بەرپرسیاریەتییە دەکات؟.

# حکومەت‌و فراکسیۆنەکان

ئەم شێوە ڕێکەوتنەی نێوان یەکێتی‌و پارتی بۆ پێکهێنانی پەرلەمان‌و حکومەت، ڕەنگە هۆکارێک بێ بۆ دروستبوونی ئەم ململانێ شاراوەیەی کە ئێستا لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و حکومەت وەیا لەنێوان خودی پەرلەمانتاراندا هەیە. لەڕاستیشدا هەردوو دامودەزگا دەبێ کاریان تەواوکەری یەکتری‌و پشتیوانیکردن لەسیاسەتی یەکتری بێ، کە ئێستا فراکسیۆنی هەردوولا بەپێی ڕێکەوتنامەیەک لەفراکسیۆنی کوردستانیدا کۆبوونەتەوە. یەکێتی‌و پارتی ئەم دابەشکردنە لەنێوان خۆیاندا بگۆڕن، ڕەنگە باشتربێ. لەوانەیە لەڕووی دیموکراسیشەوە دیموکراسیتربێ. لەبری ئەوەی، دووساڵ جارێک، لایەکمان سەرۆکی پەرلەمان، لاکەی تر سەرۆکی حکومەت وەرگرین، بەپێچەوانەش. لەباتی ئەمە، دەکرێ دووساڵ جارێک سەرۆکی پەرلەمان‌و حکومەت پێکەوە لەدەست یەکێتی بێ. دوو ساڵەکەی تریش لەدەست پارتی بێ. ئەوکاتە ئەگەر سەرۆکی حکومەت ویستی پەرلەمان، یاسایەکی تازەی بۆ دەربهێنێ! سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنەکەی خۆی



دەردەشە دەکات، بەتایبەتیش لەگەڵ هاوپەیمانەکەی خۆی، کە پەرلەمانتارانی پارتین. دەشتوانێ لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تری ناو پەرلەمانیش کە لەفراکسیۆنەکەی خۆیەوە نزیکن! دوای گفتوگۆکردن‌و ڕێکەوتن لەگەڵیان، داوای پشتیوانی بکات، بەم هەنگاوەش زیاتر حیوارێکی دیموکراسیانە لەناو پەرلەمان دروستدەکات. ئەم کێشانەی هەن، تەنانەت ئەم حەساسییەت‌و ململانێیەش کە لەنێوان خودی ئەندامانی فراکسیۆنی کوردستانیش کە ئەمڕۆ دروستبووە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە دابەشکردنەی پەرلەمان‌و حکومەت. بۆ نموونە سەرۆکی حکومەت دەکەوێتە دەست یەکێتی، پەرلەمانتارانی یەکێتی، ئۆتۆماتیکی سۆزیان لەگەڵ حکومەت دەبێ، پەرلەمانتارانی پارتیش بۆ پەرلەمان، کاتێ سەرۆکی حکومەت پارتی وەریدەگرێتەوە، پەرلەمانتارانی یەکێتی سۆزیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی پەرلەمان. پەرلەمانتارانی پارتیش بۆ سەرۆکی حکومەت. ئەوە کارێکی هەڵەیە، دەبێ هەردوو دامودەزگاکەمان خۆش بوێت‌و پشتیوانییان بکەین، ئەم ململانێیەش ڕۆژانە هەستی پێدەکرێ.

لەتورکیا، پارتی دادو گەشەپێدان زۆرینەی کورسییەکانی هێناوە، سەرۆکی حزبەکە سەرۆکی حکومەتە، سەرۆکی پەرلەمانیش هەر لەهەمان پارتە، بۆیە هەردوو دامودەزگا

پەیڕەوی لەیەک سیاسەت دەکەن، کە لەلیژنەی مەرکەزیو پڕۆگرامی حکومەتەکەیاندا بڕیاریان لێداوە. هیچیان ململانێی ئەویتر ناکەن. سەرۆکی پەرلەمان چوار جێگری هەیە. دوو ئاکپارتی، یەک جەهەپە، یەکیش مەهەپە. ژمارەی جێگرانی سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی ژمارەی پەرلەمانتارانی هەر فراکسیۆنێک دیاریدەکرێ. هەردوو حزبی ئۆپۆزسیۆن هەریەکە جێگرێکیان بەرکەوتووە. بەوپێیەش فراکسیۆنی گۆڕان لەکوردستان مافی خۆیەتی جێگرێکی سەرۆکی پەرلەمانی بدرێتێ. سەرۆکایەتی دیوانی پەرلەمان بەسەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکانو ئەندامەکانییەوە ژمارەیان نۆزدە ئەندامە. دوانزە ئاکپارتی، چوار جەهەپە، دوو مەهەپە، یەک پارتی ئاشتیو دیموکراسی. کاتی هێنانی بودجە بۆ پەرلەمانو خوێندنەوەی لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە، سەرۆکی پەرلەمان خۆی سەرپەرشتیی دانیشتنەکەی پەرلەمان دەکات، دانیشتنەکانی تر، جێگرەکان بەنۆرە بەڕێوەی دەبەن، بەڵام سەرۆکایەتی دیوانی پەرلەمان بڕیاردەدات کەی؟ کێ؟ چۆن؟ جێگرەکان سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکەن؟ ئەوکەسەی سەرپەرشتی دانیشتنی پەرلەمان دەکات جا چ سەرۆکی پەرلەمان بێ یا یەکێک لەجێگرەکانی، تەنیا یەک کەس لەسەر کورسی سەرۆکی پەرلەمان لەسەرەوە دادەنیشێ، سکرتێری پەرلەمان



لەتەنشیت سەرۆکی پەرلەمان یان لەتەنشیت جێگرەکەی دانانیشێت لەکاتی سەرپەرشتیکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەبێ لەخوارەوە دابنیشێ. ڕۆژی دەنگدانیش لەسەر بودجە، سەرۆکی پەرلەمان خۆی سەرپەرشتی دانیشتنەکە دەکاتەوە. سەرۆکو وتەبێژی فراکسیۆنەکان لەسەر بودجە، هەریەکەیان مافی یەک سەعات قسەکردنیان هەیە. هەر پەرلەمانتارێکیش، نابێ لە 5 دەقیقە زیاتر قسە بکات، بەڵام لەتورکیا عادەتەن تەنیا سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەسەر بودجە قسەدەکەن، پەرلەمانتاران کەمتر، پاشان دەنگ دەدەن.

حکومەت چ یاسایەک بەپێویست بزانێ؟ پڕۆژە یاسایەک ئامادەدەکاتو دەینێرێ بۆ فراکسیۆنەکەیان لەپەرلەمان، یان فراکسیۆنەکە خۆی پڕۆژە یاسایەک ئامادەدەکات کەلەگەڵ سیاسەتی حزبو حکومەتەکەیان گونجاوبێ، ئەوکاتە حکومەتو فراکسیۆن لەناو پەرلەمان پێکەوە پشتیوانی لەپڕۆژە یاساکە دەکەن، ئۆپۆزسیۆن زۆرجار لەدژی ئەم پڕۆژە یاسایە دەنگی داوە، بەڵام بەکەمی هۆڵی پەرلەمانی جێهێشتووە، چونکە ئۆپۆزسیۆن بوون مانای ئەوە نییە، هەرشتێک حزبی فەرمانڕەوا هێنای یان کردی! تۆ وەک ئۆپۆزسیۆن لەدژی دەنگ بدەیو بوەستی یان بڕۆیتە دەرەوە؟ بەڵکو ئۆپۆزسیۆن، مانای هێنانی ئەڵتەرناتیڤی

باشترو ڕێکوپێکترە. ئۆپۆزسیۆن رای خۆی لەناو پەرلەمان دەڵێ، جەسورانە قسەی خۆی دەکا. یاساکەش باش بێ یان خراپ؟ زۆرینەو کەمینە لەناو پەرلەمان دەخوا. هەموو جارێک بەزۆرینەی ئاکپارتی پرۆژە یاساکە تێپەردەبێ. پاش ئەوە کەس هەقی نییە، بڕوات خەڵک بۆ خۆپیشاندان هانبدات! لەکوردستان هەست دەکرێ ئۆپۆزسیۆن بەزۆر دەیەوێ رای کەمینەی خۆی بەسەر رای زۆرینەی پەرلەماندا بسەپێنێو شەرعییەت بداتە خۆی کە لەسەر هەقەو خۆشی بەنوێنەری میللەت بژمێرێ! فراکسیۆنی کوردستانیش کە زۆرینەیە، بە نادیموکراسیو خۆ بەزۆرسەپێن تۆمەتباردەکات!.



## دەستپێشخەرییەکەی زانا

لەچەند ڕۆژی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکی گرنگ لەنێوان سەرۆک وەزیرانی تورکیاو کەسایەتی ناسراوی سیاسی کوردو ئەندام پەرلەمانی سەر بەلیستی پارتی ئاشتیو دیموکراسی خانم لەیلا زانا ئەنجامدرا، ئەو لێدوانو دەستپێشخەرییەی کە خانم لەیلا زانا بەرەو هەنگاونانی جدی بۆ ئاشتی گرتییەبەر، لەم کاتەی ئێستادا هەنگاوێکی بوێرانەو نایابی بواری خەباتی دیپلۆماسیو سیاسی بوو لەپێناوی هەوڵدان بۆ چارەسەرکرنی کێشەی کوردو هەوڵێکی گرنگو تازەش بوو لەسیاسەتی پەرلەمانتارێکی کوردی تورکیا، بۆ گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگو دانوستاندن کە لەناو میدیاو هەموو ناوەندێکی تورکیاو دەرەوە، شوێنی خۆی گرتو بایەخێکی زۆریشی پێدراو کۆبوونەوەکەش زیاتر لەکاتژمێرێکی خایاندو تیایدا خانمی ناسراوی گەورەی کورد، هەموو داواو داخوازییەکانی کوردی پێشکەشی سەرۆک وەزیرانی تورکیا کرد. کۆبوونەوەیەکی پۆزەتیڤو بەکەڵک بوو، وەک هەنگاوێکی گرنگ لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە، بایەخی تایبەتی پێدراو لەتەواوی میدیاکانیش بەپۆزەتیڤ

لێکدرایەوە. گرتنەبەری ئەم جۆرە هەنگاوانە لەداهاتوودا سوودی زۆری دەبێ بۆ کێشەی کورد لەتورکیاو دروستبوونەوەی دیالۆگیکی تازە، بۆیە پێویستە کوردی تورکیاو رێکخراوەکانی دەرەوەو ناوەوەیان پشتیوانی لەم هەنگاوەی لەیلا زانا بکەنو هەوڵبدەن هەوایەکی سیاسیو گونجاویشی بۆ دروست بکەنو بڕەخسێننو چەکەکان بێدەنگ بکرێنو فرسەت بدرێتەوە ئاشتیخوازانو بواری ئاشتی بۆ ئەوەی ئەم هەوڵەی لەئاردایە لەبارنەچێتو سوودی بۆ هەردوو گەلی تورکو کورد هەبێتو مەنتیقی یەکتر قبووڵکردنو دیالۆگ شوێنی شەڕو پێکدادن بگرێتەوە. هەر لەگەڵ راگەیاندنی ئەو هەنگاوەی زانا بەناوی مامجەلالو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پشتیوانی جەنابی مامجەلالو یەکێتی- مان بۆ ئەم دەستپێشخەریو هەنگاوەی ئاشتی دەربڕیو دەستخۆشیمان لە لەیلا زانا کرد. لەهەمانکاتیشدا ئەوەمان راگەیاند کە هەقە دژایەتیکردنی ئەم هەنگاوەی لەیلا زانا نەکرێتو فرسەتی پێبدرێت بۆئەوەی پرۆسەکە لەو تەنگژەیەی کە تێیکەوتووە بۆ پێشەوە بجولێو گەشە بکات. ئیتر بەئومێدی ئەوەی کە ئەم هەنگاوەی سەرۆک وەزیرانو خانم لەیلا زانا تینو تەوژمێکی تازە بداتەوە بەپرۆسەکەو بۆ پێشەوە هەنگاو بنێتەوە. پێموایە ئەگەر ئەمڕۆ راپرسییەک لەسەر ئەم هەنگاوەی لەیلا



زانا لەتورکیا بکرێت، وا هەست دەکەم کە ژمارەیەکی یەکجار زۆرو رێژەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی کوردو تورک پشتیوانیی لەم هەنگاوەی لەیلا زانا بۆ ئاشتی دەکاتو بایەخێکی زۆری پێدەدەن. هەروەکو لەتورکیاش کە باوە، زۆربەی کۆمپانیاکانی بواری راپرسی لەسەر زۆربەی بابەتە گرنگەکان هەمووجارێک راپرسی دەکەن، دەربارەی بابەتەکانی سیاسەتو ئەدای پارتە سیاسییەکانو حکومەتو زۆر بواری تریش. کۆمپانیاکانی راپرسی بەرچاوی جەماوەرو میللەت رووندەکەنەوە بابەتە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان بۆ خەڵک رووندەکەنەوە، ئەمەش کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگاو بەرەو پێشەوەبردنی. بۆ نموونە لەماوەی رابردوودا لەتورکیا بەپێی ئەنجامدانی راپرسییەک کە لە 81 هەشتاویەک پارێزگای تورکیا ئەنجامدراوەو لە 18 هەژدە هەزار کەس لەسەر سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی وەزیرەکانی کابینەکەی ئێستای ئاک پارتی پرسیاریان کردووە لەئەنجامدا دەرکەوتووە کە لەهەردوو وەزیری حکومەتی دادو گەشەپێدان خەڵک لەوەزیرێکیان ناڕازییەو بە ناسەرکەوتوویان لەقەلەمداوە. بەپێی راپرسییەکەش، تەنانەت سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەهەندێ لەم وەزیرانەی ئێستا پەشیمانە کە پێشتر بەوەزیر لەکابینەکەی خۆی دایناونو ئاسوودە نییە لەچۆنێتی

ئەنجامدانی کاری وەزارەتەکانیان. لەناو ئەم وەزیرانەشدا کە لەکارەکانیان سەرکەوتوو نەبوون ژمارەیەک ناوی گرنگ باسیان لێوە کراوە لەوانە: بولاند ئارینج، ئێرتورول گونایی، هەیاتی یازیجی ئۆغلو، مەهدی ئیکار..

لەدوای هەڵبژاردنی 12ی حوزەیرانی ساڵی 2011 سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لەهەندێ لەو وەزیرانەی رازی نییە لەکارەکانیانو بەسەرکەوتوویان نازانێ. بەپێی راپرسیەکە کە لەلایەن رێکخراوی (ORC) تورکی کە لە 81 پارێزگای تورکیا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە (11) یانزە وەزیریان لەژێر رێژەی 50% دانو پواندی تەواویان بەدەستنەهێناوەو لەکارەکانیان سەرکەوتوو نەبوون.

کوردیش هەقە فێری ئەوە بێت، پێش ئەوەی ئیدانەی کاری سیاسی کەسێک بکاتو هیرشی بکاتە سەر، وەک ئەم هێرشانەی کرانە سەر لەیلا زانا لەسەر ئەم کۆبوونەوەیەی کە لەگەڵ ئەردۆغان ئەنجامیدا! هەقە راپرسییەکیان لەناو کورد لەسەر ئەم کارەی لەیلا بکردبایە، داخۆ ئەم هەنگاوەی کە لەیلا زانا هاوێشتی لەناو کورددا چۆن لێکدراوەتەوە؟ بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد هێشتا لەم بوارەدا ئەم کەلتوورەمان نییەو دەوڵەمەند نینو دەمودەست بڕیار دەدەینو هێرشو پەلاماری خۆمانو یەکتریی دەدەین. بۆ ئەوەی بزانین ئەم کارە یان ئەم هەنگاوەی ئەم خانمە



ناوێتی! باشە یان خراپە، بۆیە پێویستە ئێمەی کورد سود لەئەزموونو کارەکانی میللەتانی هاوسێی خۆمان وەربگرین. تەنانەت لەسەر ئەدای حکومەتو وەزیرەکانیشمان، هەروەها لەسەر زۆربەی شتەکانی تریش دەکرێ راپرسی بکەینو بەرچاوی میللەتەکەمان زیاتر رۆشن بکەینەوە، پێش ئەوەی دەست بکەین بە پەلامارو هێرش کردنە سەر یەکتری.

# قەیرانەکە دەگاتە تورکیاش

بەپێی راپۆرتو لێکدانەوەکانی ئابووریناسانی ئەمریکاییو یەکێتیی ئەوروپا، تەنگژەیەکی تری ئابووری زۆر گەورەتر لەتەنگژە ئابوورییەکەی ساڵی 2008، لەساڵی 2013 بەڕێوەیەو رووبەڕووی جیهان دەبێتەوە. ئەمجارە تورکیاش لەم تەنگژە ئابوورییەدا پریشکی بەردەکەوێتو لێی بەدەرنابێتو تووشی تەنگژەیەکی ئابووریی تازە دەبێتەوە.

ئەم تەنگژە ئابوورییەی کە لەساڵی 2013 چاوەڕوان دەکرێ هەم لەتەنگژە ئابوورییەکەی 2008 گەورەتر دەبێت، هەمیش زەرەرو زیانی زیاتریشی دەبێت. بەپێی لێکدانەوەکان ئەم تەوژمە ئابوورییە، وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپاو ناوچەکانی یۆرۆ بەتایبەتی لە 3 تا 4 ساڵی تر بەڕێژەی 50% زیاتر ئەم تەوژمە دەیانگرێتەوەو شەپۆلەکانیان بەردەکەوێت. تا کۆتایی ئەمساڵ یۆنانو فینلەنداو ئیتالیا، ئەگەری ئەوەیان هەیە کە ناچاربن واز لەیۆرۆ بێنن لەبەر خراپیی باری ئابووریی وڵاتەکانیان. هەروەها لەئەمریکاش ئەم تەنگژە ئابوورییە کاریگەریی زۆر سلبی دەبێت لەسەر ئابووریی وڵاتەکەو لەسەر دانیشتوانو



کۆمەڵگاکە. لەم ساڵانەی دوایش تورکیا لەڕووی ئابوورییەوە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئەم تەنگژە ئابوورییەی باسی لێوە دەکرێت کار دەکاتە سەر نزمبونەوەی باری ئابووریو دروستبوونی کێشەی ئابووری بۆ خەلکی تورکیاش.

بانکی ناوەندی ئەوروپا لەئێستاوە خۆیان بۆ ئەم کریزو تەنگژە ئابوورییە ئامادە دەکەن. ئەم تەنگژە ئابوورییە ئازارێکی زۆریشی دەبێ بۆ شادەماری ئابووریی جیهانو بەتایبەتیش لەوڵاتانی سەر بەیەکێتیی ئەوروپا. هەروەها کاریگەریی تەواوی دەبێ لەسەر جیهان بەگشتی.

ئابووریناسان بۆ ئەم کریزەی کە چاوەڕوانی هاتنی دەکەن، ناوێکیان داناوە بەناوی (گێژاو تۆزبایەکی ئابووریی تەواو). لەدوای دەستپێکردنی ئەم کریزە ئابوورییە، بەدوو هەفتە پاش ئەوە کاریگەریی تەواوی لەسەر ئیکۆنۆمیو ئابووریی وڵاتانی جیهان دەبێت. وڵاتانی یۆرۆ پێیانوایە پاکەتێکی هەشتا ملیار دۆلاریش بۆ رزگاربوون لەم کریزە یارمەتییان ناداتو تەنگژەکەیان بەئاسانی بۆ کۆنترۆل ناکرێت. لەوڵاتانی تازە گەشەکردووی وەک تورکیاش، ئەم تەنگژە ئابوورییە کاریگەریی خۆی دەبێتو دەبێتە هۆی نانەوەی کێشەیەکی ئابووریی گەورەو نزمبوونەوەی ئاستی ئابووریی وڵاتەکە.

ئابووریناسان لەم بارەیەوە خەریکی تەگبیرکرنو دانانی نەخشەو پلانێکی گونجاون بۆ روبەڕوبونەوەی ئەم تەنگژەیەی کە لەساڵانی داهاتوودا چاوەڕوانی جیهان بەگشتیو یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی دەبێتەوە.



# تورکیاو رەوشی سوریا

دوای رووخانی رژێمی بەغدا هاوسێکانمان لەهەرێمی کوردستان لەکۆکردنەوەی زانیاریو ئینفەرماسیۆن پەیداکردن بەردەوامن. پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمو کۆمەڵگاکەشمان لەبوارەکانی سیاسیو ئیکۆنۆمیو کۆمەڵایەتیو کەلتووری بەهێزکردووە. لەئەنجامی دروستبوونی ئەم گفتوگۆیانەش لەساڵانی رابردوو چالاکییەکانیان لەگەڵ هەرێم زۆر بردۆتە پێشەوە. ئەم پێشکەوتنانەش لەپەیوەندییەکان، وایکردووە لەنزیکەوە بتوانن بەدواداچوون بکەن، دەربارەی ئەم پێشکەوتنو گۆڕانکارییانەی کە لەناوچەکەو لەسوریا روودەدەن. بۆیە توانیویانە بەهۆی کارنامەیەکی وردەوە، کەشەکە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لەکوردستان خۆشبکەنو کوردستان بۆ ئەم مەبەستە بەگونجاو بزاننو وەک پێگەیەکی گرنگ هەولێرو سلێمانی بکەنە شوێنی ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانیان.

دیارە بۆ ئەم مەبەستانەش کاری گرنگیان بەنوێنەرایەتییەکانی خۆیان سپاردووە، ئەویش لەچوارچێوەی

پرۆگرامێکی تۆکمەوە بۆ چوونە ناو کێشەی سوریاو ئەم ململانێو ناکۆییانەی کە ئەمڕۆ لەعیراقدا هەن.

تورکیا لەگەڵ سوریا، سنوورێکی وشکانی دوورو درێژی هەیە. هەر لەمێژووی کۆنەوەش، لەڕووی کەلتووریو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانەوە پەیوەندی هاوسێیەتیان هەبووە، بەڵام لەدوای ساڵی 2011 بەهۆی ئەم ڕووداوانەی کە لەناو سوریا هاتونەتە پێشەوە کاریگەرییان کردە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتو بارودۆخێکی تازە هاتەپێشەوە. ئەم کێشەیەی کە ئەمڕۆ لەسوریا دروست بووە، لەهەردوو ڕووەکەیەوە نێگەتیڤ بێ یان پۆزەتیڤ! کاریگەریی دەخاتە سەر هەردوو وڵات. ئێستاش ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو سوریا، شێوەو بچمەکەیو ئسلوبەکەی، هەمووی گۆڕاوە. هەڵوێستو بۆچوونی سیاسی تورکیا دەربارەی ڕووداوەکانی ناو سوریاو گۆڕانکارییەکانی کە ئەگەری هاتنە پێشەوەیان هەبوو، تورکیا لەگەڵ پاراستنی یەکێتیی خاکی سوریا بوو. ڕەنگە بوونی کورد لەسوریا هۆکاریک بووبێ بۆ بوونی ئەم هەڵوێستەی تورکیا، پێش دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ، تورکیا لەگەڵ ڕیفۆرمی دیموکراسی بوو، بەڵام دوای ئەوەی ڕژێمی سوریا گوێی بەپێشنیازو هەوڵەکان نەدا کە دران بۆ ئەنجامدانی ریفۆڕمی دیموکراسی، تورکیا بەئاشکرا پشتیوانیی لەئۆپۆزسیۆنی



سوریا کرد. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێیان وابوو، گۆڕینی ڕژێم لەسوریا، ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی دەوێ. بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەش دەبێ ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز ئامادەبکرێ کە توانای گۆڕینی ئەم ڕژێمەی هەبێو هەنگاوی عەمەلیش بۆ ئەم مەبەستە بهاوێ. بۆ هەرێمیش گرنترین بابەت کە ئەمڕۆ لەسوریا گرنگی هەیە، کێشەی کوردی سوریاو چارەنووسیانە. دیارە ڕێکخراوی پەکەکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کوردەکانی سوریاو سەرکردەکانیان هەیە. هەروەک یەکێتیو پارتیش تا ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر کوردی سوریا هەیە. لەم بارودۆخەی ئێستادا هەرێمی کوردستان دەبێ ئەرکی نەتەوایەتی خۆی بەجێبهێنێتو هەوڵی یەکڕیزیی کوردی سوریا هانیان بدات تا بتوانن خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەکان سازو ئامادە بکەن. وڵاتانی هاوسێش هەریەکەیان بەپێی بەرژەوەندییو ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان، بەرنامەی خۆیان بۆ دوای بەشار ئەسەد داناوە. بڵێی هەرێمی کوردستانیش بەرنامەی هەبێ؟

# بۆ مام جەلال نابێت

لەسەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی عیراق، هەندێ وڵاتو لایەنەکانی سوننە، هەوڵیاندا لێنەگەڕێن پۆستی سەرۆکی کۆمار کورد وەریبگرێتەوە. کۆششیان کرد لەبری جەنابی مامجەلال، کەسێکیتر بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار دابنێن، کە لەگەڵ سیاسەتو بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بگونجێ. شیعەو کوردو هەندێ وڵات، بەجدی پشتیوانییان لەمامجەلالو کورد کرد، لەسەرووی هەمووشیانەوە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جوامێرانە لەسەر پێی خۆی وەستاو نەچەمایەوە بۆ داخوازییەکانی ئەوان. ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیە، ئەوەمان بیردەخاتەوە کاتێ کورد یەکبووبێ هەمیشە سەرکەوتنی وەدەستهێناوە، بۆیە کورد دەبێ هەمیشە یەکگرتوبێت. هەرجۆرە جیاوازیو خیلافاتێکیشمان هەبێ، با ببێ، بەڵام ئەنجام دەبێ پێش گەڵاڵەکردنی هەر بیرو بۆچونێک بۆ هەر گۆڕانکاریو دانانی بەرنامەیەکی تازە، پێویستە سەرکردەکانو لایەنەکان لەپێشدا لەگەڵ یەکتری دەردەشەی هەموو بابەتەکان بکەنو بەیەکەوە بەرنامە دابنێنو پێکەوە بڕیاربدەن. لەماوەی پێشوو هەمدیسان



گرووپەکانی سوننە بەپشتیوانی هەندێ لەوڵاتان، ویستیان متمانە لەمالیکی بسەننەوە. ئەنجام داخوازییەکەیان تائێستا نەهاتۆتەدی. عیراقیش تووشی کێشەیەکی سیاسی گەورە هاتو ئێستاش بەتەواوی لێی دەرباز نەبووە. ئەمجارەیان بەداخەوە لەناو ماڵی کوردیش خەلەلێکی هونەری سیاسی بچووک ڕوویدا. بەشێوەیەک دەرکەوت کە خوانەخواستە کورد یەکگرتوو نییە. هەرچەند بڕوام وایە تا مامجەلالو کاک مەسعود مابن، جارێکتر لێناگەڕێن، خیلافاتی گەورە بکەوێتەوە نێوماڵی کوردەوەو نەیارانیش بتوانن موراهەنەی سیاسیو لێکترازانی لەسەربکەنو دڵی خۆیانی پێ خۆش بکەن، بۆیە هەرزوو هەوڵی چارەسەرکردنی دراو ماوە نەدرا جارێکیتر یەکێتیو پارتی لەدژی یەکتر بەکاربهێننەوە.

لێرەدا ڕاستییەک دێتە پێشەوە، هەندێ لەم وڵاتانە دەبێ تێبگەن کە هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەعیراق یا لەکوردستانی عیراق کە بیانەوێ ئەنجامی بدەن! بەبێ مامجەلالو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاستەمە بێتەدی. هەموو هەوڵو تەقەلایەکی دەشدرێت بۆ هاوێرکردنی پارتیو یەکێتیی لەیەکتری! ئەمەش خەونە. جارێکی تر بەخەیاڵیش نایبیننەوە، خوێنی کورد بەدەستی کورد بڕژێتو قەوانە کۆنەکەی جارانیان لێبدەنەوە.

کوردستان لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەدایە. ڕژێمی ئەسەد دەڕوخێ، سوریا لەڕووی سیاسییەوە دابەشدەبێت؛ ئەنجام ئەسەدو هێزەکانی بەرەو لازقییەو دەوروبەری بەلاوازی پاشەکشە دەکەن، ئۆپۆزسیۆنی سوننە، بەرەو دیمەشقو حەلەبو حومسو حەماو شوێنەکانی تر، کوردی سوریاش لەناوچەکانی خۆی فرسەتێکی باشی بۆ هاتۆتە پێشەوە. بەمەرجێک یەکگرتووبن، بەڵام پێویستە هەرێم ڕێگا لەم پلانە بگرێ کە ئێستا لەدژی کوردی سوریا هەیە، دەبێ هەرێمو کوردی تورکیا لەسەر چارەنووسی کوردی سوریا کۆکبنو نەکەوینە یەکتری بەقسەی ئەملاو ئەولا، بۆیە هەقە هەرێم، موبادەرەیەک بکات. ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی کورد دروست بکات. پێک بێت لەسەرۆکی هەردوو حزبی فەرمانڕەوە یەکێتیو پارتی، سەرۆکایەتی هەرێم، هەردوو سەرۆکایەتی پەرلەمانو حکومەت، سەرۆکی دادگای تەمییز، وەزیری پێشمەرگە، وەزیری ناوخۆ، سەرۆکایەتی ئاسایشی گشتی هەرێم، لەگەڵ سەرۆکی دوو لەگەورەترین حزبی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستان. ئەم ئەنجومەنە شتە گرنگو ستراتیژییەکان تاوتوێ بکات. ڕاسپاردە بدات بۆ سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت. ماڵی کوردی بەهێزتر بکەین، نێوانی ئۆپۆزسیۆنو حکومەت خۆشترو باشتر بکەین. ئەم یاریکردنو هەوڵەی لەئاراشدایە، بۆ ڕاکێشانی ئەم لایەن بۆ



ئەم وڵاتو ئەو لایەن بۆ ئەو وڵات، بەیەکدەنگی نێوانمان پووچەڵ بکەینەوە. دەبا هەموومان کار بۆ دروستکردنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی بکەین، ڕێگا لەخەونی نەیاران بگرینو خەبات بکەین بۆ تێکشکاندنی پیلانەکانیانو ئەم پێشنیازو بیرۆکەیە دەوڵەمەند بکەینو گەشەی پێبدەین.

# ڕەمەزان لەکوردستان

لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا وڵاتێکە کە 99%ی دانیشتوانەکەی موسڵمانن، سیستمەکەی عەلمانییە، ئەردۆغانو پارتی دادو گەشەپێدان - یش لە 2002ەوە حوکمی تورکیا دەکەنو پارتێکی ئیسلامین، لەوەتەی هاتوون هەندێ شتیان بەکاریگەریی ئیسلام لەم وڵاتە گۆڕیوە، بەڵام بیریان نەکردۆتەوە ڕۆژێک لەڕۆژان بێن لەمانگی ڕەمەزاندا هەرچی چێشتخانەو لۆقەنتەو شوێنە گشتییەکانی هەیە دایبخەنو بازاڕ ڕابگرن. بەڵێ خەڵک هەیە موسڵمانە، بڕوای بەئایین هەیەو بەڕۆژو دەبێ. خەڵکیش هەیە بەڕۆژو نابێ. وڵاتەکەشیان گەشتیارییەو ناتوانن هەمووشتێک دابخەن، ئەگەرنا خۆ ئەوانیش موسڵمانن، بەڵام خەڵکیان نەخستۆتە ژێر گوشارەوە، لەم رووەوە ئازادیی خەڵکیان پێشێل نەکردووە. گەر بۆیان بکرێ ڕەنگە بیانەوێ سیستمی تورکیا بکەنە سیستمێکی ئیسلامی، بەڵام هیچ شوێنێکیان لەڕەمەزاندا دانەخستووە. کەچی لەکوردستان خەریکن هەرێمەکە — مان لێبکەن بەئەفغانستان، هەر مانگی ڕەمەزان هات! وەزارەتی ئەوقاف ئامۆژگاریی توند



دەردەکات، هەرچی چێشتخانەو لۆقەنتەو چایخانەو شوێنە گشتییەکان هەیە دایدەخات، کارێکی وایان کردووە کەس نەوێرێ چێشتخانەیەک، چایخانەیەک بکاتەوە، لەشوێنێک لوقمە نانێک بخوات، لەکوردستان ئێزدی هەیە، مەسیحی هەیە، خەڵکێکی زۆر هەیە نەخۆشیی شەکرەیان هەیە، نابێ بەڕۆژوبن. یەکێتیو پارتیو گۆڕانیش بێدەنگن! تەنانەت ناوێرن لەئاست ئەم جۆرە لێکدانەوەو بۆچوونانە، هەڵوێستی خۆشیان ڕابگەیەنن، مانگی ڕەمەزان دێت، بەخێر بێت، ئەوەی بڕوای بەئایینو موسڵمانەتی هەیە، ڕۆژووی خۆی دەگرێو عیبادەتی خۆی دەکات، بەڵام هەقە مافیش بدرێتە ئەوانەی کە بەڕۆژو نابن، دەبێ ئەوانیش سەربەستیو ئازادیی خۆیان هەبێ، چێشتخانەو لۆقەنتەو چایخانەکان بۆیان بکرێتەوە، داخستنی شوێنە گشتییەکان، جگە لەوەی کارێکی نا دیموکراتیو نا مەدەنییە! بگرە داخستنیان، زەرەرێکی زۆریش بەئابووریی وڵاتەکەمان دەگەیەنێ. کەسێک بەڕۆژو دەبێ! بۆ خۆی بەڕۆژو دەبێ! کەس لەباتی کەس ناڕواتە قەبرەوە. لەهەرێمی کوردستان، بۆ چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پیاوە ئاینییەکانمان، با تورکیا بکەنە نموونە. سوود لەتاقیکردنەوەی تورکیا وەربگرین. ئەردۆغانو پارتی دادو گەشەپێدان، سێ دەورەی هەڵبژاردنە، خۆیو پارتەکەی کە پارتێکی ئیسلامییە،

هەڵبژاردن دەباتەوە، حوکمی وڵاتەکە دەکات، ئیدارەی 81 پارێزگا دەکات، کەچی نەهاتووە لەمانگی رەمەزان، هەرچی لۆقەنتەو چێشتخانەو چایخانەو شوێنی حەسانەوەو نانخواردن هەیە داییخات! لەهەڵبژاردنیش نەیدۆڕاندووە لەبەرئەوەی هەموو چێشتخانەو لۆقەنتەو شوێنە گشتییەکانی کردۆتەوە! تێناگەم یەکێتیو پارتی لەچی دەترسن؟ ئێمە لەیەکێتیو پارتی لافی عەلمانیەت لێدەدەین؟ کەچی لەم بوارەدا لەحزبە ئیسلامییەکان توندترین. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، گۆڕانیش خەریکە پرەنسیپو بۆچوونە ئازادیخوازییەکانی خۆی لەبیربکاتو هانی سەرپۆشو ئەم سیاسەتە دەدات. ئەمە وەزعێکی مەترسیدارە. کۆمەڵگاکەمان بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە. زیانێکی گەورە بەبیرۆای ئازادو پێشکەوتنی دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنی لەوڵاتەکەمان دەگەیەنێ. بەندە موسڵمانم. جاروبار بەڕۆژوش دەبم، بەڵام وەک ئەوەی من مافم هەیە! دەبێ ڕێزیش بۆ کەسێکی تر دابنێم کە بەڕۆژو نییە. نابێ لەبەرخاتری ئەمانەی بەڕۆژو دەبن، هەموو کوردستان چێشتخانەکانی دابخرێن. بازاڕەکانی بەتەواوی بوەستێنرێ! کردنەوەی چێشتخانەو شوێنە گشتییەکان لەڕەمەزان، مانای بێ دینیو بێ ڕێزی بەرامبەر ئاینیی ئیسلام ناگەیەنێ! ئەوانەی دەڵێن ئەمە بێ ریزییە بەرامبەر ئایین، با بۆخۆیان تەماشای تورکیا



بکەن؟ خۆ ئەوان لەئەردۆغانو حکومەتی ئاکپارتی بەدینترو ئاین پەروەرتر نین! سەیرکەن لەتەواوی تورکیا تاکە لۆقەنتەیەکیش بەهۆی رەمەزانەوە دانەخراوەو داناخرێ. مەلایەکیش قسەیەکی توند ناکاتو ناڵێ ئەمە کافرستانییە؟ بڕۆن بۆ هەر شوێنێکی تورکیا! لەتەنیشت هەر مزگەوتێک، لەکەناری هەر بەحرێک، لەهەموو هۆتیلێک، لەسەر هەر شەقامو جادەیەک، لەهەر شوێنێکی تری گشتی ئەم تورکیایە، هەموو شتێک کراوەتەوە. دەبینی چۆن خەڵک لەلۆقەنتەو چایخانەو شوێنە گشتییەکان دانیشتووە. هەیە مەشروب دەخواتەوە. هەیشە بەڕۆژووە. لچو لێویشی لەمەی تەنیشت خۆی بانادات! لەگەڵ هەڤاڵو برادەرەکانی کات بەسەر دەباتو چاوەڕێی بەربانگ دەکات. ڕەخنە لەیەکێتیو پارتیو گۆڕان دەگرم! بۆ لەئاست ئەم سیاسەتە بێدەنگن؟ لەباتی ئەوەی بڕیارێکی جەسورانە بدەینو لۆقەنتەو چێشتخانەکان لەڕەمەزان بکەینەوە. کەچی ئیجرائاتی توندیش بەرامبەر ئەوانە دەکەین کە بەڕۆژو نین یان لەشوێنێک پارووە نانێک دەخۆن یان جگەرەیەک بەدزییەوە دەکێشن! کوردستانیان لێ کردووینەتە ئەفغانستان. خەریکە نەتوانین نەفەس بدەین. هەموو شتێک داخراوە. تورکیا، سیستمێکی عەلمانی هەیە. حزبێکی ئیسلامی حوکمی دەکات. لەڕەمەزان ئەوان چۆن رەفتار دەکەن با ئێمەش

وەک ئەوان رەفتار بکەین. خەڵک لەتورکیا لەسەعات 9ی بەیانی دەست بەئیشدەکات تاکو سەعات 5ی ئێوارە. زۆربەشیان بەڕۆژون. تەنیا نیوەڕۆ لەسەعات (12 تا 13) بۆماوەی سەعاتێک پشوویان هەیە. با رێز لەدیموکراسی‌و بیروبۆچوونی ئاینیی یەکتری بگرین. وڵات وا پێش ناکەوێ. تۆ بێیت مانگێک هەموو شتێک دابخەیت. رۆژانەش دەوامێکی کەم بکەیت! ئەمە هەڵەیەکی سیاسیی گەورەیە، حکومەتی هەرێم‌و یەکێتی‌و پارتی ئەنجامی دەدەن. لەڕەمەزان ژیان لەهەموو شارەکانی کوردستان، وەستاوەو دەوەستێنرێ. چونکە هەموو شت دادەخرێ. دژی ئەو سیاسەتەم. هەقە حکومەتی هەرێم‌و وەزارەتی ئەوقاف، چاو بەم سیاسەتەدا بخشێنێتەوە.



## بۆ شارە حەیاتەکە

هەمیشە باس لە(سلێمانی) دەکەین، دەڵێین یەکێکە لەخۆشترین شارە جوانەکانی کوردستان‌و شاری پایتەختی رۆشنبیری‌و پێشکەوتنە. هەموو شانازی پێوەدەکەین. لەخۆشی‌و جوانی‌و گرنگیدا، شوبهاندوومانە بەئیستانبول. خۆم خەڵکی هەولێرم‌و هەولێریشم خۆشدەوێت. زۆریش دڵخۆشم کە شارەکەم لەزۆر رووەوە پێشکەوتووە بەتایبەتی لەبواری ئابووری، بازرگانی، بیناسازی، رێگاوبان، باخچەو دارستان، جگەلەمەش پایتەختی هەرێمی کوردستانی عیراقە. بەڵام زۆریش پێم ناخۆشە ببینم‌و هەستبکەم سلێمانی، ئەم شارە خۆشەویستە دوابکەوێ. بەتایبەتیش لەبواری بازرگانی‌و نەبوونی ناوەندە گرنگەکان تیایدا. بەجۆرێک کە ئەم جوانی‌و خۆشییەی هەیەتی، لەدەستی بدات، بەحوکمی ئەوەی هەموو ناوەندە حکومی‌و فەرمانگە گرنگەکانی وڵاتان لەهەولێرن. لەکاتێکدا سلێمانی شارێکی مێژوویی، شاری رۆشنبیری‌و داهێنانەکان، شاری هەڵمەت‌و قوربانی، شاری شاعیران‌و هونەرمەندان‌و تا ئەمڕۆش لەهەموو روویەکەوە شاری شاران بووە. خەریکە لەهەندێ

رووەوە فەرامۆش بکرێ. گەر کەسێکی خەڵکی سلێمانی باس لەمەغدوریەتی سلێمانی بکات، گرنگ نییە بەقەد ئەوەی کەسێکی شارێکی تر باس لەمەغدوریەتی سلێمانی بکات! ئێمە لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەبێ سلێمانی لەبیر نەکەین. چونکە ئێستاش هەر بەشارە سەوزەکە دەناسرێ، گەرچی سەوزەکەی بەهۆی بزووتنەوەی گۆڕانەوە نەختی کاڵبۆتەوە. بەڵام ئەنجام دڵنیام لەوەی ڕۆژێک دێ، سەوزەکە تۆخدەبێتەوەو هەردوو زێیەکە، دەریا سەوزەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جارێکیتر پێکدەهێننەوە. بەشانازییەوە دەڵێم، سلێمانی خزمەتکراوە. بەڵام دەبێ لەئێستادا زیاتر خزمەتی بکەین، بۆئەوەی سیفاتە زیندووەکەی خۆی لەدەستنەداتو ڕۆژ بەڕۆژیش بۆ پێشەوە گەشەبکات.

لەتورکیا لەم 81 پارێزگایەی کە هەیە، ئەنکەرەو ئیستانبولو ئیزمیر، لەهەموو ڕوویەکەوە سێ شاری زۆر گرنگی تورکیان. ئیستانبول شارێکی مێژوویی خۆشو گرنگە. شەوانی لەڕۆژانی جەنجاڵترو خۆشترە. شارێکی مێترۆپۆلە. شارێکی سیاسی، بازرگانی، کەلتووریو شەوانی خۆشی هەیە. بەهۆی گرنگیدانی حکومەتو دەوڵەت بەم شارە، شەوی لەڕۆژەکەی خۆشترە. بێگومان پایتەخت ئەنکەرەیە. 108 دانە باڵیۆزخانەی گەورەی وڵاتانی دنیای



تێدایە. حکومەتو دەوڵەتو دامودەزگاکان بەشی زۆریان لەئەنکەرەن. کۆبوونەوەکان لەئەنکەرە دەکرێن، بەڵام بۆئەوەی ئیستانبول-یش ئەم گرنگییە مێژووییو گەشتوگوزاریو بازرگانیو کەلتووریو میترۆپۆڵییەی خۆی لەدەستنەدات! دەوڵەتو حکومەت، تەنانەت سەرۆکی کۆمارو سەرۆک وەزیران هەفتانە چەند ڕۆژێک دیدارو کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ سەرۆکەکانی میوان لەئیستانبول ئەنجامدەدەن. تەنانەت هەندێ لەکۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆشیان دەگوازنەوە بۆ ئیستانبولو کۆنگرەو زۆربەی کۆنفراسە نێودەوڵەتییەکانیشیان هەر لەئیستانبول ئەنجام دەدەن. دیارە ئەنکەرە بۆ ژیان شارێکی جوانو خۆشو هێمنە، چونکە شاری مەئمورو فەرمانبەرانە، بەڵام ئیستانبول جوانییەکی تایبەتی خۆی هەیە. شارێکی گەشتوگوزاری گرنگە، بۆ لەدەستنەدانی ئەم هەموو سیفاتانەی کە ئیستانبول خاوەنێتیو هەیەتی! دەوڵەتو حکومەتو سەرۆکی کۆمارو سەرۆک وەزیرانیش هەندێجار لەئیستانبول دەوام دەکەن. تەنانەت بەمەش نەوەستاون! بەڵکو بۆ گرنگیدان بەم شارە، لەو 108 باڵیۆزخانەیەی کە لەئەنکەرە کراوەتەوە، 59 یان کونسوڵگەریی خۆیان بردۆتە ئیستانبولو لەئیستانبول کونسوڵگەرییان کردۆتەوە. تەنانەت هەندێ لەو وڵاتانە لەئیزمیرو غازی عەنتابو شوێنی تریش

کونسوڵگەریی خۆیان کردۆتەوە. بەمەش حکومەت گرنگییەکی تایبەتی بەئیستانبول داوە. بۆیە پێشنیاز دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم ڕوووەوە گرنگی زیاتر بەسلێمانی بداتو هەوڵبدات هەندێ لەو کونسوڵگەرییانەی لەهەولێر کراونەتەوە بگوازرێنەوە بۆ سلێمانیو ئۆفیسی خۆیان لەسلێمانیش بکەنەوە. ئەگەر ئەوەش بۆیان قورس بوو، دەکرێ مولحەقی ڕۆشنبیریو کەلتووری خۆیان لەسلێمانی بکەنەوە، بەو پێیەی سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیرییە لەکوردستان. ئەو وڵاتانەی ئێستا کونسوڵگەرییان لەئیستانبول هەیە: ئەفغانستان، ئەڵمانیا، ئەمریکا، ئەرژەنتین، ئەلبانیا، ئوستراليا، نەمسا، ئازربێجان، بیلاڕوسیا، بەلچیکا، ئیماراتی عەرەبی، یۆنان، بۆسنەوهێرزۆگۆڤین، بەرازیل، بولگاریا، جەزائیر، چیک، چین، دانیمارک، فاس، فەرەنسا، گورجستان، خرواتستان، هیندستان، هۆڵەندا، عیراق، ئینگلتەرا، ئێران، ئیسپانیا، ئیسرائیل، سویسرا، سوید، ئیتالیا، ژاپۆن، کەنەدا، قەتەر، کازاخستان، قرغیزستان، کوێت، قوبرسی باکوور، لیبیا، لوبنان، هەنگاریا، مەکدۆنیا، میسر، مۆلدۆڤیا، ئۆزبێگستان، پاکستان، پۆڵۆنیا، ڕۆمانیا، روسیا، سربستان، سلۆڤاکیا، سودان، سوریا، سعودیە، تورکمانستان، ئۆکرانیا، ڤەنزوێللا. ئەمەش گرنگیو بایەخێکی زۆری لەهەموو روویەکەوە



بەئیستانبول داوە. هیوادارین حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەم رووەوە، گرنگی زیاتر بەسلێمانی بداتو داوا لەهەندێ لەم کۆنسولگەرییانە بکات، هەندێکیان بۆ سلێمانی بگوازنەوە. تەنانەت حکومەت هەندێ لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی خۆشی، بخاتە سلێمانی. ئەمەش کەمترین وەفایە دەرهەق بەمێژووی، شاری هەڵمەتو قوربانی، شاری سلێمانی. شارە حەیاتەکەی رۆژانی سەخت.

# گەشت لەکوردستانو لەتورکیا

شارە گرنگەکانی کوردستان هەولێرو سلێمانیو کەرکوکو دهۆک، هەریەکەیان سیفاتی تایبەتی خۆیان هەیە لەبواری گەشتوگوزاریداو شوێنی گەشتوگوزاریی زۆر دڵگیرو خۆشیان هەیە، بەڵام تاکو ئێستا وەک پێویست لەم بوارەدا شوێنەرواره گەشتوگوزارییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی ستاندارتی جیهانی جوان! رێکوپێک نەخرواو بەشی خزمەتگوزاری ئەم شوێنانە زۆر کەموکوڕی تێدایە، ئەگەرنا کوردستانی عیراق لانیکەم بۆ عیراقییەکانو کەنداوییەکان دەکرێ بکرێتە شوێنێکی گەشتوگوزاریی زۆرخۆشو دڵرفێنو ببێتەمایەی پەیداکردنی سەرچاوەیەکی داهاتو دارایی زۆرباش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمرۆ لەکوردستان، سەیرانگاو هۆتێلو مۆتێلو شوێنەکانی حەوانە بۆ گەشتیاران بەکۆنترین شێوەو سادەترین میتۆدو فۆرم دانراون. ئەگەرنا ئەم هەموو هاوینەهەوارە خۆشەی ناوچەکانی سلێمانی، هەولێرو گەلی عەلی بەگو بێخاڵو هیرانو شەقڵاوە، لەگەڵ دهۆکو سەرسەنگو ئاکرێو ئامێدیو سوارەتوکەو باڵەکو شوێنە گرنگەکانی تر! دەکرێ



بەشێوەیەکی مۆدێرنو بەستاندارتێکی جیهانی زۆرباش سەرلەنوێ دروستبکرێنەوە. حکومەت بودجەیەکی تایبەتی بۆ دابین بکات. بەدڵنیاییەوە لەچەند ساڵی داهاتوودا پارەکەی خۆی بەزیادەوە دەردەکاتەوە.

بەپێی نوێترین ئامارو لێکۆڵینەوەکانو ئاماری تۆمارگەی وەزارەتی گەشتوگوزاریی تورکیا، لەتورکیا 3524 سێ هەزارو پێنج سەدو بیستو چوار هۆتێلو مۆتێلو شوێنی حەوانەوە بۆ گەشتیارانو نیشتەجێبوونیان دروستکراوە. لەساڵی 2010 ژمارەی گەشتیارانی بێگانە کە سەردانی تورکیایان کردووە، گەیشتە 28.510.852 بیستو هەشت ملیۆنو پێنج سەدو دە هەزارو هەشت سەدو پەنجاو دوو گەشتیار. ساڵی 2011 ژمارەیان بووە 31.324.528 سیو یەک ملیۆن سێ سەدو بیستو چوار هەزارو پێنج سەدو بیستو هەشت گەشتیارو ساڵی 2012 تا مانگی حوزەیران گەیشتە 11.787.040 یانزە ملیۆنو حەوت سەدو هەشتاو حەوت هەزارو چل گەشتیار. ژمارەی گەشتیارانی تورکیش ساڵی 2010 گەیشتە 4.517.091 گەشیتار. ساڵی 2011 بوە 4.826.800 گەشتیار. ساڵی 2012 ش تا مانگی حوزەیران بووە 1.755.580 گەشتیار. داهاتی گەشتیاران بۆ تورکیا ساڵی 2010 گەیشتە 20.806.00 ملیۆن دۆلار. ساڵی 2011 گەیشتە 23.020.000 ملیۆن دۆلار. ساڵی

2012 تا مانگی حوزەیرانیش گەیشتە 8.375.900 ملیۆن دۆلار. لەتورکیا ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە بۆ پێگەیاندنی کادری ئیداریو گارسۆنو خزمەتچی بۆ هۆتێلەکان کراوەتەوە. لەهەموو زانکۆکانی تورکیا بەشی خزمەتگوزاری بۆ گەشتوگوزاریی کراوەتەوە. بەباشترین شێوە کادری ئیداریو گارسۆن بۆ هۆتێلەکان پێدەگەیەنن.

لەدنیادا 11یانزە جۆر لەجۆری مرۆڤی گەشتوگوزارچیو تووریست هەیە. واتە ئەم کەسانەی گەشتوگوزار دەکەن بەسەر یانزە جۆر لەمرۆڤی تووریستو گەشتوگوزارچیدا دابەشدەکرێن. جۆری یەکەمیان، جۆرێکی زۆر عینادن. بۆنموونە کەشتێکی لەگارسۆنەکە داواکرد؟ گارسۆنەکە ناچاردەکات بۆی جێبەجێبکات. هی دووەمیان، کەسانێکن شت زوو لەبیردەکەن. سێیەم پەلەپەل کەرن. چوارەمیان، زۆر عەسەبین. پێنجەمیان، خەڵکانێکی گوماناوین. شەشەم، گەشتیاری وا هەن نەرمونیانو لەهەڵسوکەوتکردندا زۆر ناسکن. حەوتەم، هەندێکیان زۆر شەرمنن. هەشتەم، هەندێکیان زۆر سۆسیالن، قسەدەکەنو تێکەڵاوی خەڵک دەکەن. نۆیەم، هەندێکیان لوتبەرزن. دەیەم، هەندێکیان زۆر پاکو تەمیزنو لەپاکیدا نەخۆشن. یانزەم هەندێکیشیان زۆر نێگەتیف بیردەکەنەوە. ئەو گارسۆنانەی کە لەهۆتێلو شوێنە گەشتوگوزارییەکان کاردەکەن! یەکەم دەبێ



بەڕوورێکی خۆشو دەموچاوێکی پێکەنیناوییەوە سڵاو لەمیوانان بکەن، نەوەک وەک گارسۆنەکانی کوردستان میوان جورئەت ناکات پێیان بڵێ کاکە تکایە شلەیەکی زیادەم بۆبێنە. بەڵکو بەدەموچاوێکی ترشاوییەوە وەڵامی میوانان دەداتەوە. دووەمیان گارسۆن دەبێ تەماشای ناو چاوی میوانەکە بکاتو تەماسی لەگەڵ دروست بکاتو رووخۆش بێت. سێیەم دەبێ بەوردی گوێ لەمیوان بگرێ. بەهیواشیو لەسەرخۆ، هاوکاریی میوانان بکات. لەکاتی پێویستیشدا خاوەنی بڕیار بێ. بێگومان دەبێ زۆر پاکو تەمیز بێتو بۆنی ناخۆش نەبێ.

لەتورکیا لەهۆتێلو چێشتخانەکان، ئەم گارسۆنو خزمەتچییانە، گوێ لەهەموو کەس دەگرن. چ ئەو میوانانەی بەڕۆژوونو چاوەڕێی بەربانگ دەکەنو چ ئەوانەشی دانیشتونو چاوەڕێی پێکە ئارەقەکەیان دەکەن، لەگەڵ ئەوەش کە تورکیا وڵاتێکە لەسەدا 99%ی موسڵمانە. شوێنە گەشتوگوزارییەکانی تورکیا زۆربەیان کەوتونەتە سەر کەناری دەریای سپیو ئەنەدۆڵی ناوەوە. هەروەها کەناری دەریاری رەش. لەبواری گەشتوگوزاریشدا مانگی تەمموزو ئاب، دوو مانگی زۆر بەپارەو پولن بۆ تورکیا. ئێمە لەکوردستان لەڕووی گەشتوگوزارییەوە، هەندێ شارو هاوینەهەوارو شوێنمان هەر فەرامۆشکردووە. بۆنموونە ئەم

بێخاڵە جوانە! ناتوانینت چایەکی پاک و خۆشو بەتامی لێ بخۆیتەوە! باسی شوێنی دەستشتنو شتەکانی تریش هەر ناکرێ. بەهیوای ئەوەی حکومەتی هەرێمەکەی خۆشمان گرنگیو بایەخێکی زۆرترو باشتر بەسێکتەری گەشتوگوزاری بدات. بەتایبەتیش بەهاوینە هەوارەکانی سلێمانیو باڵەکو هەولێرو دهۆک.



# هەنگاو بۆ ئاشتی

ماوەیەکە لەلایەک پەیوەندی و ململانێی نێوان ئاک پارتی و پارتی ئاشتی و دیموکراسی رۆژبەڕۆژ بەرەو توندیو ناخۆشی رۆیشتووەو دەڕوات. لەلایەکی تریش شەڕەکانی ئەم دواییەش کە لەنێوان سوپاو پەکەکە دەستیان پێکردەوە تەنگژەکەی زیاتر قووڵکردەوە. ئەنجامەکەش درەنگ و زوو، هەر دەبێ ئەم کێشەیە بەڕێگای ئاشتی و دیالۆگ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێت و هەوڵ و تەقەلاکان چڕبکرێتەوە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی ئاشتییانەی گەرموگوڕترو رێگایەکی تازە بگیرێتەبەر.

ئەم تەسعیدەی کە ئەمڕۆ لەئاراداهەیە، زەرەرو زیانی زۆر بە هەردوولا دەگەیەنێ. خوێنێکی زۆریش دەڕژێ. خەڵکانێکی بێتاوانی زۆریش دەبنە قوربانی. هەم کوردو هەم تورکیش، وەک دوو نەتەوەی کە هەزاران ساڵە بەیەکەوە ژیاون، لەداهاتوودا زەرەری زۆرتریش دەکەن. تەنیا رێگا چارەسەریش بۆ کێشەی کورد! گرتنەبەری رێگای دیالۆگە. ئەوانەی لەڕووداوەکان نزیکن وا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دەچن و دەبێژن، ئەگەربێتو هەنگاوی یەکەم: پەکەکە

بەجدیو بێ شەرتو بێ وادە، شەڕ راگرتن رابگەیەنێت. واتە بێ مەرج و بێ دیاریکردنی زەمەن.

هەنگاوی دووەمیش: پەکەکە گەریلاکانیان بەتەواوی بۆ قوڵایی قەندیل بکێشنەوە. ئەگەر وەک نیشاندانی نیازباشیش ئەمە بکەن؟ پێشبینیی دەکرێ تورکیاش، رووەو چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کۆمەڵێ هەنگاوی پۆزەتیڤ و تازە بگرێتەبەرو بێتە پێشەوە کە کوردو پەکەکەش بەجۆرێک دڵخۆشبکات. بۆیە راگەیاندنی ئاگربڕی بێمەرج و بێ وادە! چانسێکی زۆر باش بەئاشتی دەداتەوە، ئەوکاتە حکومەت و دامودەزگاکانی تریش، قسەیان دەبێت و مەسەلەکە بەجدی تر وەردەگرن. بەتایبەتی کە ئێستا سەرلەنوێ دەستوور دەنووسنەوە، دەتوانرێ هەندێ شت بۆ کورد بەدەست بهێنرێت. بەڵام ئەگەر پەکەکە ئاگربڕەکە نەبەستنەوە بەکات؟ ئەوکات رەنگە ئەم تەنگژە سیاسییەی کە ئێستا هەیە کۆتایی پێبێت و دەرگایەکی تازە بۆ قسەکردن دەربارەی ئاشتی و کێشەکە بکریتەوە. لەلایەکی تریشەوە پەکەکە دەڵێ ئێمە تائیستا چەندینجار ئاگربڕمان کردووە! بەڵام دەوڵەت و حکومەت بەجدیی وەریان نەگرتووەو هیچیان نەکردووە؟ شارەزایانیش دەڵێن تا پەکەکە ئاگربڕی بەوادەو مەرج رابگەیەنێت و چەکی لەدەستدا بێت! کەس لەتورکیا ناتوانێ بێت لەگەڵ پەکەکە



بەئاشکرا دانوستان بکات. بەڵام لەکەشێکی ئاشتی و ئارامیدا، هەموو شتێک قابیلی قسەلەسەرکردن دەبێ، لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانەی راستو دروستی بێ شەڕو راگەیاندنی ئاگربڕێکی بێ وادەو مەرج و پیشاندانی نیازباشییەکی تەواو، گەڕانەوەیە بۆ لۆجیک و ئەقڵ و مەنتیق و دورکەوتنەوەیە لەشەڕو نزیکبوونەوەی تەواوەوە لەهەنگاوی یەکەم بۆ ئاشتی.

## سەرپەرشتی هەڵبژاردن لەتورکیا

لەعیراقو هەرێمی کوردستان ئێستا زۆر باسی کۆمیتەی هەڵبژاردنو داوودەزگای هەڵبژاردن دەکرێ. بۆیە دەمەوێ باسێکی کورتی تاقیکردنەوەی تورکیا بخەمە بەرچاوی پەرلەمانتارانو تەواوی حزبو لایەنو قەوارە سیاسییەکان. بەو هیوایەی سودێکی هەبێ بۆ بەرچاو روونیتانو دیدی دیموکراسی بینیتان، سود وەرگرتن لەئەزموونی کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردەکانی تورکیاو چۆنێتی دروستبوونو ئەرکو دەسەڵاتەکانی.

یەکەمجار کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردنەکان لەتورکیا، ساڵی 1950 دامەزراوە. هەر لەو مێژووەوە تەواوی ئۆرگانەکانی هەڵبژاردن لەهەموو شارەکانو قەزاکان دروستکراوە. ئەم کۆمیتەی باڵایە بەیاسا لەدەستووردا چەسپێنراوەو شوێنی لەدەستووری تورکیادا بۆ کراوەتەوە. ئەرکەکانی تەنیا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانو کۆنترۆلکردنی نییە. بەڵکو لەگەڵ دادگاو خۆشی وەک ئۆرگانێکی دادگای مەدەنیو دادگای تەمییزیش راستو دروستی هەڵبژاردنەکانو هەڵەو کەموکورییەکان کۆنترۆڵو چارەسەر دەکات. لەکاتی خۆشیدا



بڕیار دەداتو خاوەن بڕیارە. ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە لەحزبو پارتی سیاسییەوە نەهاتوون بەڵکو ئەندامەکانی بریتین لەئەندامانی دادگای مەدەنیو دادگای تەمییز. لەڕووی ئینتیمای سیاسییەوە بەتەواوی، بێلایەنن. رەنگە یەکێک هەبێ لەدڵەوە پارتێکی سیاسی خۆش بوێ، بەڵام مانای ئەوە نییە لەبەرژەوەندیی ئەم پارتەدا کاربکاتو بێلایەنیی خۆی لەدەستبدات. بۆیە ئەم دەزگایە وەک دەزگایەکی دادگای مەدەنیو دادگای تەمییز هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێو بەتەواوی ئۆرگانێکی یاسایی سەربەخۆیە.

پێکهاتەو هەیکەلی کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردن بریتییە لە: سەرۆک، جێگری سەرۆک، لەگەڵ 9 ئەندامی کۆمیتەکە. هەموویان 11 ئەندامن، بەشی زۆریشیان حاکمو یاساناسن. سەرۆکو جێگری سەرۆک، هەردووکیان بەهەڵبژاردنی نهێنی بەجیا لەلایەن ئەم 9 ئەندامەوە هەڵدەبژێردرێن. هیچ حزبێک راستەوخۆ کاریگەریی بەسەریانەوە نییە. رەنگە لەژێرەوە کاکەو برالەیەک هەبێ. بەڵام دیسان دەڵێم بڕیار، بڕیاری خۆیانە. لەخوار ئەمانەشەوە فەرمانگەی بەڕێوەبردنی گشتی هەڵبژاردن هەیە. لەتەنیشت ئەوانەش دوو سەرۆکی فەرمانگەی ئیدارییو دارایی هەیە، کە سەرپەرشتیی کاروبارە ئیداریو داراییەکان دەکەن. بەزنجیرە لەدوای ئەمانیشەوە سەرۆکایەتی فەرمانگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەیە.

پاشان سەرۆکایەتی فەرمانگەی هەموو قەزاکان دێت. واتە لەهەموو شارو قەزایەکدا سەرۆکایەتی فەرمانگەی هەڵبژاردن هەیە. لەدوای ئەمەشەوە بیرۆکانی سندوقی دەنگدان لەگەڕەکو هەموو شوێنە پێویستەکان هەیە. لەساڵی 1950وە تا رۆژگاری ئەمڕۆ 14 چواردە دانە سەرۆکی کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەرکیان پێسپێردراوەو گۆڕاون. هەندێکیان 3 سێ ساڵ کاریانکردووە. هەندێ 4 و هەندێک 6 و هەندێ 8 ساڵو زیاتریش. واتە بەپێی سەرکەوتنو تەمەن کاریان کردووە.

ئەرکەکانی بریتین لە:

یەکەم، ئامادەکردنی زەرفو فۆرمو دیکۆمێنتەکانو تەواوی لیستەکانی پاڵێوراوانو دەنگدەرانو هەموو جۆرە چاپەمەنییەک کە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن پێویستن. هەمووی دەبێ ئەم کۆمیتەیە ئامادەی بکات و لەکاتی خۆیدا دەبێ هەموو پێویستییەکانی هەڵبژاردن بۆ شارەکانو قەزاکانو ناحیەکانو مەڵبەندەکانی سندوقی هەڵبژاردن بنێرێ.

دووەم، شەش مانگ پێش هەموو هەڵبژاردنێک دەبێ هەموو حزبو قەوارە سیاسییەکان چۆنێتی پێکهێنانی تەشکیلاتو رێکخستنەکانی خۆیان بنێرن بۆ کۆمیتەی باڵای



هەڵبژاردنەکانو کۆمیتەی باڵاش دوای وردبینی، ئینجا پشتگیریی و پەسەندیان دەکات.

سێیەم، هەر کەمووکوڕییەک لەحزبیک یان پاڵێوراوێکدا هەبێ ئەم کۆمیتەی باڵایە دەبێ پێش هەڵبژاردن بڕیاری بەپەلەی خۆی لێبداتو بەپێی یاسا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم کەسە یان ئەم قەوارەیەدا بکات کە ئایا دەتوانێ خۆی بپاڵێوی یا نا؟

چوارەم، لەدوای هەڵبژاردنو لەکاتی هەڵبژاردن هەر ناڕەزاییو ساختەکارییەک هەبێ! ئەم کۆمیتەیە دەسەڵاتی تەواوی هەیەو دەبێ بڕیای بەپەلەی خۆی لەبارەوە بداتو هەموو قەوارە سیاسییەکانیش پابەندبن بەبڕیارەکەیانەوە. هەموو حزبو قەوارەیەکی سیاسی بۆ بەشیداریکردن لەهەڵبژاردنەکان، پاڵێوراوەکانی کە بۆ پەرلەمان پاڵاوتویانە، هەم بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، هەمیش بۆ تەواوی داودەزگاکانی کە بەهەڵبژاردن دێنە پێشەوە، دەبێ ئەم خەسڵەتانەی خوارەیان تێدابێ:

یەکەم هەموو حزبو قەوارەیەکی سیاسی دەبێ لەناو زیاتر لەنیوەی پارێزگاکان، هەیکەلی رێکخستنو ئۆرگانی حزبی خۆی هەبێ. کە لەلایەن کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردنەوە وردبیني و باوەڕپێکراوبێ. بۆ نموونە لەتورکیا 81 پارێزگا

هەیە. هەر قەوارەیەکی سیاسی خۆی بۆ هەر هەڵبژاردنێک کاندید بکات، دەبێ لانیکەم ئۆرگانو رێکخستنی حزبی لە41 پارێزگای تورکیادا هەبێ.

دووەم، هەر ئۆرگانێک لانیکەم دەبێ 6 شەش مانگ پێش هەڵبژاردن، دروستکرابێو کۆنگرەی خۆشیان بەستبێ. واتە بەپێی دەستوور بێ ئەنجامدانی کۆنگرە نابێ.

سێیەم، لەپەرلەمانی تورکیا دەبێ هەر پارتو قەوارەیەکی سیاسی گرووپی خۆی هەبێ.

کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردنەکان، بەرپرسیاریشە لەئامادەکردنو سەرپەرشتیکردنی هەموو جۆرە هەڵبژاردنیک بۆ ئەو هاووڵاتییانەی تورکیاش کە لەدەرەوە دەژین. دەبێ هەموو جۆرە کارئاسانییەکیان بۆ بکات. هیوادارین لەهەرێمی کوردستانیش کۆمیتەیەکی بێلایەنی، یاسایی، پاک دروست بکەین، بۆئەوەی هیچ کەسو لایەنێک نەتوانێ لەهەڵبژاردنەکاندا ساختەکاریی بکات. بەم هەنگاوە دیموکراسییانە کۆمەڵگاکەمان بەرەو مەدەنیەتو پێشکەوتن دەبەین.



## سەرۆکەکانی تورکیا

هەر لەدروستبوونی کۆماری تورکیا لەساڵی 1923 تائەمڕۆ، 11 یانزە سەرۆک کۆمار لەتورکیا هاتوونەتە سەرکارو ئەرکی وڵاتیان گرتۆتە ئەستۆ. یەکەمیان (مستەفا کەمال ئەتاتورک) بوو. ساڵی (1923-1938) وەک سەرۆک کۆماری تورکیا لەسەرکارەکەی مایەوە. ئەتاتورک لەناو سوپاوە هاتبوو و بەدامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیاش ناسراوە. حزبەکەی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)بوو. کە ئێستا لەناو پەرلەماندا گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆنەو سەرۆکەکەی (کەمال قلچدار ئۆغلو)و دووەمین سەرۆک کۆمار، (عیسمەت ئینۆنوو) بوو. ساڵی (1938-1950) کە ئەمیش لەناو سوپاوە هاتبوو. مەئموور بوو. پارتەکەی ئەویش هەر (جەهەپە) بوو. سێیەمین سەرۆک کۆمار (جەلال بەیار) بوو. ساڵی (1950-1960). کاربەدەستی بانک بوو. کارمەندی میریی بوو. سەر بەحزبی دیموکرات بوو. چوارەمین سەرۆک کۆمار (جەمال گورسێل) بوو. ساڵی (1960-1966). خۆی ئەفسەر بوو. لەهیچ حزبێکی سیاسییەوە نەهاتبوو. پێنجەمین سەرۆک کۆمار (جەودەت

سونایی) بوو. ساڵی (1966-1973). ئەمیش لە سوپاوە هاتبوو، پارتی سیاسی خۆی نەبوو. شەشەمین سەرۆک کۆمار (فەخری کۆروتورک) بوو. ساڵی (1973-1980) ئەمیش لەسوپاوە هاتبوو. لەپارتی سیاسییەوە نەهاتبوو. (ئیحسان سەبری چاغلەیانگیل) ساڵی (1980-1982) بەوەکالەت سەرۆکی کۆماربوو.

حەوتەمین سەرۆک کۆمار (کەنعان ئیڤرەن) بوو. ساڵی (1982-1989). ئەمیش لەسوپاوە هاتبوو. ئەندامی حزبێکی سیاسیی نەبوو. بەڵکو بەکودەتای سەربازیی بووە سەرۆک . (کەنعان ئیڤرەن ) بەهۆی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر دەستووری ساڵی 1980، بووە سەرۆک کۆمار.

هەشتەمین سەرۆک کۆمار (تورگووت ئۆزال ) بوو. ساڵی (1989-1993) سەرۆک کۆمار بوو تامردنی. خۆی ئەندازیار بوو. سەرۆکی حزبی ئەناپ بوو. (پارتی نیشتمانی دایک). نۆهەمین سەرۆک کۆمار (سلێمان دیمیریل) بوو. ساڵی (1993-2000). ئەمیش ئەندازیار بوو. سەرۆکی حزبی دۆغرویۆل پارتیسی بوو. (پارتی رێگای راست). دوای ئەوەی بووە سەرۆکی کۆمار، وازی لەحزبەکەی خۆی هێنا.

دەهەمین سەرۆک کۆماری تورکیا (ئەحمەد نەژدەت سزار) بوو. ساڵی (2000-2007) سەرۆکی کۆمار بوو. لەحزبی سیاسییەوە نەهاتبوو. بێلایەن بوو. بەڵام کەمالیست



بوو. یانزەهەمین سەرۆک کۆمار (عەبدوڵڵا گویل )ە لە 28-8-2007 تائێستا سەرۆکی کۆماری تورکیایە. وەزیفەی ئابووریی ناسەو دکتۆرە لەزانکۆی دۆچێنت بوو.

لەمێژووی کۆماری تورکیا دوو سەرۆک کۆمار بەکودەتا هاتونەتە سەرکار. یەکەمیان (جەمال گورسێل) لە 27-5-1960 بەکودەتا بووە سەرۆکی کۆمار. دووەمیان کە بەکودەتا هات (کەنعان ئێڤرەن)بوو لە 12-9-1980 دەسەڵاتی گرتەدەست. ئەوانی تر هەموویان بەهەڵبژاردن هاتوونەتە سەرکار. بەڵام زۆربەیان لەناو سوپاوە هاتوون. لەناو ئەم سەرۆک کۆمارانەی کە بەهەڵبژاردن هاتوون! موستەفا کەمال ئەتاتورک، تاکە سەرۆک کۆماربوو، لەهەموو هەڵبژاردنەکان بەرێژەی 100%ی دەنگەکانەوە هاتووە. 15 ساڵ لەسەر حوکم ماوەتەوە. درێژترین ماوە سەرۆکی کۆماری تورکیا بووە.

(عیسمەت ئینۆنوو) تاکە سەرۆکی کۆمارە! دوای تەواوبونی ماوەکەی، سیاسەتی جێ نەهێشتو لەسەر سیاسەت بەردەوامبوو. دوای کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆک کۆماریشی، (عیسمەت ئینۆنوو) ساڵی (1961-1964) بووە سەرۆک وەزیرانی تورکیا.

جەلال بەیار ساڵی (1970) ناچارکرا واز لەسەرۆکی کۆمار بهێنی. (جەمال گورسێل) بەهۆی کودەتاوە بوو

بەسەرۆکی کۆمار، دوای کودەتا، سەرۆک کۆمار جەلال بەیار گیراو حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام بەهۆی گەورەیی تەمەنییەوە؟ سزای لەسێدارەدانەکەی بۆ گۆڕاو کرایە حوکمی هەتاهەتایی. پاشان ساڵی (1966) لەلایەن سەرۆک کۆمار (جەودەت سونایی) لێبوردنی بۆ دەرچوو.

تورگوت ئۆزالیش لەدوای ئەتا تورک، دووەمین سەرۆکی کۆمارە کە لەکاتی دەوامی فەرمی خۆیدا کۆچی دوایی کرد. لەناو سەرۆک کۆمارەکاندا تەنیا ئەحمەد نەژدەت سزار، سیاسیی نەبوو، بەڵکو یاساناسو مەدەنی بوو. لەدادگای دەستوورییەوە هاتبوو. هیوادارم ئەم زانیاریانە سوودێک بەسیاسییو رۆشنبیران و سەرکردەکان بگەیەنن.



## ئەزموونی نیشتەجێبوون

پێشنیارێک بۆ حکومەتی هەرێم. لەتورکیا دەزگایەکی بیناسازیی لەساڵی 1984 دروستکراوە بۆ دروستکردنی شوقەو یەکەی نیشتەجێکردن، بەنرخیکی هەرزانو رەمزیو بەخشینی بەهاووڵاتیان. ئەم دەزگایە راستەوخۆ بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی وەزیرانەوە. بەتورکی ناوی: («TOKI» Basbakanlık Toplu Konut Idaresı Baskanlıgı) بەئینگلیزی ناوی: (Republıc of Turkey Prime Ministry Housing Development Administration of Turkey.) ناکرێ ئەم ناوە تەرجومەی حەرفی بکرێت. بەڵام ئەم دەزگایە لەعیراقو لەهەندێ لەوڵاتانی عەرەبی پێی دەڵێن: دەزگای گشتی بۆ نیشتەجێکردن، یان دەزگای میری بۆ نیشتەجێکردنی هاووڵاتیان. هەیکەلی ئەم دەزگایە بریتیە لە یەک سەرۆکو 5 پێنج جێگری سەرۆک. جێگرەکان راستەوخۆ بەستراونەتەوە بەسەرۆک و هەریەکەیان لێپرسراوی بابەتێکن، جێگرێک بۆ لێپرسراوی دارایی، جێگرێک بۆ ئیدارە، بۆ پرۆژەکان بۆ کاروباری تەکنیکی. هەروەها بیرۆی

ناردن، بیرۆی یاسا، بیرۆی پرۆژەکانو بیرۆی راوێژکارانی سەرۆک. ئەمانە هەموویان راستەوخۆ بەستراونەتەوە بەسەرۆکی (تۆکی). هەروەک بیرۆی پێرسۆنالو بیرۆی پەروەردەش هەیە، کەهەمووی پەیوەندییان بەسەرۆکەوە هەیە. تۆکی بودجەکەی ساڵانە لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێتو راستەوخۆش بەیاسا بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

لەساڵی 1984 تاکو ساڵی 2002 تۆکی کریدیتی بانکی داوەتە (950) هەزار هاووڵاتی بۆ خانوو دروستکرن. هەروەک دەزگای (تۆکی) خۆشی (43, 145) یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ هاووڵاتیان بەنرخێکی هەرزان دروستکردووە. لەساڵی 2003وە (تۆکی) ئەرکو ئامانجو سیستمی خۆی گۆڕی. ئێستا ئەرکی (تۆکی) ئەنجامدانی ئەم کارانەیە:

1- تۆکی یان خۆی راستەوخۆ شوقەو یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکات یان بەهاوکاریی لەگەڵ یەکێ لەکۆمپانیا ئەهلییەکان دروستی دەکات.

2- کریدیتی بانکی بۆ دروستکردنی شوقەو یەکەی نیشتەجێبوون دەداتە هاووڵاتیان، مەعماریو جوانکاریو شێوەی دروستکردنی دێهاتەکان دەگۆڕێو جوانتریان دەکات. ئەم شوقەو خانوانەی بەتەجاوز دروستکراون!



لەبناغەوە تێکیان دەداتو سەرلەنوێ بەنرخێکی گونجاو بۆ هاووڵاتیان دروستیان دەکاتەوە لەسەر شێوەی ساختومانی ستوونی. کە بەشەش مانگ ساختومانێکی 12دوانزە نهۆمی دروست دەکات. ساختومانە مێژووییەکان دەپارێزێتو نۆژەنیان دەکاتەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانەش هەر کۆمپانیایەکی ئەهلی پرۆژە بهێنی راستەوخۆ (تۆکی) ئیحالەیان دەداتێ. 3- تۆکی خانوو، شوقە، یەکەی نیشتەجێبوون، کەنالو ئاوەڕۆ، باخچەو پارک، شوێنە گشتییەکان، هەمووی دروست دەکات گەر پێویستیشی کرد بەکۆنترات دەیداتەوە کۆمپانیا ئەهلییە خۆمالییەکان.

4- لەو شوێنانەی ئافاتو بومەلەرزەی لێ ڕوودات! پێویست بکات تۆکی خۆی خانوو، شوقە، قوتابخانە، نەخۆشخانە، پرد، ڕێگاوبان، مەجاری، هەموو شتێکی بۆ نیشتەجێبوونو ژیان پێویست بێت لەماوەیەکی کەم دروستیان دەکات.

لەساڵی 2003وە تۆکی لە (81) پارێزگاو (800) قەزای تورکیا (557, 850) دانە خانووی بۆ نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان دروستکردووە. ئەم خانوو شوقانەی بەنرخێکی هەرزان بۆ هاووڵاتیان دروستکردووەو کارئاسانی بانکیشی بۆ کردوون بۆئەوەی بتوانن بەئاسانی مانگانە قەرزەکانیان

بدەنەوە. واتە هەرزانیی کردیتی بانقی. کەمی بڕی پارەی گەڕاندنەوەی قەرزەکانیان.

ئەگەر هاووڵاتییەکی تورکی بیەوێ لەشوقەکانی کە تۆکی دروستیان دەکات! سودمەند بێت؟ دەبێ ڕەچاوی ئەم مەرجانە بکات:

1- داواکار پێویستە هاووڵاتی تورکیا بێت.

2- هاووڵاتی دەبێ لایەنیکەم ماوەی ساڵێک لەم شوێنە ژیابێت کە داوای وەرگرتنی یەکەی نیشتەجێبون یان شوقەی تیادا دەکات. جا پارێزگا بێت یان قەزا.

3- هاووڵاتی نابێ داوای یەکەی نیشتەجێبون بکات ئەگەر پێشتر وەریگرتبێت یان لەوەرگرتنی کریدیتی بانکی سودمەندبووبێت. جگە لەخێزانی شەهیدو سەقەتو هێتیم. ئەوانە مافی وەرگرتنیان هەیە.

4- داواکار نابێ، نەخۆی نەخێزانیو نە منداڵەکانیشان موڵکیان بەناوەوە بێت. جگە لەخێزانی شەهیدو کەمئەندامو هێتیم. ئەوانە بۆیان هەیە.

5- داواکار نابێ تەمەنی لە 25 ساڵ کەمتربێت، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر ژنێک مێردەکەی مردبوو خۆشی تەمەنی لەخوار 25 ساڵ بوو، ئەوە مافی وەرگرتنی هەیە. پیاوەکەش ئەگەر ژنەکەی مردبوو لەخوار 25 ساڵ بوو مافی وەرگرتنی هەیە.



6- هەرخێزانێک (ژنو پیاو منداڵەکان) یان، ئەگەر کۆی مووچەکەیان مانگي لەبڕی (2,600) لیرە زیاتر بوو! ئەو خێزانە مافی داواکردنو وەرگرتنی یەکەی نیشتەجێبوونی نییە. تەنها ئەوانەی لەئیستانبول دەژین دەبێ کۆی مووچەکانیان لە (3,100) لیرە تێنەپەڕێ، چونکە ژیان لەئیستانبول زۆر گرانە.

7- لەخێزانێکدا تەنیا یەک کەس مافی هەیە، داوای یەکەی نیشتەجێبون بکات. بۆ نموونە ئەگەر ژنەکە یان پیاوەکە یەکێکیان وەریان گرتبوو ئەوانی تر کەسیان بۆیان نییە داوابکەن.

لەکوردستان بۆ دەزگایەکی لەم بابەتە دروست ناکەین؟ کە سەر بەحکومەتی هەرێم خۆی بێ، ژمایەکی زۆر ئەندازیاری بیناسازی، مەدەنیو کارەبامان لەهەموو وەزارەتەکاندا هەیە. دەکرێ سوود لەتواناکانیان وەربگیرێت. لەئەنجومەنی وەزیران کۆبکرێنەوەو کاربکەن. ئامێرو ئالیاتی زۆری بیناسازیمان هەیە. لەباتی ئەوەی بەڵێندەری بێگانە، بێنە کوردستان. زەوی بەلاش یان بەنرخێکی ڕەمزی وەربگرن! زۆربەیان نەخشەیەک دەهێنن لەمیدیاکان پڕۆپاگەندەی بۆ دەکەن. پارەکەش هی خۆیان نییە. لەهاووڵاتیانی کوردستان مانگانە وەریدەگرن. تەنیا هەندێ ئالیاتو کرێکاری فەنی دەهێنن. شوقەو خانوو دروست

دەکەن. بەزەوی خۆمان، بەپارەی خۆمان. تێچووی هەر شوقەیەک کە ئەوان دروستی دەکەن، (47تا57) هەزار دۆلارەو زیاتر نییە. کەچی هەر شوقەیەک لەسەرووی (100) هەزار دۆلار دەفرۆشنەوە. بۆخۆیان بەرێگای وەبەرهێنان قازانجێکی باش دەکەن. پارەی کوردستان دەگوازنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، باج نادەن. ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێمی خۆمان تێناگەم؟ بەزەوی خۆمان، بەپارەی خۆمان تەنانەت بەهەندێ لەکرێکارەکانی خۆشمان. بەڵێندەری بێگانە قازانجی خۆی دەکاتو دێت دەیانو سەدانو هەزاران دۆنم زەوی بەناوی وەبەرهێنانەوە وەردەگرێ، نازانم زەوی ماوە لەکوردستان تا دابەشبکرێ؟ داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەم، بەسیستمی وەبەرهێناندا بچێتەوەو لەسەر شێوەی (تۆکی) دەزگایەکی خانووبەرە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان دروست بکات. لەتورکیا تۆکی لەسەر 800 مەتر دووجا، ساختومانێک دروست دەکات کە زیاتر لە 12 قاتو 70 حەفتا شوقەی تێدایە. هەمووشی لەماوەی 6 مانگدا دروستدەکات. تاکەی پارەی کوردستان، بۆ (ئۆتۆمبێل کڕینو شوقە دروستکردن) بدرێتە بەڵێندەرە بێگانەکانو ڕەوانەی دەرەوە بکرێت؟



# سیستمی تەندروستی

سیستمی داو و دەرمان لەتورکیا زۆر بەووردی کۆنترۆڵ دەکرێ. داوو دەرمان لەتورکیا تەنیا لەدەرمانخانەکان دەفرۆشرێ. ئەویش بەڕەچەتەی دکتۆر.

لەتورکیا ڕێکخراوێک هەیە بەناوی ڕێکخراوی دەرمانخانەکانی تورکیا کە هەموو دەرمانخانەکان ئەندامن لەم ڕێکخراوەداو هەموویان بەستراونەتەوە بەم یەکێتییەوە. هەروەها لەهەموو پارێزگایەکی تورکیاشدا ژوورێک هەیە بەناوی ژووری یەکێتی دەرمانخانەکان، کە هەموو دەرمانخانەکان بەم ژوورەوە بەستراونەتەوە. ئەرکی ئەم ژوورەو ئەرکی وەزارەتی تەندروستی تورکیا کۆنترۆڵکردنی هەموو دەرمانخانەکانە بەشێوەیەکی زۆر وردو بەردەوام. لەتورکیا سێکتەری داوو دەرمان زۆر گەشەی کردووە لەڕووی دروستکردنی داوو دەرمانو فرۆشتن بۆتە بازاڕێکی زۆر گەورە، لەتورکیا زیاتر لە 4,971 دانە دەرمان دروست دەکرێ. بۆ زیاتر لە 100 وڵاتی جۆراو جۆریش دەرمان دەنێرێو دەفرۆشی. ساڵی 2011 تورکیا زۆرترین هەناردەی دەرمانی بۆ ئەڵمانیاو عیراقو سویسرا بووە. داهاتی ساڵی

2011ی تەنیا لەفرۆشتنی دەرمان 512 ملیۆن دۆلار بووە. لەتورکیا 72 کارگەی دروستکردنی دەرمان هەیە. لەسێکتەری داوو دەرماندا تورکیا لەڕیزی حەوتەمینە لەئەوروپاو لەدنیاشدا لەڕیزی شانزەهەمین وڵاتە، کە بازاڕی دەرمانی گەورەیەو فرۆشیکی زۆری هەیە.

لەبواری کاروباری دەرماندا دەتوانرێت جۆرەها سەختەکاریی ئەنجام بدرێت. تورکیا ئەم جۆرە ساختەکارییانەی بەم شێوەیە کەم کردۆتەوەو چارەسەرکردووە:

1- هەر دەرمانێک لەهەر کارگەیەک دروست بکرێ، کۆدو ژمارەیەکی تایبەتی دەداتێ. ئەم کۆدو ژمارەیە لەهیچ دەرمانێکی تردا نییە.

2- ئەم ژمارە یان ئەم کۆدە شوناسنامەی ئەم دەرمانەیە.

3- لەم ژمارەو کۆدەدا ئەوە دەردەکەوێ کە ئەم دەرمانە ناوی چییە؟ لەکوێ دروستکراوە؟ ناوی شەریکەکەی چییە؟ کەی دروستکراوە؟ نرخی چییە؟ تەواوی زانیارییە پێویستییەکانی لەسەر تۆمارکراوە. ئەم کۆدە بخوێنیتەوە، هەموو زانیارییەک لەسەر ئەم دەرمانە هەبێ دەردەکەوێ.

4- لەکارگەی ئەم دەرمانە بەهەر کۆدو ژمارەیەک دەربچێ، بەهەمان ژمارەو کۆد ئەم دەرمانە دەنێردرێتە



کۆگاکان. لەکۆگاکانیش دابەشی سەر دەرمانخانەکان دەکرێت. ئەم کۆدە بەهیچ شێوەیەک نابێ بگۆڕدرێت. دەرمانخانەکانیش دەرمانەکە بەهاووڵاتیان دەفرۆشنەوە. هەر دەرمانێک ژمارەو کۆدی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە ناتوانرێت هیچ دەرمانێک ساختە بکریت، چونکە ئەم کۆدو ژمارەیە لەدەرمانێکی تردا نییە.

5- لەکاتی فرۆشتنی دەرمانەکاندا لەدەرمانخانە. کاتێ کۆدەکە دەخوێنرێتەوە. یەکسەر هەموو زانیارییەکان لەسەر ئەم دەرمانە ئۆتۆماتیکي دەردەچنو دەزانرێت ئەم دەرمانە ئەسلییە یان سەختەکراوە. دیارە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیشەوە بەتایبەتیو بەوردی کۆنترۆڵێکی بەردەوامی دەرمانخانەکان دەکرێو لەژێر چاودێریی ورددان.

هەر دەرمانخانەیەک کارێکی ساختەکاریی بکات، وەزارەتی تەندروستی مۆڵەتی وەرگرتنی دەرمانخانەکەو دیپلۆمی سەیدەلانییەکەی یەکسەر لێ وەردەگرێتەوەو سزایەکی گەورەشی دەداتو دەرمانخانەکەش دادەخرێت.

لەکوردستان چۆنە نازانم؟

## نوێنەرایەتی کورد لەدەرەوە

کاتی ئەوە هاتووە لەدەرەوەی وڵات کورد هەوڵبدات ژمارەی نوێنەرایەتی‌و مەکتەب‌و ئەو ئۆفیسانەی کە حزبەکان هەیانە، کەمیان بکاتەوەو یەکیانبخات. نازانم بۆ دەست پێناکەین! چاوەڕێی چی دەکەین؟ بۆ بەکردەوە هەنگاو نانێین‌و دەستناکەین بەیەکخستنەوەو کەمکردنەوەی ژمارەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی حزبەکان‌و یەکخستەوەو ڕێکخستنەوەیان لەیەک مەکتەبی سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟

بۆ ئەم مەبەستە دوو پێشنیاز دەخەمە بەرچاوی یەکێتی‌و پارتی، تەنانەت هەموو حزبەکانی تریش، چ ئەوانەی لەحکومەتن، یا ئەوانەش کە لەئۆپۆزسیۆنن. پێشنیازی یەکەم، لەو وڵاتانەی کە قبوڵیانە، با هەوڵدەین، مەکتەبەکانی پەیوەندیی سەر بەحزبەکان یەکبخەین لەژێر ناوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی مەکتەبی خۆی کردۆتەوە. لەو مەکتەبانەشدا با هەموو حزبەکان نوێنەریان هەبێت،



لێپرسراو و جێگرێکی هەبێت، پێکهاتەو هەیکەلەکەشی لەسەر شێوەی هەیکەلی باڵیۆزخانە بێت. بێگومان هەم نوێنەری ئەو حزبانەی کە لەحکومەتن، هەمیش ئەوانەی کە لەئۆپۆزسیۆنن. وەک ئێستای باڵیۆزخانەی عیراق. ئێستا بەشی زۆری باڵیۆزخانەکانی عیراق نوێنەری هەموو حزبە عیراقییەکانی تێدایە، هەندێکیان بوونەتە باڵیۆز، هەندێکیشیان بوونەتە دیپلۆمات‌و لەو باڵیۆزخانەیەدا کاردەکەن. باشە کورد لەناو خۆیدا بۆ نەتوانێ ئەمە بکات؟ ئەگەر ئەمە بکەین! یەکگرتووتر دەبین، مەسرەف کەمدەبێتەوە، بایەخمان زیاتر پێدەدرێت. هەموو حزبەکان ئەو مەکتەبە بەهی خۆیان دەزانن. کۆمەڵێک سوودی گرنگی تری دەبێت. مانای چییە حکومەتی هەرێم مەکتەبی رەسمی خۆی هەبێت؟ کەچی ئێمەش یەکێتی‌و پارتی نوێنەرایەتییەکانی خۆمان بەم شێوەیەی ئێستا بهێڵینەوە؟ کەواتە خۆمان بایەخ بەحکومەتەکەمان نادەین؟

پێشنیازی دووەم، ئەگەر لەبەر هەر بڕوبیانوویەک بڵێین پێشنیازی یەکەم زەحمەتەو نابێ؟ باشە لەباتی ئەمە، بابێین هەردوولامان، یەکێتی‌و پارتی، لەوڵاتانی هاوسێ‌و ناوچەکە لە (ئێران، تورکیا، سوریا، میسر، ئوردن)، مەکتەبەکانمان یەکبخەین‌و بیانکەین بەیەک مەکتەبی حزبی. کە نوێنەری هەردوولای تێدابێت. پێشموایە لەتورکیا قۆناغی

یەکەم ئێمە دەتوانین ئەمە بکەینو ئەم هەنگاوە جێبەجێبکەین. بەمەش راناوەسم، تەنانەت کاتی ئەوە هاتووە سەرۆکایەتی هەرێم بەفەرمی داوا لەتورکیا بکات کە ئۆفیسێک بەناوی ئۆفیسی (KRG) مان لەئەنکەرە یان لەئیستانبول بۆ بکاتەوە. لانیکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو کۆمپانیا کوردیو تورکییانەی کە کێشەی بازرگانییان لەگەڵ یەکتری هەیە. پاشانیش وردە وردە بەتێپەڕبوونی کات ئەو ئۆفیسە خۆی دەبێتە ئەمری واقیع و دەبێتە ئۆفیسێکی سیاسیو دیپلۆماسی فەرمی.

کاتی خۆشی یەکەمجار کە یەکێتیو پارتی نوێنەریان لەئەنکەرە دانا، سەرەتا وەک کەسێکی پەیوەندیی بوو. پاشان وردە وردە پەیوەندییەکانی هەردوولا گەشەیان کرد. ئۆفیسەکانیش شەرعیەتێکی فەرمیتریان وەرگرتو وەک ئێستا کە دەیانبینن چەند چالاکن. بەڕاستیو بەجدی کاتی ئەوە هاتووە بەڕاشکاونە لەکۆبوونەوە فەرمییەکانمان سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی عیراق لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ تورکەکان قسە بکەن ئەو داواکاریەیان پێشکەش بکەن. بەندە ئەم داواکارییە بەپێویستو زەروری دەزانم. پێشموایە شتێک نییە کۆسپ بێت لەپێشیداو ئاستەم بێت. بەتایبەتیش کە ئێستا پەیوەندییەکانی هەرێمو تورکیا بەتایبەتی لەڕووی ئابووریيو بازرگانی نەوتو گازەوە پێی



ناوەتە قۆناغێکی زۆر گرنگو بایەخدارەوە. کە جێگای بایەخی هەموو کۆمپانیا گەورەکانی تورکیاو تەنانەت، حکومەتی تورکیاشە. هیوادارین هەرێم لەم بوارانەدا هەنگاو بنێتو هەوڵی زیاتري یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردی بدات.

# دیاردەی خۆکوشتن

له 10ساڵی ڕابردوودا، (27.269) کەس بەهۆکاری جیاجیا لەتورکیا خۆیان کوشتووەو ئینتیحاریان کردووە. بەپێی سەرژمێریی ئێستا، ڕێژەی خۆکوشتن، بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو بەرێژەی 350% زیادیکردووە. خۆ ئینتیحارکردنو یا خۆکوشتن لەتورکیا لەناو گەنجەکان زۆر باوە. ئەویش لەتەمەنی خوار بیستو پێنج ساڵیدا زیاتر روودەدات.

بەپێی رای پسپۆران زیادبوونی رێژەی ئینتیحارو خۆکوشتن بەگشتی لەتورکیا دەگەڕێتەوە یەکەم بۆ زیادبوونی رێژەی توندوتیژیی زمانی سیاسەت، بێئەوەی کەسایەتییە سیاسییەکان هەستی پێبکەنو لەکاتی قسەکردنیاندا زۆر وشەی توندوتیژو شەڕانگێزی لەدژی یەکتری بەکاردەهێنن کە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر هەستی گەنجەکانو دەوروبەرێکی شەڕاوییان ناڕاستەوخۆ بۆ دروستکراوە. هۆکاری دووەمی ئینتیحارو خۆکوشتن پسپۆران دەیگێڕنەوە بۆ کێشەی بێکاریو ناخۆشی باری ئابووریی گەنجەکان. ئەمرۆ لەتورکیا رێژەی بێکاری گەیشتۆتە 14%و



لەناو گەنجەکاندا گەیشتۆتە 25%، واتە لەهەر چوار گەنج، دانەیەکیان بێکارە.

لەماوەی دواییدا ئینتیحارکردنی سەرووی تەمەن 50 ساڵیش لەتورکیا دەستیپێکردووە. لەتورکیا ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 40-50 ساڵیدایەو رێژەی خۆکوشتن تێیاندا زۆر دەگمەنە. لەتورکیا ئینتیحارکردن زیاتر لەناوچەکانی رۆژئاوای ئەنەتۆلیاو شارە گەورەکان زیاتر روودەدات. ئەو کەسانەی خۆشیان ئینتیحار دەکەن زیاتر یان ئافرەتو کچن. واتە تا کورێک خۆی دەکوژێ، چوار کچ خۆیان دەکوژن. بەتایبەتیش لەشارەکانی دیاربەکر، بەتلیس، ئورفە، سیواس، ئۆردو. لەم شارانەدا خۆکوشتنی ژنان زۆر لەهی پیاوان زیاترە.

خۆ ئینتیحارکردنو خۆکوشتنی گەنجەکان لەتورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: گێنەتیک رۆڵێکی گرنگی هەیە. هەندێ خێزان هەیە خۆکوشتن بۆتە پیشەیانو بۆتە ویراسی بۆیان.

دووەم: لەڕووی فیسیۆلۆجییەوە هەندێکیان کێشەیان هەیە.

سێیەم: ئەلکهولو مادە هۆشبەرەکان.

چوارەم: رۆیشتن لەتەمەنی منداڵی بۆ تەمەنی گەنجیی.

پێنجەم: کێشە لەناو خێزان.

شەشەم: مەسەلەی عیشقو خۆشەویستی.

حەوتەم: ژیانی تەنیایی.

هەشتەم: لەدەستدانی خۆشەویستێک.

نۆیەم: کێشەی داراییو قەرز.

**دایکانو باوکان چیبکەن باشە؟**

1- ئەگەر دایکو باوکان زۆر هێرش بکەنە سەر منداڵەکانیانو بەچاوێکی سوکو بێ نرخ سەیریان بکەن! لەم حاڵەتەدا منداڵەکە کێشەی دەروونی بۆ دروست دەبێ. پاشان ئەگەر پارەشی بدەنێو هاوکاریشی بکەن! هیچ سوودی نییە، بەڵکو دەبێ شانبەشانی پارەپێدانو هاوکاریکردنی منداڵەکە، خۆشەویستی بدەنێ.

2- بۆئەوەی گەنجەکان کەسایەتیی خۆیان دروست بکەنو بپارێزن، پێویستە هاوکارییو پشتیوانی دایکو باوکیان لەڕووی مۆراڵەوە هەبێ! لەباتی ئەوەی خۆیان لێ توڕە بکەنو بەچاوێکی نزم سەیریان بکەنو هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن. دەبێ لوتفو خۆشەویستی لەنێوانیاندا زمانی لێک تێگەیشتن بێ.

لەتورکیا لە 10ساڵی ڕابردوودا، (27.269) کەس خۆی کوشتووە. هەرساڵێکیش نزیکەی (2.800) کەس خۆی ئینتیحار دەکاتو خۆی دەکوژێ.



تورکیا ژمارەی دانیشتووانی، نزیکەی 74 ملیۆن کەسە.

ئەی لەکوردستاندا ساڵانە چەند کەس خۆی دەکوژێ؟

## کۆنگرەی BDPو دۆخی ئازادیی تورکیا!

کێشەی سیاسی کورد لەتورکیا بەگشتی و کێشەی پەکەکەو پارتی ئاشتی و دیموکراسی بەتایبەتی، کێشەیەکە ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی لەناو پەرلەمانی تورکیاو رۆژنامەنووسو مێدیاکان، قسەو باسی زۆری لەسەر دەکرێ. ئەردۆغان لەکۆنگرەکەی پارتی دادو گەشەپێدان، وتی ئێمە لەداهاتوودا چارەسەری سیاسی بۆ کێشەی کورد دەدۆزینەوە. بەچەند رۆژێک پێش ئەوەش، وتی لەگەڵ ئیمرالی وتوێژەکانمان بەردەوام دەکەینەوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یش ئەمە چەندین ساڵە لەکۆبوونەوە فەرمی و نافەرمییەکانی خۆی لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیادا، هەمیشە دووپاتی کردۆتەوە کە ئەم کێشەیە بەبێ ئۆجەلان و پەکەکە چارەسەرناکرێ. تەنانەت بەندە لەدوو چاوپێکەوتنی جیاوازدا، کە پێش ساڵێک لەگەڵ رۆژنامەی کوردستانی نوێ و ئاوێنەدا ئەنجامم داوە، بەمانشێت ئەوکاتی بڵاویانکردەوە، کە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەئەنقەرە دەڵێ «کێشەی کوردی لەتورکیا بەبێ بەڕێز ئۆجەلان و پەکەکە چارەسەرنابێ». ئینجا بەستنی



کۆنگرەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە 14-10-2012 کە بەپێی یاسا دەبێ هەموو پارتێکی سیاسی لەتورکیا کۆنگرەی خۆی دوو ساڵ جارێ لەپایتەخت (ئەنقەرە)دا ببەستێ! ئەم کۆنگرەیەش بەم قەبارەو ژمارە زۆرەی کە کورد تیایدا بەشداربوو، هەنگاوێکی یەکجار گرنگ و رووداوێکی گەورەبوو. پار ساڵ دیسان بەپێی یاسا، کۆنگرەکەیان لەئەنقەرە بەست. تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوەت کرابوو. بەندە وەک نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەجلی کوردییەوە لەگەڵ هاوسەرەکەم کە وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووین وتارێکی گونجاویشمان لەکۆنگرەکەدا خوێندەوە، مایەی پەسەندی کۆنگرەکەش بوو.

کۆنگرەی ئەمجارەشیان کە لەلایەن زیاتر لە 70 حەفتا کەناڵی سەتەلایت و لۆکاڵی راستەوخۆ پەخش دەکرا بەڵگەی ئەوەیە کە ئێستا قسەکردن لەم وڵاتە بەئازادی لەسەر چارەسەری سیاسی کێشەی کوردو ئازادکردنی ئۆجەلان، کارێکی ئاساییە. یەکەمین جاریش بوو ئەم هەموو پارت و لایەنە سیاسییەی هەر چوار پارچەی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ئاوادا بەئاشکرا بەشداری بکەن و کارێکی نهێنیش نەبوو. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە کوردی پارچەکانی تری کوردستانیش بتوانن بەئاشکراو بەفەرمی

لەکۆنگرەی پارتی ئاشتیو دیموکراسیدا بەشداری بکەنو وتار بەکوردی بخوێننەوە.

وەفدی یەکێتیی لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار، کە چووینە کۆنگرەکە، ئەم راستیانەمان هەمووی خوێندۆتەوەو بەچەپڵە رێزان پێشوازییان لێکردین. پێشتریش هەڤاڵ مەلا بەختیار سەرەباسی وتارەکەی ئامادەکردبوو نەک لەسەر شانۆ قسەکانی هۆنیبێتەوەو لەخۆیەوەو لەپڕ دەستی بەقسەکردن کردبێ! وتارەکە هەڵوێستی نەگۆڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و خوێندنەوەی هەمەلایەنەی ئەم بارودۆخە سیاسییەی جیهانو ناوچەکەو تورکیاو کوردستان و ئێستایە. وەک دەزانن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان –یش راهاتووە کە قەت نابێ بەپاشکۆی رووداو. رۆژنامەکانی تورکیاش بەتایبەتی رۆژنامەی تەرەف، بەبایەخەوە باسی بەشداربوونی هەڤاڵ مەلا بەختیارو پێشوازیی گەرم لێکردنی وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردووە. هەلێکی ئازادبوو، یەکێتی بیروڕاو هەڵوێستەکانی بێ پەردە بڵاوبکاتەوە. پێم وایە، هەلەکەش باش قۆزرایەوە. بەداخەوە تاکوتەرا هەن هێشتا لەو راستییە گشتییانەی کە رۆژانە لەتورکیا روودەدەن بێ ئاگان!



# رۆژنامەو چاپەمەنی

عوسمانییەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لەناو میللەتە جیاوازەکانی ناوچەکە هەوڵیاندا جۆرەها رۆژنامەی رۆژانە دەربکەن. لەدواییشدا دەستیانکرد بەدەرکردنی رۆژنامە بەزمانی تورکی. ژمارەی رۆژنامەکان بەجۆرێک زیادیکرد کە پێویست بوو بۆ رێکخستنی ئیشوکاری رۆژنامەکان، رێکخراوێکی بۆ دروست بکەنو لەم رێکخراوەدا کاروبارەکانیان رێکبخەن. بۆ ئەم مەبەستەش یەکەمینجار لەساڵی 1862 لەزەمانی عوسمانییەکان (مەتبوئات مودورلویو)، واتە بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنییان دروستکرد. لەساڵی 1984 دەوڵەتی تورکیا ئەم ناوەی گۆڕی بۆ (باسن یاین ئینفەرماسیۆن کەنال مودورلویو) واتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندنو چاپەمەنی. راستەوخۆش بەستایانەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە. لەساڵی 1862 تا ئەمرۆ، شەستو شەش دانە بەڕێوەبەری گشتی هاتوونو رۆیشتون. لەناویاندا جگە لەتورک، خەڵکی سەر بەنەتەوەکانی تریش ئەم پۆستەیان بەڕێوەبردووە.

لەتورکیا لەڕووی میدیاوە، بەیاسا هەموو شتێک ڕێکخراوە. وەک کوردستانی عیراق نییە ڕۆژنامەنوسێ بێ بەئارەزووی خۆی لەسەر زاری یەکێک یان بەبێ بەڵگە، بەبێ هیچ دیکۆمێنتێکی باوەڕپێکراوی فەرمی لەلایەن دادگاوە هەواڵێکی هەڵبەستراو و نادروست دەربارەی کەسێ بڵاوبکاتەوە. پاشانیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ. بێ ئەوەی حیسابێ بۆ ناوزڕاندنی ئەم کەسە بکا؟ بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسێ لەڕۆژنامەیەک لەسەر یەکێ هەواڵێ بڵاودەکاتەوە! بێگومان ئەو کەسە مافی خۆیەتی ڕوونکردنەوە، یا ڕاستکردنەوە بنێری بۆ ئەو ڕۆژنامەیە بۆئەوەی بۆی بڵاوبکەنەوە. ڕوونکردنەوەکە دەبێ لەلایەن کاتب عەدل تەسدیق بکرێ. بەپۆستی فەرمی بنێردرێ بۆ ڕۆژنامەکە. دوای وەرگرتنی ڕوونکردنەوەکە لەلایەن ڕۆژنامەکە، تەنیا 3 ڕۆژ ڕۆژنامەکە مۆڵەتی هەیە. پاش ئەم 3 ڕۆژە ڕۆژنامەکە ناچارە بەهەمان فۆنت، لەهەمان لاپەڕە، لەهەمان شوێن ئەم ڕوونکردنەوەیە یای ئەم ڕاستکردنەوەیە بڵاوبکاتەوە. ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەکە ئەم کارەی پێشێلکردو دوای 3 سێ ڕۆژ، ڕوونکردنەوەکەی بڵاونەکردەوە؟ ئەو کات ئەو کەسە ئۆتۆماتیکی سکاڵای خۆی لەسەر ڕۆژنامەنووسەکەو لەسەر خودی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە لەلای دادوەری گشتی تۆمار دەکات. ئەم سکاڵایەش پێی



دەڵێن (تەزمینات داواسی). بەدڵنیاییەوە ڕۆژنامەنووسەکەو سەرنووسەری ڕۆژنامەکە هەردووکیان دوو سزا وەردەگرن. یەکێکیان چونکە ڕۆژنامەکە لەکاتی خۆیدا ڕوونکردنەوەکەی بڵاونەکردۆتەوە. دووەمیشیان ئەگەر هەواڵەکە دروستکراوبوو، ڕۆژنامەنووسەکە سزای پارەیی زۆر وەردەگرێو دەشبێ بیدات. خۆ ئەگەر هەواڵەکەش ناڕاست بوو، ئەگەری زیندانکردنیشی تێدایە. چونکە بەپێی یاسای دەزگای پەخشو ڕاگەیاندن، ناوزڕاندنی خەڵک بەبێ هۆو بەبێ بەڵگەی سەلمێنراو لەلایەن دادگاوە! بەهیچ شێوەیەک قبووڵ ناکات. واتە دادگا بەپێی جۆری نووسینەکە سزای پارەو زیندانی ڕۆژنامەنووسەکەو سەرنووسەرەکە دەستنیشان دەکا! بەکورتی لەتورکیا کەس بۆی نییە جنێو یا هەواڵێ دەربارەی یەکێک بڵاوبکاتەوە، ئەگەر بەڵگەی سەلمێنراوی نەبێ. چونکە ئەگەر وانەبێ لەوڵاتێکی گەورەی وەک تورکیا کە ئەم هەموو ڕادیۆو ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆنو کەناڵی میدیایەی تێدایە، جۆرەها کێشەو گرفت لەنێوان هاووڵاتیو ڕۆژنامەنووس دروست دەبێ. ئەم سەرژمێرییە دەخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز: لەتورکیا 247 کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی، 1057 ڕادیۆ لەناو تورکیا، 205 دانە تەلەفزیۆنی سەتەلایت، 63 ڕادیۆی کە بەسەتەلایت بۆدەرەوە وەردەگرێ، هەیە. هەروەک 101 دانە تەلەفزیۆنی

بەڕێگای کابلۆوە وەردەگرێ، 38 دانە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، 19 دانە ئاژانسی دەنگوباس، 34 دانە گۆڤاری هەفتانەو مانگانە، 179 دانە کەناڵی تەلەفزیۆنی بێگانە لەتورکیا مۆڵەتی پەخشیان هەیەو هەواڵ بۆ وڵاتەکانیان دەنێرن. بەگشتی 503 دانە کەناڵی تەلەفزیۆنیو 1120 هەزارو سەدو بیست دانە رادیۆ لەتورکیا هەیە. ڕۆژنامەگەرییو راگەیاندن لەتورکیا زۆر زیندووە. مرۆڤ دەتوانێ باسی هەموو بابەتێ بکات ئەگەر لەگەڵ رای رەسمی دەوڵەتیش نەگونجێت.



## یاسای پیرۆزییەکان

لەکوردستانی ئازاد، گفتوگۆیەکی زۆر دەربارەی دەرچوونو دەرنەچوونی یاسای پیرۆزییە ئاینییەکان ئەنجامدەدرێ. ئەمەش لەکاتێکدایە، کە هێشتا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگاکەمان یاسای زۆر گرنگی تر هەیە، کە پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی بواری مەدەنی گرنگی پێبدەن و بەشێوەیەکی چڕو خەست خۆیانی پێوە خەریک بکەن و دەربچێ. کەچی ئەم یاسایانە تا ئێستا دەرنەچووە. جێگای داخە کاتێکی زۆر بەم مەسەلەیەوە دەکوژن، کە لەبنەڕەتدا دەرکردنی یاسایەکی لەمجۆرە پێویست ناکات. چونکە خەڵکی کوردستان خۆی هۆشیاری تەواوی هەیە. دەزانێ کە نابێ سووکایەتی بەپیرۆزیی ئاینییەکان لەکوردستان بکرێت. بۆیە وەک نووسەرو ڕۆژنامەنووسێک داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەم ئەم رەشنووسی یاسایە، بۆ گفتوگۆکردن نەهێنێتەوە ناو پەرلەمانی کوردستان و ئەم پرۆژە یاسایە ڕابگرن.

دەرچوونی یاسایەک لەم بابەتە هەرچۆنێک لێکدەدرێتەوەو لێکبدرێتەوە! بەرتەسککردنەوەی تەواوی ئازادییەکانی مرۆڤە. گێڕانەوەی کۆمەڵگایە بۆ دواوە. زیان گەیاندنە

بەپرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان. لەباتی ئەوەی هەندێ لەئەندامانی پەرلەمان و لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان، خۆیان بەکێشە گرنگەکانی ترەوە خەریک بکەن وەک مەسەلەی نەتەوایەتی، کێشەی کەرکوک، بەهێزکردنی گیانی تەباییو برایەتیی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان و قووڵکردنەوەی گیانی هاریکاریکردنی یەکتری و هەوڵدان بۆ زیاتر لەیەکتری گەیشتن! ماوەیەکی زۆرە گفتوگۆیەکی دوورودرێژ ئەنجامدەدەن، کە پێویست نییە. دەرچوونی یاسایەکی لەمجۆرە، دژی دیموکراسییە، دژی بیروباوەڕی ئازادە لەکوردستان. بۆیە دژی دەرچوونی یاسایەکی لەمجۆرەم و دەنگی ناڕەزایی خۆم لەبەرامبەریدا بەرزدەکەمەوە.

پێش چەند ڕۆژێک لەڕانیە چەند کەسێک هەڵیان کوتایە سەر دوکانی مەشروبات، ئەم هەنگاوە پێچەوانەی یاساو بازاڕی ئازادو پرۆسەی دیموکراسییە لەکوردستان. لەتورکیا نزیکەی 10 ساڵ زیاترە پارتی دادو گەشەپێدان حوکمڕانی وڵاتەکە دەکات، کەچی هێشتا هەنگاوێکی وای نەناوە کە ئەندامەکانی بڕۆن پەلاماری شوێنە گشتییەکانو دوکانی مەشروبات بدەن! کە ئاک پارتی حزبێکی ئیسلامیشە!.



بەداخەوە ماوەیەکە هەندێ بۆچوونو لێکدانەوە لەکوردستان سەریان هەڵداوە، خەریکن کوردستانمان لێ دەکەنە تۆرابۆراو ئەفغانستان، پێویستە حکومەت، یەکێتی، پارتی، گۆڕان و حزبەکانی تر، پێکەوە بیرێک لەم بارودۆخە نائاساییە بکەنەوە. بەهۆکارو ترسی لەدەستنەدانی چەند دەنگێک، تەوقی ئەم بێدەنگییەمان بشکێنین. یاسایەک بۆ ئەمانە دابنێن کە یاسا دەشکێنن، کە پەلاماری شوێنە گشتییەکان دەدەن، کە ڕێزی بیروبۆچوونو لێکدانەوەی خەڵکانی تر ناگرن، کە پەلاماری ڕۆژنامەنووسان دەدەن.

## دەردەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

ئێواران کە سەیری کەناڵی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان دەکەم. سەرم سوڕ دەمینێ! بەناچاری بەپەلە زوو دای دەخەمەوە! چونکە هەرکەسێ دێتە سەر تەلەفزیۆن ئامۆژگاری دەدات، پێمان دەڵێ چۆن کار بکەین؟ چۆن بخەوین؟ پێمان دەڵێ چۆن منداڵ پەروەردە بکەین؟ چۆن بەیانی بڕۆینە سەر کار؟ چۆن لەفەرمانگەکان کار بەڕێوەببەین؟ چۆن سواری پاس بین؟ چۆن نان بخۆین؟ چۆن جل لەبەربکەین؟ چۆن دانیشین؟ چۆن پێبکەنین؟ چۆن بگرین؟ چۆن پێشوازیی لەمیوان بکەین؟ چۆن مادەی 140جێبەجێ بکەین؟ چۆن شوێنە دابڕێنراوەکان بهێنینەوە سەر کوردستان؟ چۆن بنووسین؟ چۆن لەگەڵ هاوسێکانمان ڕەفتار بکەین؟ چۆن ئۆتۆمۆبێل بازۆین؟ چۆن خواردن ئامادە بکەین؟ چۆن لەسەر سفرە دانیشین؟ چۆن بڕۆینە لای دکتۆر؟ چۆن نەخۆشخانەکان لەپیسی پاک بکەینەوە. چۆن خۆمان لەپێکدادانی ئۆتۆمۆبێل بپارێزین؟ چۆن یاسا جێبەجێ بکەین؟ چۆن خۆمان لەشەڕی لابەلا دووربخەینەوە؟ چۆن منداڵەکانمان لەشەقام بپەڕێنینەوە؟



چۆن لەگەڵ بەغدا هەڵبکەین؟ چۆن لەگەڵ شیعەو سوننە ڕەفتار بکەین؟ چۆن کورد لەکەرکوک هەڵەمان کرد؟ هەر کەسەو دێ ئامۆژگاری دەدات؟ هەر کەسەو دێت ڕێمان نیشاندەدات. هەر کەسەو دێت خۆی مەلائیکەتەو لەئاسمان هاتۆتە خوارەوە؟ هەموو شتێک زۆرباش دەزانێ و قەت هەڵە ناکات؟ چۆن وەک کەسێکی نموونەیی ڕەفتار دەکات؟ خۆی مامۆستایە، دکتۆرە، سیاسییە، دیپلۆماتە، تەماتە فرۆشە، کرێکارە، لیبراڵە، دیموکراتە، وەستایە، خۆی هەر خۆیەو بەڵێ هەرخۆی قەت هەڵەی نەکردووەو مرۆڤێکی پاکەو دوورە لەگەندەڵی. پێمان دەڵێ چۆن خۆی هەموو شتە چۆن ڕێنیشاندەرو ئامۆژگاریی کارو ڕێنومایی کارو مامۆستاو پرۆفیسۆرو ڕۆژنامەنوسو نووسەرە؟ چۆن حکومەت هەموو شتێکی هەڵەیە؟ چۆن ئۆپۆزسیۆن هەموو شتێکی زۆر باشەو هەرچی داوای دەکات سەد لەسەد ڕاستەو هەڵەی تێدا نییە؟ چۆن نەخشەی دوارۆژ دابنێین؟ چۆن داوای ئەرزە دەکات؟ چۆن ماڵی گشتی بەفیڕۆ دەڕوات؟ چۆن هەموو خوێندکاران لەزانکۆکان وەرناگیرێن؟ چۆن مۆڵەت بدەنە حکومەت ئەگەر کارەکەیان وەک کە ئەوان دەیانەوێ جێبەجێ نەکرێت.

ئای لەم نەخۆشییە گەورەیەی کە تووشی ڕاگەیاندنەکانی کوردستان هاتووە؟ وێنەی ئەم ڕاگەیاندنەی ئەمڕۆ

لەکوردستان هەیە لەهیچ شوێنێکی دونیا نییە؟ قسە باجی لەسەر نییە؟ بەکەیفی خۆت جنێو بدە، بنووسە، تیرو توانجو تەشهیر بکە؟ دەڵێن ئازادییە، کەس حیساب بۆ هەستی بەرامبەر ناکات؟ لەدادگا شکات دەکەیت، ئەو کەسانە موحاسبە دەکرێنو سزا دەدرێن؟ دەڵێن دادگا لەژێر دەستی خۆیانە؟ لەژێر دەستی حزبە؟ بێدەنگ دەبی! دەڵێن ناوێرێ وەڵام بداتەوە. چونکە گوناهبارە؟ وەڵام دەدەیتەوە؟ کەچی وەڵامەکەت بڵاو ناکەنەوە؟ ئەی تەگبیر؟ هەمووشمان هەر ئامۆژگاریکارو رێنیشاندەرو دژی گەندەڵیو دژی ناپاکین؟ هەموو بابەتێک بەباشی دەزانین! خۆشمان قەت هەڵەمان نەکردووە؟.

تێناگەم ئەگەر هەر هەمووومان لەناو کۆمەڵگای کوردییدا ئامۆژگاریکارو رێنیشاندەرین؟ ئەگەر هەر هەمووومان، خوداینو لەئاسمان هاتوینەتە خوارەوە؟ ئەگەر هەرهەمووومان هەر کاری باش دەزانینو کاری خراپ لێمان دوورە؟ ئەی کێن ئەوانەی هەڵە دەکەن؟ ئەی کێن ئەوانەی یاسا پێشێل دەکەن؟ کێن ئەوانەی رێگای راستو دروست ناگرنەبەر؟ بەسە، ئەم هەموو ئامۆژگارییە؟ مرۆڤ لەدوو شوێن پەروەردە وەردەگرێ! یەکێک لەماڵو لەناو خێزانەکانی خۆماندا؟ ئەویتریش لەقوتابخانەو لەزانکۆ؟ ئیتر بەسە ئەمەی هەیە هەمووومان لەبچووکەوە تا گەورە لێی



بەرپرسیارین. دەبا هەمووومان پێکەوە واز لەئامۆژگاریکردن بێنین. هەوڵدەین بۆ خۆ هۆشیارکردنەوەو جێبەجێکردنی یاسا. هەرکەس لەخۆیو لەخێزانەکەیەوە دەست پێبکات. پەروەردەی خۆیو منداڵو کەسوکارەکەی خۆی بکات. خۆمان لەدرۆو کاری ناڕاستو گەندەڵی دورخەینەوە. بەجدی هەوڵبدەین قوتابخانەو زانکۆو رێکخراوە مەدەنیو "ئێن جي ئۆ" کان، رۆڵی تەواوی خۆیان لەهۆشیارکردنەوەی خەڵکو میللـەتەکەمان ببینن؟ یاسا کە لەپەرلەمان دەردەچێ بۆ خەڵکو میللـەت دەردەچێ پێویستە جێبەجێی بکەین! دەبا یاسا سەروەربێ. ئیتر ئێواران با واز بێنین لەئامۆژگاریکردنی خەڵک لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانو هەریەکێکمان با لەخۆمانەوە دەستپێبکەین. دەبا کەم قسە بکەین! زۆرتر کاربکەین؟

## کێ موخاتیبە لەتورکیا

گەر ئاوڕێک لەڕابردوو بدەینەوە، لە3ی نۆڤێمبەری ساڵی 2002 کاتێ پارتی دادوگەشەپێدان، دەسەڵاتی گرتەدەست، کۆمەڵێ هەنگاوی بەئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کوردی لەتورکیا راگەیاند، کە بووە مایەی هیوا بەخشی بۆ هەموولایەک. سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانی عیراقیش، رۆڵی بەرچاوی خۆی لەمبارەیەوە بینی. کار گەیشتە سەر ئەوەی لە12ی مایسی 2005 سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەکاتی سەردانی بۆ دیاربەکرو لەبەردەمی خەڵکانێکی زۆر لەدیاربەکر وتی (کێشەی کورد لەتورکیا هەیە، کێشەی کوردی کێشەی منەو پێویستی بەچارەسەر کردنە، دەوڵەتی گەورە دەبێت بتوانێ ئەم جۆرە کێشانە چارەسەر بکات). سەرەڕای ئەم کێشانەی کە رووبەڕووی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی بۆوە، دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی باش، پرۆسەکە بەرەو پێشەوەچوونێکی پۆزەتیڤی بەخۆیەوە بینیی. هەروەک شەقامی تورکیش لەمەڕ پرسی کورد، هەندێ گۆڕانکاریي بەسەرداهات، کە جیاوازتربوو لەپانزە بیست ساڵی پێشوو. لەئەنجامی ئەم سیاسەتەشدا دەسەڵاتی



سەربازیی لەدیاربەکرو شرناخو هەکاری کۆتایی پێهات. کورد توانی بەشێوەیەکی تازە خۆپیشاندانو چالاکی مەدەنی ئەنجامبدات. دەسەڵاتی سەربازگەکان گۆڕانی بەسەرداهاتو کەمکرایەوە. دوای ئەمە، هەوڵو تەقەلاکان بۆ ئەنجامدانی جۆرێک لەوتوێژو گفتوگۆو دیالۆگ دەستیپێکرد. پرۆسەی چارەسەری دیموکراسی بووە بەرنامە، چەندینجار ئاگربەستی یەک لەدوای یەک یەکلایەنە لەلایەن کوردو پەکەکەوە بۆ ماوەیەکی درێژ راگەیەنرا. هەندێ جاریش ئاگربەستەکان درێژ دەکرانەوەو 34 کەسی سەر بەپەکەکە، بەناوی نوێنەرانی ئاشتی بەڕێگای ئیبراهیم خەلیل لە2009 گەڕانەوە تورکیا، پاشان تەنگژە دەستیپێکرد. کۆسپو تەگەرە دروستکران، بەتایبەتیش لەیەک دوو ساڵی رابردوو کۆسپەکان پەرەیان سەند. هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد گرفتی بۆ هاتەپێش. گفتوگۆکانی نێوان دەزگای هەواڵگریی تورکیاو سەرکردایەتیی دەرەوەی پەکەکە وەستا. لێدوانەکان توندبوونەوە. شەڕ دەستیپێکردەوە. وەستانی گفتوگۆو هەوڵەکان هەم هۆکاری ناوخۆیی، هەمیش هۆکاری دەرەکی هەبوو، هەندێ لایەنی دەرەکی نایانەوێ کێشەی کورد لەتورکیا بەرەو چارەسەر بڕواتو پێ بنێتە قۆناغێکی تازەوە. بەڵێ هۆکاری ناوخۆییش هەبوو. کوردیش هەندێ هەڵەی تەکتیکیو سیاسی کرد. بەهەمان

شێوە تورکیش هەندێ هەڵەی کرد. تەنانەت ناوەند هەبوو ئاشتی نەدەویست. بەداخەوە ئەمانە هەموو پێکەوە بوونە کۆسپو هۆی ئەوەی پرۆسەی ئاشتەوایی نێوان کوردو تورک پێش نەکەوێتو شکست بێنێو ئەم هیواو ئومێدەش کپ بێتەوە. ئێستاش شتێک نەماوە، ناوی دیالۆگ بێو دۆخەکە ئاڵۆزبووەتەوە، ئەوەتا شەڕ دەستیپێکردووەتەوە. مانگرتن لەنانخواردن بەردەوامە. راستییەکیش هەیە کە چەندینجاری تریش لەنووسینەکانمو لەچاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ رۆژنامەکاندا وتومە، لەتورکیا پارتی ئاشتیو دیموکراسیو پەکەکە، خۆیان بەنوێنەری کورد دەزانن، ئۆجەلان-یش بەڕابەری خۆیان. بۆیە کاتێ باس لەگفتوگۆو دیالۆگو چارەسەری کێشەی کوردی بکرێ! پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلانو پەکەکەو پارتی ئاشتیو دیموکراسی بکرێ. چونکە بێ ئۆجەلانو پەکەکە، ئاستەمە کێشەی سیاسی کورد لەتورکیا بەتەواوی چارەسەر بکرێ. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، مرۆڤ نەتوانێ رەخنە لەسیاسەتی پارتی ئاشتیو دیموکراسی بگرێ! مرۆڤ دەبێ بتوانێ رەخنەش بگرێ. دەبێ جورئەتی هەبێ بەهەنگاوی هەڵەو نادروست بڵێ هەڵە. بەداخەوە ئەمڕۆ هەندێ لەمیدیاو کەناڵەکانی تەلەفزیۆنو ماڵپەڕ لەکوردستان رۆڵێکی ئەوەندە شێوێنەرو خراپ دەبینن، لەتێکدانی پەیوەندی نێوان تاکو تاک، نێوانی



حزبو حزب، نێوانی کوردستانی عیراقو وڵاتانی هاوسێ. دەبینی دێن چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکەن، تەماشا دەکەی هەموو چاوپێکەوتنەکە بەگشتی زۆر باشە. بەڵام رۆژنامەیەکی تر یان کەناڵێکی تر دێت، بەبێ ئەوەی مافی میدیا رێگای پێبدات؟ بەبێ ئەوەی مۆڵەت لەڕۆژنامەکە وەیان لەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کراوە وەربگرێ؟ بێ گوێدانە مافی راگەیاندن! دێن بەئارەزووی خۆیان چەند بڕگەیەک لەچاوپێکەوتنەکەت وەردەگرنو بۆخۆیان کۆمێنتاری لەسەر دەدەنو لەناو دەمی ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کراوە راکانی دەگۆڕنو بەئارەزووی خۆیان رستەیەکی لێ هەڵدەبژێرنو رستەی پێشوتری دەبڕنو شتێکت بۆ دروست دەکەن کە هیچ پەیوەندیی بەنووسەرەکەی یان بەڕاکانی ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کراوە نییە. تەنانەت بەمەش راناوەستن! چەند کەسێکیش دەهێنن، کۆمێنتار لەسەر ئەم شتە لێدەدەن کە خۆیان پێکیانەوە نوساندووەو کۆمەڵێک جنێوو ئیتیهامیش دەخەنە پاڵ نووسەرەکەی یان ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کراوە. بەڕاستی ئەمەیە کارەساتی راگەیاندن. ئەمەیە سەر لەخەڵک شێواندن، هەرچی رەخنەی گرت، مانای ئەوە نییە پیاوی ئەم وڵاتو ئەو وڵاتە. بەندە راشکاوانە هەمووجار راو

سەرنجو لێکدانەوەی سیاسی خۆم لەڕاگەیاندنەکان جەسورانە ڕاگەیاندووە. تەنانەت ئەم ڕاشکاوییەشم جاروبار کێشەی بۆ دروستکردووم، چونکە خاوەنی هەڵوێستی سیاسیی خۆمم. بەندە وەک شاهید حاڵێک لەنزیکەوە ئاگاداری هەندێ ڕوداوو ڕاستی مێژوویم. بەداخەوە هەندێ کەناڵو کەسو ماڵپەڕ هەن، لەمبارەیەوە ئاگاداری هەندێ بابەت نین. بۆیە کاتێ کەسێ، واقیع بینانەو ڕاستگۆیانە، ڕووداوەکان باس دەکات یان بۆچوونی خۆی ڕادەگەیەنێ یان ڕەخنەیەک دەگرێ هەندێ کەس دێن دەست بەجنێو فرۆشتن دەکەنو کوردایەتیمان پێ دەفرۆشنەوە. گوایە ئەوان پارێزەری بەرژەوەندییەکانی کوردو پارتی ئاشتیو دیموکراسی-ن. بۆیە موزایەدەو تیروتوانجو ئیتیهاماتی ئەم جنێو فرۆشانە بەتوندی ڕەتدەکەمەوە کە بەناوی خوازراوەوە هێرشو تەشهیر دەکەن! تەنانەت جورئەت ناکەن، ناوی خۆشیان ڕابگەیەنن. هەویەی کوردایەتیش لەوان وەرناگرم. هەروەک ناڕەزایی خۆشم بەرامبەر ئەو ڕۆژنامەو کەناڵو ماڵپەڕانە دەردەبڕم کە ئەم ڕەفتارانە دەکەنو ڕێگا بەخەڵکانێکی جنێو فرۆش دەدەن، درۆو دەلەسەو ئیتیهامات بۆ خەڵکی تر دروست بکەن. دیارە لەم 12 ساڵەی کارکردنیشمان لەتورکیا چ وەکو شەخس وەیا وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شانبەشانی ڕاپەڕاندنی کاروبارو پەیوەندییەکانی



یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ کۆماری تورکیا، ئەوەندەی بۆمان کرابێ لەخزمەتی کوردی تورکیادا بووین، بۆ ئاشتیو بۆ برایەتیو بۆ سەرکەوتنی دیالۆگی نێوان کوردو تورکو برایەتی نێوانیان هەوڵمانداوە؟ دڵنیاشم ئەم جنێو فرۆشانە تەنیا لەقسەی گەورەو ئیتیهاماتی درۆو بوختان ئازان! ئەگینا بۆ چرکەیەکیش ئامادەنین بەرژەوەندیی خۆیان بخەنە مەترسییەوەو وەک ئێمە بێن لەئەنکەرە کاری سیاسی بکەنو بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کوردی لەبەرچاو بگرنو بەرژەوەندییەکانی بپارێزن! لەسەرەتای ئەم مانگرتنانەی پارتی ئاشتیو دیموکراسیشەوە، پشتیوانی خۆمان بۆ داخوازیو داواکانی مانگرتووەکانی کورد لەئەنکەرەوە ڕاگەیاندووەو لەکەسیش نەترساوین ئیتر ئەم درۆو دەلەسەو بوختانانە چین بەناوی ئێمە مانانەوە لێرەو لەوێ بڵاوی دەکەنەوە! دووبارەی دەکەمەوە، هەڵوێستی بەندە ڕوونو ئاشکرایە. ئێمە پشتیوانی لەخەباتو هەموو داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەمان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا دەکەینو لایەنگیری چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد-یشین بەڕێگای ئاشتیو دیموکراسیو دیالۆگی ڕاستەوخۆوە. لەم بوارەشدا هەوڵی زۆرمانداوە.

# فرمێسکەکانی دیجلە

ئەم کێشەو گرفتانەی کە ئێستا بەهۆی دروستکردنی هێزی دیجلەوە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عیراقەوە سەری هەڵداوە، تەنیا سیاسەتی خودی سەرۆک وەزیرانی ئێستا نییە. بەڵکو سیاسەتی هەندێ وڵاتو بەشێکی زۆری شیعەی لەپشتەو شتێکی تازەو جێگای سەرسوڕمانیش نییە، بەڵکو سەرۆک وەزیرانی ئێستای عیراق ئەگەر بۆی بگونجێ! دەیەوێ دەسەڵاتو تواناو سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستانیش بچووک بکاتەوە. خۆ ئەگەر هێزی سەربازیی تەواوی هەبێ! دەیەوێ هەرێمی کوردستان چەک بکاتو هەرێم بکاتە بەشێکی لاوازو بچووک لەعیراق. تەنانەت لەسەفەرکردن بۆ دەرەوەش بەبێ پرسو رای بەڕێزیان نەتوانین هیچ هەنگاوێک بهاوێین، مەسەلە زهنیەتەکەیەتی، مەسەلەکە ئەو بیرکردنەوە مەترسیدارەیە کە سەرۆک وەزیران هێواش هێواش هەنگاوی بۆ دەهاوێتو کاری بۆ دەکات. ئەم زهنیەتەش زۆر مەترسیدارە، دەبێ کورد بەئاشکراو بێ پێچو پەنا لەدژی بوەستینەوە. وە دەم و دەست حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی سەرلەنوێ



لەهەرێمی کوردستان دروست بکەین، کە هەموو لایەنو پارتەکانی کوردستان، بەیەکێتیو پارتیو گۆڕانو یەکگرتوو کۆمەڵو بزووتنەوەی ئیسلامیو شیوعیو سۆشیالیستو زەحمەتکێشانو ئایندەو تەواوی پێکهاتەو نەتەوەکانی تر بەتورکمانو سریانیو ئاشوریو کلدانیشەوە، بێ گوێدانە ئەنجامی دوایین هەڵبژاردنی پێشوو، هەموو پێکەوە بەرەی خۆمان بەهێز بکەین. روبەڕووی ئەم هەڕەشانەی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عیراق ببینەوەو لەبەرامبەری بوەستینەوە.

ئێمەی کورد، میللـەتێکی دڵسافو خۆش باوەڕین. بەهەموو شتێک باوەڕ دەکەین؟ ئەگینا ئەو کەسانەی لەکۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن بەشداربوون، کە لەڤێننا ئەنجامدرا، کە هێشتا سەدام نەڕوخابوو زۆرباش لەبیریانە، هەندێ لەم کاربەدەستە شیعەو سوننانەی کە هەتا دوێنێ لەپشتی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە خۆیان حەشاردابوو، لەکۆبوونەوەکە نەیانشاردەوە هەندێکیان نەک هەر دژی کەرکوک بوون کە شارێکی کوردستانییە، تەنانەت دژی فۆڕمی فیدراڵیش بوون، دژی بەشی زۆری داخوازییەکانی کورد بوون. کە هێشتا هیچیان بەدەستنەبوو! کە هێشتا لەهەرێمی کوردستانو لەسێبەری کورد دەژیان لەکاتێکدا ئەگەر لەسایەی شۆڕشو خەباتو تێکۆشانی کوردو پێشمەرگە نەبوایە! ئەوان بەژیانی خۆیان چاویان بەم

ئازادییە نەدەکەوت کە ئێستا لەعیراقدا هەیەو دەبوایە تاکو ئێستاش لەهەندێ پایتەختەکانی وڵاتان بخولێنەوە. بەڵێ برا شیعەکانمان خۆیان بەهاوپەیمانیی ستراتیژی کورد دەزانیو کوردیش بەهەمان شێوەو بەهەموو هێزو توانایەوە پشتیوانی لەمەزڵومیەتی شیعەکان دەکرد لەعیراق بەدرێژایی مێژوو و پشتیوانی تەواوی داخوازییەکانی شیعەی کردووەو دەکرد. کەچی کاتێ هێزی دیجلە بۆ گیانی کورد لەلایەن سەرۆک وەزیرانی شیعەوە دروستکرا، نەک لەلایەن سوننەوە، تەنانەت ئەم هەموو هەڕەشەو هێز ناردنو ئیستیفزازکردنەی هەرێمی کوردستانیش کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی شیعەوە دەکرێ، شیعەکانی دۆستی ستراتیژیمان دەنگێکیان لێوە نەهاتو تائێستاش لێوە نایەتو بێدەنگن! تەنانەت رەخنەش لەمالکی ناگرن، جگە لەئەحمەد چەلەبیو چەند کاربەدەستێکی تری شیعە نەبێ، کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن! ئەحمەد چەلەبیش خۆی دۆستی کورد بووە. ئەگینا ئەم هەڵوێستەی لەبەرئەوە نەبووە کە شیعە بووە. من خۆم هەمیشە لایەنگری رێکەوتنامەی ستراتیژیی نێوان کوردو شیعە بووم. بەتایبەتیش نێوان یەکێتیو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیو تەواوی شیعەکانی تریش. تەنانەت لایەنگیریی، لانەدانی مالیکیش بووم. بەڵام بەداخەوە وادەرنەچوو، شیعەکان دەبوایە هەڵوێستێکی روونتریان



هەبوایە. ئێستاش ئیختیار بێتە سەر خاکمان! یان شیعە! ئیختیار بێتە سەر کەرکوک یان شیعە؟ بەدەنگی بەرز دەڵێن بەڵێ بۆ خاکو کەرکوک. نەخێر بۆ مالکی! بەداخەوە راستییەکەی ئەمەیە، بەشی زۆری شیعەکان لەگەڵ تەواوی هێزەکانی سوننە لەسەر مەسەلەی کەرکوکو مادەی 140 لەدژی کورد کۆکنو رێکن. تەنانەت بەهیچ شێوەیەک نایانەوێت مادەی 140 جێبەجێ بکەن. خەریکی خافڵاندنی سەرکردایەتی کوردن. تەنانەت هێزیان هەبێت کورد لەهەموو ئەو شوێنە کوردیانەش دەردەکەن کە لەدوای روخاندنی رژێمەوە ئازادمانکردوون.

برا شیعەو سوننەکانمان دەبێ مێژوو لەیاد نەکەنو بزانن، کاتی خۆی شێخ مەحمودی حەفید، مەلیکی کوردستان بوو لەسەر کوردبوونی شاری کەرکوک تەنازولی بۆ ئینگلیز نەکرد، خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لەسەر کوردبوونی کەرکوک ساڵی 1974 لەبەرامبەر رژێمی بەغدا وەستایەوەو لەپێناوی کوردبوونی شاری کەرکوک تەنازولی بۆ سەدام نەکردو لەسەر شۆڕشی ئەیلولی مەزن بەردەوام بوو، شەڕ دەستیپێکردەوە، مام جەلالو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگفتوگۆکانی ساڵی 1983–1984 لەسەر کوردبوونی کەرکوک تەنازولی نەکردو گفتوگۆی نێوان بەغداو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێکچوو. تازە بەتازەش مالیکی بە 4

چوار دەبابەی شکاوەوە، دەیەوێ کورد بترسێنیو هەڕەشە لەکورد بکاتو هێز بۆ سەر کورد دەنێرێ! ئەمڕۆ هیچ سەرکردەیەکی کوردیو کوردستانی، ناتوانن تەنازول لەکوردبوونی شاری کەرکوک بکەنو داخوازییەکانی مالیکی قبووڵ بکەن. بەداخەوە کوردستان تا دوێنێ بۆ برا شیعەکانمان سەنگەر بوو. بەڵام ئەوەی دوێنێ لەبیر بکا دڵنیابێ سبەی-نێش نابینێ. بۆیە برایانی شیعەو سوننەمان ئەم راستییە بزانن باشە، کەرکوک نە تەنیا شارێکی کوردستانییە! بەڵکو، کورد کەرکوک بەشارێکی کوردی دەزانێ! بەشارێکی ناوجەرگەی کوردستاني دەزانێ! چونکە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردنو رژێمە یەک لەدوایەکەکانی بەغداش هەر لەدوای دروستبوونی عیراقەوە ئێستاشی لەگەڵدابێ، بەبەردەوامی کەرکوک-یان تەعریب کردووەو کوردیان دەرکردووەو عەرەبیان بۆ هێناوە، بۆیە کەرکوک نەک هەر شارێکی کوردستانییە، بەڵکو شارێکی کوردییشەو زاراوەی شوێنە جێناکۆکەکان زاراوەیەکی هەڵەیەو لەشوێنی خۆیدا نییە، چونکە ئەم خاکە شوێنی نەتەوەی کورد بووە. بەئاشکراش سەدام بەبەرچاوی برا شیعەو سوننەکانمان لەخاکی کوردستانی وەرگرتووەو خستوێتییە سەر ئەم شارانەی کە خۆی بەعەرەبی زانیون. بۆیە کورد لەئەدەبیاتی خۆیدا! نابێ بڵێ شوێنە جێ ناکۆکەکان؟ بەڵکو دەبێ بڵێ



شوێنە (داگیرکراوەکان). چونکە رژێمە شۆڤێنیستەکانی بەغدا خاکێکی زۆری کوردستانیان بەبڕیاری سیاسی خۆیان لەکوردستان دابڕاندووە. ئینجا بەزۆر داگیری کردووەو دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندووە. ئەوان نەهاتون پرسوڕا بەکورد بکەن لێی بپرسن داخۆ کورد ئەم دابڕانو داگیرکردنەی پێ خۆشە یان نا؟ بەڵکو بەزۆری زۆردارو بەهێز لەکوردستان جیایان کردووەتەوە. ئەمەش داگیرکردنە. هەرشتێکیش بەهێزو ئەنجامبدرێت! دەچێتە خانەی داگیرکردنەوە. بۆیە دەبێ ئێمەی کورد خەباتی جدی بۆ وەرگرتنەوەو رزگارکردنەوەیان بکەین. هەقە چیتر سەرکردایەتی کورد بەقسەو فڕوفێڵی بەغدا فریو نەخوات. زاراوەی (شوێنە جێناکۆکەکان)یش، زاراوەیەکی هەڵەیە، نابێ لەفەرهەنگی سیاسی کوردیدا شوێن بگرێ. بەڵکو لەباتی ئەوە، زاراوەی (شوێنە داگیرکراوەکان) بەکاربهێنین. ئەمە هەقیقەتی مێژووییە.

# پاشەکەوت بۆ دواڕۆژ

کاتی خۆی دەوترا لانیکەم هەر هیچ نەبێت لەوڵاتانی هاوسیٚو هەرێمایەتییەکان با نوێنەرایەتییەکانمان یەکخەینو بەیەک دەنگو بەیەک رەنگو بەیەک هەڵوێست پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانی کوردستانی عیراق بکەین! کەس وەڵامی نەدەدایەوە! دەوترا حکومەتەکەی خۆمان با نیوەی ئەم پارەو سەروەت و سامانەی کە دێتە کوردستان بۆ رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ پاشەکەوت بکا! لەتەنگژەیەکی وەکو ئێستادا کورد دەیتوانی زیاتر لەبەغدا بیٚ منەت بیٚو نەچەمێتەوە بۆ داخوازییەکانی بەغداو ئەوانەی هەڕەشە لەهەرێمی کوردستانی عیراق دەکەن و دەیانەویٚ کوردستانی عیراق لەچەک داماڵن و شەرعیەت بدەنەوە ئەم زوڵمە زۆرەی کە سەدام بەرامبەر کوردستانەکەمان کردویەتی! بەتایبەتیش لەشوێنە داگیرکراوەکانی کوردستان (شوێنە بەزۆر دابڕێنراوەکان) کە ئێستا وا ناوی لێنراوەو زۆر شتی تریش.

ئێستاش، هێشتا زووە، دەبا بێین چاوخشاندنەوەیەک بەسیاسەتی دارایی-ماندا بکەین و ئەم پارەیەی کە مانگانە لەبەغدا وەک بودجەی هەرێم دێت بۆ گەنجینەی کوردستان، حکومەتی هەرێم بڕێکی لیٚ پاشکەوت بکات. بێین ئەم یەک ریزییەی کە ئێستا بەهۆی هەڕەشەکانی بەغداوە لەناو ماڵە گەورەکەی کورد دروستبووە؟ فراوانترو پتەوترو رێکوپێکترو زیاتر بەکردەوە بەهێزتری بکەین. بێین زیاتر گویٚ لەهەموو گروپو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بگرین. لەبڕیاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن بەهەند وەربگرین و بەشدارییان پێبکەین. نەک تەنیا لەکاتی دروستبوونی تەنگژەکان، بەڵکو بەبەردەوامی و لەبواری پراکتیکدا کار بۆ یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستی سیاسی کوردی بکەین و بەرامبەر ئەوانەی لەدژی بەرژەوەندیی کوردستان هەنگاو دەنێن، پێیان بڵێین ئێمە بەئاگاین و لەهەڵسوکەوتی ئەوان بێخەبەرنین و کورد دەمێکە لەسیاسەتەکانی ئەوان تێگەیشتووە. ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ هێشتا قۆناغی رزگاریی نیشتمانییە. بۆیە با لەناو پەرلەمانی کوردستاندا هەم سیاسەتی هاوکاری و پێکەوە کارکردن پەیڕەو بکەین، هەمیش سیاسەتی ململانیٚ لەگەڵ یەکتری جێبەجیٚ بکەین. واتە سیاسەتی هاوکاری و ململانیٚ پێکەوە. بەمە دەتوانین وڵاتەکەی خۆمان زۆرتر پێش بخەین. ناکریٚ چینێکی میللـەتەکەی خۆمان لەژێر ناوی ئۆپۆزسیۆن، فەرامۆش بکەین، هەر لەبەرئەوەی دەنگی زۆری نەهێناوەو لەهەندیٚ داخوازیی و خەدەمات و ماف و لەبڕیاری سیاسیدا بێبەشیان

بکەین! دەی باهەموو پێکەوە بیرێکی وردی لێبکەینەوەو بگەڕێینەوە بۆ لێکتێگەیشتن و دیالۆگ لەگەڵ یەکتری، پێش ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ بەغدا دەست پێبکەبن، بابێین دیالۆگ لەناو ماڵی کوردو کوردستانی عیراق دروست بکەین و ئۆپۆزسیۆنیش لەبڕیاری سیاسی و چارەنووسی کوردستاندا بەشداری پێبکەین.



## جارێکی تر سیستمی تەندروستی

سیستمی تەندروستی هەر وڵاتێک پێشکەوتووبێت، کۆمەڵگاکەشی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتوو دەبێت. لەهەرێمی کوردستانی عیراق سیستمێکی تەندروستی زۆر کۆنمان هەیە. جگە لەمە ئیدارەو بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکانیشمان میتۆدی زۆر کۆنی هەیەو پێویستی بەگۆڕان و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی هەیە. داوو دەرمانەکان کێشەی زۆری تێدایە. کۆمەڵێک جیهازی تازەی مۆدێرن و تازە کڕاوەو هێنراونەتە کوردستان. بەڵام شێوەی بەکارهێنانەکانی و نەبوونی شارەزای پێویست و دکتۆری تایبەتی وایکردووە، زۆرجاران ئەنجامی پشکنینیەکان هەڵە دەردەچێ و بەهەڵە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. دەشبێتە هۆی ئەوەی نەزانرێ نەخۆشەکە چ جۆرە نەخۆشی و کێشەیەکی تەندروستی هەیە. پارەو پولێکی زۆر بە پچڕ پچڕی لەسێکتەری تەندروستیدا سەرف دەکرێ. پارە سەرفکردنەکە بەبەرنامە نییە. لەبەرئەوەی ئیشەکەش یەک دەست نییەو زوو زوو وەزیرەکانی تەندروستی دەگۆڕدرێن! ناپەرژێنە سەر ئەوەی سیستمی تەندروستی لەکوردستان ریفۆرم بکەن.

لەتورکیا ئەمە بۆ 10 ساڵ دەچێ پارتی دادو گەشەپێدان بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی گرتۆتە دەست، کەچی تاکو ئێستا یەکجار وەزیری تەندروستی گۆڕیوە. تاکو ئێستا لەماوەی ئەم 10 ساڵەدا ئەمە سێ دەورەیە یەکجار وەزیری ئەم وەزارەتە گۆڕاوە. بۆیە وەزیرەکە کاتی زۆری هەبووە بۆئەوەی بەبەرنامە سیستەمی تەندروستی بۆ پێشەوە ببات. ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین لەماوەی 10 ساڵی رابردوو تا ئێستا چەندین جار وەزیری تەندروستی گۆڕاوەو بوار نەدراوەتە وەزیرەکە ماوەیەکی باشی هەبێ بۆ نوێکردنەوەو بۆئەوەی سیستەمی تەندروستی کوردستان بەتەواوی ریفۆرم بکاتو بەرەو پێشەوەی ببات. بۆیە زۆر پێویستە نەخۆشخانەکانمان هەمووی سەرلەنوێ سیستەمی ئیدارەو بەڕێوەبردن و خەڵکانی پسپۆڕو شارەزایان بۆ دابنێین و ئیدارەیەکی رێکوپێکیان بۆ دابنێین. زۆرجار شەوان دەبینی یەکێکت نەخۆش دەکەوێتو شەو دەیبەیتە نەخۆشخانەیەک! دەبینی نەخۆشخانەکە دکتۆری خەفەری لێ نییەو ناشزانێت ئەو شەوە کێ خەفەرە؟ سیستەمی تەندروستی لەکوردستان زۆر سیستمێکی دواکەوتووەو کۆنیشەو پێویستی بەنوێکردنەوەیەکی بنەڕەتی هەیەو بەتایبەتی پێویستی بەهونەری بەڕێوەبردنێکی تازە هەیە. بەهیوای ئەوەی سیستەمی تەندروستی لەداهاتوودا



لەکوردستان ریفۆرم بکرێت. بۆئەوەی کاتێ نەخۆش کە دەڕواتە نەخۆشخانەیەک هەست بکات دەڕواتە شوێنێکی زۆرباش و لەدەستێکی ئەمینیشدایەو چارەسەر دەکرێت!

# ڕێزگرتن لەشەرافەدین ئێلچی

لەمێژوودا زۆرکەس هەن وەک سەربازی ون بۆ خاک و گەلەکەی خۆیان خزمەتێکی بێ وێنەیان پێشکەش کردووە. قوربانیی زۆریانداوە، کەچی زۆر بەدەگمەن باسیان لێوە دەکرێ. لەناو بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلەکەشمان، کەسایەتی و سیاسەتمەداری بەتواناو لێهاتووی زۆرمان هەبووەو هەیە، شەو و ڕۆژی خۆیان خستۆتە سەریەک، لەپێناوی خزمەتکردنی گەلە ستەمدیدەکەی خۆیان. دەیان و سەدان جاریش لەپێناوی داخوازییەکانی کورد خراونەتە زیندانەکانەوە. تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش ئامادە نەبوون لەئاست زۆرداریی و ستەمی زۆری ڕژێمەکان کە لەدژی کورد ئەنجامیانداوە بچەمێنەوەو قبووڵی داخوازییە ناڕەواکانیان بکەن.

لەناو کورد، باوە، کاتێ ئەم جۆرە مرۆڤـو کەسایەتییە گەورانەی کورد لەژیاندان، کەس باسیان لێوە ناکات، بەڵام کە لەژیاندا نەمان، ئینجا دێین باس لەژیان و خەبات و تیکۆشانەکەیان دەکەین و فرمێسکیان بۆ دەبارێنین. لەکاتێکدا دەخوازرێ بەزیندوێتی باس لەمێژوو و



خەباتەکەیان بکرێت و مەدالیا باران بکرێن. دەرس و پەندیش لەتاقیکردنەوەکانیان وەربگیرێ.

لێرەدا مەبەستمە، ئاماژە بۆ کەسایەتی و سیاسەتمەدارو نیشتمانپەروەرێکی گەورەی وەک کاک (شەرافەدین ئێلچی) بکەم، کە ساڵەهای ساڵە، تەواوی ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی وڵات و میللـەتەکەی خۆی تەرخانکردوە. بەڵام بەداخەوە ئەوە ماوەیەکی زۆرە بەدەست نەخۆشیەکەیەوە دەناڵێنێ و لێرەو لەوێش ڕەنگە وەکو پێویست باسی لێوە نەکرابێ. تەنانەت لەلایەن دۆستە نزیکەکانی دوێنێشی، کە چەندینجار لەپێناوی پارێزگاریکردن لێیان و کوردایەتی، خۆی بۆیان خستۆتە مەترسیەوەو لەسەریان تووشی زیندانو ئەشکەنجە هاتووە. وەفاداری، سیفاتێکی زۆر گرنگ و پێویستە لەژیانی مرۆڤداو لەناو هەر گەلێکدا. دەبێ مرۆڤ لەبەرامبەر یەکتریدا خاوەنی هەڵوێست و وەفاداری بێت. هاموشۆی یەکتری بکات و لەکاتی پێویستدا بەهانای یەکترییەوە بچێت. کاک شەرافەدین ئێلچی یەکێکە لەتێکۆشەرە هەرە ناسراوو وەفادارەکان، سیاسەتمەدارێکی زۆر ژیرو هێمنو شارەزاو لەسەرخۆی ئەمڕۆی کوردستانە. بیروبۆچوون و لێکدانەوەی چاک و نەخشەی باشی لەبەرنامەدایە. بەندە لەنزیکەوە دەیناسم. دۆستێکی زۆر ئازیزو بەڕێزمانەو هەست و سۆزو خۆشەویستیەکی زۆرمان

بۆ ئەو کەسایەتییە گەورەیەی گەلەکەمان هەیە. لەخودای گەورە دەپاڕێمەوە، زوو شیفای بدات و چاک بێتەوە. سیاسەتمەدارێکی بەئەزموونو ژیرو ئاقڵی وەک کاک شەرافەدین ئیلچی، بۆ ئەمڕۆی کوردی تورکیا زۆر پێویستە. لێرەشەوە دەمەوێ سوپاسی هەڤاڵ مام جەلال بکەم، کە دەربارەی تەندروستی و نەخۆشییەکەی بەڕێز کاک شەرافەدین ئێلچی، ماوەی چوار ساڵە بەبەردەوامی ئەوەندەی بۆی کرابێ، لێی پرسیوەتەوەو سڵاوو ڕێزی بۆ ناردووەو دوعای خێری بۆ کردووە. ئەمەش نیشانەی وەفادارییو گەورەیی سەرکردەیەکی وەفاداری وەک هەڤاڵ مام جەلال-ـە، لەبەرامبەر هەموو ئەو کەسو سیاسەتمەدارانەی کە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی خۆیان کردووەو دەکەن. خوایە وێنەی ئەم جۆرە سەرکردانە لەناو گەلەکەماندا هەر زۆر بێت و شیفای بەپەلەش بۆ دۆستی ئازیزو سیاسەتمەداری ناسراوی گەلەکەمان کاکە شەرافەدین ئیلچی دەخوازم و ئیشاڵڵا زوو چاک دەبێتەوەو خودای گەورە شیفای بۆ دەنێرێ و بەردەوام دەبێ لەخەباتدا لەپێناوی گەل و نیشتمانەکەیدا.



## مامی گەورەمان

مامی کوردو کوردستان، مامی کوردستانی سەرتاسەر، مامی عیراقییەکان بەهەموو نەتەوەو پێکهاتەکانییەوە، رابەری رۆژی تەنگانەو ورە بەرز، کەسایەتی سیاسی و دیپلۆماتو پێشمەرگەو دڵ میهرەبانی کوردستان.

مامی هەژاران و رەنجدەرانی کوردستان، هەموو کوردستانو عیراق لەچاوەڕوانی و لەخەمی بەڕێزتانن و بەهیوای ئەوەن کە بێیتەوە ناو خەڵک و خاکی کوردستان و جارێکی تر هەڵسیتەوە، گۆچانەکەت بگریتەوە دەست و وەک هەمیشە رێنوێن و رابەر بیت.

دڵنیاین مامەگیان تۆ لەهەموو نەخۆشییەک بەهێزترو پتەوتریت. ململانێی زۆرت لەگەڵ هێزی دیکتاتۆری لەململانێی نەخۆشی سەختتر بوو کەچی دیکتاتۆریت بەزاند.

بەڵێ کورد هێشتا زۆر پێویستی پێتانە. ئاشتی و دیموکراسی بۆ کوردی تورکیا تۆی پێویستە. دیپلۆماسیی و دیالۆگی هێمن و ژێربەژێرو دوور لەهاشوو هوشی تۆی پێویستە. هەموو شت وەستاوە. هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان و چارەسەری کێشەکانی عیراق تۆی پێویستە.

دەسا زوو وەرەوە خەڵکی کوردستان هەمووی بەدوعاو نزاوە دەستەوەستان بۆت وەستاوەو دوعای خێرو سەلامەتیت بۆ دەخوازێ و چاوەڕوانی گەڕانەوەی بەڕێزتانە. مامەگیان هێشتا کوردو کوردستان شارەزایی تۆ، ئەزموونی تۆ، سەبرو تەحەمولی تۆی پێویستە. دیالۆگی تۆی پێویستە، ئاشتی تۆی پێویستە، دیموکراسی تۆی پێویستە. کورد لەتەواوی خەمەکانی نەڕەخساوە.

ئەی ئەو کەسەی لەهیچ کات و ساتێکی ناخۆشدا ورەت دانابەزێ و ورەت هەر بەرزو هەمیشە بڕوات بەسەرکەوتن هەیە. ئەی ئەو کەسەی کە تۆزقاڵێک بەرامبەر نەیارانی کوردو کوردستان رۆژێک لەڕۆژان وازت لەداخوازییەکانی کورد نەهێناو نەچەمایتەوە. ئەی ئەو رابەرەی کە لەژیانی خۆتا بیرت لەسەروەت و سامان نەکردۆتەوە. ئەی ئەو کەسەی هەمیشە لەپشتیوانی ژنان و ئافرەتاندا بوویت. هەر تۆ بوویت بۆ خانووە قوڕەکان دەگەڕایتەوە. هەر تۆ بوویت دەتوت سەروەریمان، مانەوەمان، گەشەکردنمان، بەندە بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە. بڕوات بەیەکێتی ناو یەکێتیی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر پتەوبوو.

ئەی ئەو کەسەی کەڕەوشت و ئەخلاقیی وا بەرزت هەیە، کچ و ژنان و ئافرەتانی کوردستانت هەمووی بە خوشک و



کچ و دایکی خۆت دەزانی. زۆر پشووت درێژ بوو، هەوڵتدا یەکێتی ریزەکانی یەکێتی نەپچڕێ و لێک نەترازێ، تۆ ئەو کەسە بوویت کە زوو تێگەیشتی لەگرنگیی پەیوەندیی ستراتیژیی نێوان یەکێتی و پارتی. تۆ ئەو کەسە بویت لەپشتیوانیکردنی کوردی هەموو کوردستان هەمیشە هێزی پشتیوان بوویت.

دەوەرە! تو خودا وەرەوە، با گەلی کورد جارێکی تر هیواو ئومێدی بەهیواو ئاواتەکانی بێتەوە.

دڵنیام هەر دێیتەوە نێو باوەشی خەڵکی کوردستانە ئازیزەکەی خۆت کە تەواوی تەمەنت لەپێناویدا کردە قوربانی و فیداکاری، تۆ بۆ ئێمە رابەرو مامۆستاو باوک و هەڤاڵ و رێ نیشاندەرمان بوویت. ماوەیەکە زەنگی تەلەفۆنەکەت نایەت، بەڕاستی مامەگیان بیرت دەکەین.

# کەرکوک کوردییە، کوردستانییە

ئەوەندەی لەبیرم بێ، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، ڕۆژێک لەڕۆژان نەمبیست لەکاتی گفتوگۆکانی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی کێشەی سیاسی کورد لەگەڵ سەرانی بەغدا بڵێن (کەرکوک شارێکی کوردی نییە)، نازانم ئەم زاراوەیە لەکوێوە هات، کە گوایە کەرکوک شارێکی کوردی نییە؟! لەباتی ئەوە خستمانە سەر زاری عەرەب و تورکمان، کە کەرکوک شارێکی کوردی نییەو کوردستانی-یە؟ مێژوو شاهیدی ئەوەیە، سەرکردایەتی کورد، لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێش، هەمیشە کەرکوکی وەک هەولێرو سلێمانیو دهۆک بەشارێکی کوردی زانیوەو دەزانێ و بەشارێکی ناوجەرگەی خاکی کوردستانی عیراقی ناسیووە. لەدوای راپەڕینیش هەرێمی کوردستانی عیراق لەژێر دەسەڵاتی رژێمی بەغدا ئازادکرا، کورد بەهەموو ئەم شوێنانە دەڵێ کوردستانی ئازاد، هەرێمی کوردستان. واتە ئەو خاکەی کە ئێستا خۆی دەسەڵاتی سیاسی و جوگرافی و ئیداری تیادا هەیەو حوکمی خۆی تیادا دەکات.



دوای رووخانی رژێمیش لە 2003، کورد زۆر ناوچەی تری رزگارکرد. ئیدارەی خۆی تیا دامەزراند. بەڵام بەداخەوە بۆ نەوروژاندنی ناسیۆنالیستی عەرەبی و تورک! کورد لەخۆیەوە هات، دەستەواژەیەکی تازەی داتاشی. لەباتی ئەوەی بڵێ، کەرکوک شارێکی کوردی-یە! هات وتی کەرکوک شارێکی کوردستانی-یە؟ وایزانی ئەگەر وابڵێ، عەرەب و تورکمان لێی قبووڵ دەکەن. وە دژی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناوەستنەوە! وە بۆ ناوچەکانی لەبابەتی کەرکوک و خانەقین و شنگالو هەندێ ناوچەی تریش، هات دەستەواژەی ناوچە جێناکۆکەکانی هێنایە گۆڕێ!. بەداخەوە پاشانیش لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا، کردیانە ناوچە جێناکۆکەکان. کە ئەمەش هەڵەیەکی سیاسی و مێژوویی خۆکوژی گەورە بوو، سەرکردایەتی کورد، بەسەریدا تێپەڕبوو.

ماوەیەکە سەرۆکایەتی هەرێم بەیانێکی دەرکردووەو دەڵێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. بەندە رێزم بۆ بڕیارەکەی سەرۆکایەتی هەرێم هەیە. بەڵام با بەجورئەت تر قسەبکەین، شەڕو نیوەشەڕ هەریەکە. ئەم شوێنانەی کە کورد دوای رووخانی سەدام، رزگاری کردوونو هێشتا لەڕووی یاسایی و دەستوورییەوە نەهاتوونەتەوە سەر کوردستان! لەڕاستیدا ئەم شوێنانە،

هەمووی خاک و ناوچەی کوردین. چونکە هەمیشە گەلی کوردی تیا ژیاوە، زۆرینەشیان هەر کورد بووە، لەگەڵ ئەم هەموو تەعریب کردنەشەوە کە بەبەردەوامی تووشی هاتووە. بۆیە دەبێ لەڕووی نەتەوەییەوە ئەم هەڵە سیاسییەی کورد لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا بەسەریدا تێپەڕیووە، خەباتی بۆبکەینو راستی بکەینەوە.

هەقە لەمیدیاکانی کوردستانیشدا بەیەکگرتویی باسی ئەم دەستەواژەیە، (ناوچە جێناکۆکەکان) نەکەین. چونکە ئەمە هەڵەیەکی سیاسی بوو، سەرکردایەتی کورد لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا بەسەریدا تێپەڕبوو! ئێستا کاتی راستکردنەوەیەتی و نابێ لەسەر ئەم هەڵە سیاسییە گەورەیە بەردەوامبین! با لەدەستووریشدا وا نووسرابێتەوە.

بۆ مێژوو دووبارەی دەکەمەوە، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولی مەزنو شۆڕشی نوێ، کورد دەیوت کەرکوک شارێکی کوردییە. شارێکی کوردستانی-یە. وە کەوتۆتە ناوجەرگەی خاک و سنووری کوردستانیشەوە. شۆڕشی ئەیلول، شۆڕشی هەموو کورد بوو. کێ دەڵێ شۆڕشی ئەیلولی مەزن وای نەوتووە؟ شۆڕشی نوێ وای نەوتووە! با بفەرموێ، پێچەوانەکەی بسەلمێنێ؟. ئیدی نازانم بۆ ئێستا جورئەت ناکەین، بڵێن کەرکوک وەک هەولێرو سلێمانیو دهۆک،



شارێکی کوردییە؟ جا پێمان وەردەگیرێتەوە، یان وەرناگیرێتەوە! ئەمەیان پرسیارێکی ترە.

لەکۆتاییشدا سوپاسی هەموو خوێنەرانی گۆشەکەم و سەرنووسەرو تەواوی نووسەرانو هاوڕێیانم لەکوردستانی نوێ دەکەم بۆ پشتیوانیکردنو هاوکاریکردنیان، بەهۆی سەرقاڵیشمەوە، تا ماوەیەکی تر گۆشەکەم رادەگرم و سوپاسی هەمولایەک دەکەم.

# یاسایەکی تازە بۆ سزادانی منداڵان!

حکومەتی دادو گەشەپێدان ڕەشنوسێکی تازەیی بەناو (یاسای بەرد فڕێدانی منداڵان) ناردە پەرلەمان. لەڕۆژی 2010/7/21) پەرلەمانی تورکیا یاساکەی بە 238 دەنگ قبووڵکردو 26 بیست و شەش دەنگیش لەدژی یاسا تازەکە دەنگیاندا کە زۆر لەیاساکەی پێشوو باشترە.

پێش دەرچوونی ئەو یاسایە منداڵان بەگشتی، بەپێی یاسای خۆپیشاندان بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر بە 5 پێنج سوچەوە، تاوانبار دەکران و دادگایی دەکران و ڕەوانەی زیندان دەکران.

یەکەم: بەهۆی پڕۆپاگەندەکردنی منداڵان بۆ تیرۆر.

دووەم: ئــەو منداڵانەی کــە ئەندام نەبوون لەناو پەکــەکە بــەڵام لەکاتی تاوانباکــردنیان بەکردنی چالاکی سیاسی بەقازانجی پەکەکە! ئەوانەش دادگایی دەکران.

سێیەم: زەرەرو زیان گەیاندن بەماڵ و موڵکی هاووڵاتیان لەلایەن منداڵانەوە.



چوارەم: هەڵوێست وەرگرتنی منداڵان لەدژی پۆلیس و شەڕکردن لەگەڵیان.

پێنجەم: وەستانی منداڵان لەدژی یاسای خۆپیشاندان و جێبەجێنەکردنی یاساکەو دژە هەڵوێست وەرگرتنیان.

بەهۆی ئەو پێنج گوناهە یان سوچەی کە لەسەرەوە باسمکردن، پێش دەرچوونی ئەو یاسا تازەیە، منداڵان تا 3-4 ساڵو شەش مانگ سزا دەدران و زیندانی دەکران. لەو سزایەش دەبوایە تا 16 ساڵ و 4 چوار مانگ موتڵەقە منداڵان لەزیندان بمینێنەوەو ژیان بەسەرببەن.

ئێستا بەهۆی دەرچوونی ئەو یاسا تازەیە، منداڵان تەنیا بەهۆی یەک (سوچ) دەدرێنە دادگاو دادگایی دەکرێن، ئەویش بەهۆی چالاکییان لەخۆپیشاندانو کۆبوونەوەی جەماوەری، بەشێوەیەک کە لەدژی یاسای خۆپیشاندان بوەستنەوە. ئەگەر هاتوو منداڵان دژایەتی ئەو یاسا تازەیەیان کردو بەهۆیەوە درانە دادگا، ئەوا بەپێی ئەو یاسا تازەیە، تەنیا تا3 سێ ساڵ و 6 شەش مانگ دەکرێ سزا بدرێن. هەروەها بەهۆی دەرچوونی ئەو یاسا تازەیەشەوە، دەمودەست 193 منداڵ لەزیندان ڕزگاریان دەبێ و دێنە دەرەوە. نزیکەی 4 هەزار سکاڵاش لەدژی منداڵان بەهۆی ئەو یاسایەوە هەڵدەوەشێتەوە. ئیتر منداڵان لەدادگای قورسەوە چیتر دادگایی ناکرێن.

بەڵکو لەدادگای منداڵان دادگایی دەکرێن. هەروەک ئەگەر منداڵان ئەو یاسایە تازەیەیان پێشێل کرد (جاری یەکەم دەبوردرێن و دادگایی ناکرێن، ئەگەر دووبارەیان کردەوە ئینجا بەپێی یاسا تازەکە دەدرێنە دادگا. لەساڵی 2006ەوە تائێستا بەهۆی دادگای بەرەنگاریی تیرۆرەوە، نزیکەی 4 هەزار منداڵ سزادراون. بێگومان دەرهێنانی ئەو یاسا تازەیەش، بەشێکە لەکرانەوەی دیموکراتیو هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی.



## رێنماییەکانی هۆتێلەکان

هەفتەی رابردوو بەداخەوە ئۆتێل سۆما لەسلێمانی سوتاو ژمارەیەکي زۆر لەهاووڵاتیان بە ژن و پیاو و منداڵەوە بوونە قوربانی و بەکارەساتێکی دڵتەزێن و ناخۆش کۆتایی بەژیانیان هات، کە دەکرا ئەو کارەساتە هەرگیز روینەدابا! وە یا خەسارەتەکەی کەمتر بوایە.. لەکاتێکدا دڵتەنگی خۆم نیشاندەدەم بۆ ئەو هاووڵاتییە بێتاوانانەی کە گیانیان لەدەستدا، لەهەمانکاتیشدا دەمەوێ هەندێ تێبینی و سەرنجی گرنگ نیشانی کاربەدەستانی کوردستان بدەم دەربارەی کۆمەڵێک رێنمایی کە پێویستە لەهەموو هۆتێلێکدا هەبن کە ئەمنیەتی پاراستنی دانیشتووانی هۆتێلەکانیان لەئەستۆدایە. لەبەرئەوەی تورکیا وڵاتێکی گەشتوگوزاریی گەورەیەو ژمارەیەکی یەکجار زۆر هۆتێل و شوێنی حەوانەوەی بۆ گەشتیاران تێدا دروستکراوەو تاقیکردنەوەیەکی باشیان لەو بوارەدا لەدروستکردنی هوتێلو ئەو مادانەی کە بەکاری دەهێنن بۆ دروستکردنی هۆتێلەکانیان هەیە. بەپێویستم زانی خیبرەو ئەزموونی ئەوان لەئیدارەدان و چۆنیەتی دروستکردنی هۆتێلەکانیان

پیشانی خەڵکی خۆمان بدەم. بەتایبەتیش لەکاتی دروستکردنی ساختومان و چۆنیەتی و جۆری ئەو ماددەو پێداویستییانەی کە بەکاری دەهێنن. هەروەک لەکاتی ئاگرکەوتنەوەش چۆن دەبێ رەفتار بکرێ! بێگومان لەتورکیا لەهەموو هۆتێلەکان حیساباتی وردیان بۆ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوەو سووتان کردووە. کاتێ هوتێلێک لەشوێنێک دروست دەکرێ، کۆمەڵێک مەرج و مواسەفات هەیە دەبێ لەشوێنی دروستکردنی هۆتێلەکەدا هەبێت، ئینجا خاوەنی هۆتێلەکە دەتوانێ مۆڵەتی دروستکردنی هۆتێلەکە لەشارەوانی وەربگرێ و هەر هوتێلێک کە دروستدەکرێ دەبێ لانیکەم ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

یەکەم: ئەو ماددانەی کە بۆ دیوارو پایەکان و مادەکانی تری کە بۆ ساختومانەکە بەکاردێت دەبێ لەمادەی وا دروست کرابن کە لەکاتی ئاگرتێپەربووندا نەڕۆخێن‌و گەرماییەکە هیچ کاریان تێنەکات.

دووەم: ڕووی ناوەوەی دیوارەکان و ئەرزەکە و سەقف و تەنانەت تاخمی نوستن و دانیشتەکانیش هەمووی دەبێ لە ماددەیەکی وا دروستکرابن کە ئاگریان تێبەربوو! ئاگرەکە نەتوانێ زوو بڵاو ببێتەوەو تەشەنە بکات.

سێیەم: لەنهۆمێکەوە بۆ نهۆمێکی تر دەبێ (جیهازی دژە بەرگریی لە دووکەڵ دابنرێت واتە کە لەنهۆمێک سوتان



روویدا یان ئاگر کەوتەوە، ئەو جیهازە بەرگریی لەدووکەڵەکە دەکات و ماوە نادات دووکەڵ و گڕەکە بڕوات بۆ نهۆمێکی تر کە هێشتا ئاگری تێبەر نەبووە. ئەم جهازەش پێی دەڵێن بڕینی دووکەڵ.

چوارەم: هەموو قادرمەکانی کە هەیە دەبێ لەمادەی وا دروستبکرێن کە ئەگەر ئاگری بۆ هات نەسوتێت و لەنزیک قادرمەکانیشەوە دەبێ جیهازی تەهویەی هەوا دابنرێ (کلیمە) کە ئیشی ئەوەیە لێناگەڕێ ئاگرەکە بۆ قادرمەکە بێ، کە خۆی لەکاتی ئاگرکەوتنەوەدا ئۆتۆماتیکی دەستدەکات بەکارکردن.

پێنجەم: لەهەر قاتێک دەبێ دوو رێگای هەڵاتنی تێدابێ، نابێ قاپی هەڵاتن لەشوێنی سووتانەکە لە 30 سی مەتر زیاتر دووربێ.

شەشەم: لەکاتی ئاگرکەوتنەوە ئەلارمی ئۆتۆماتیکی ئاگرکەوتنەوە دەبێ خۆی بکەوێتە ئیش و سیستمی ئاو ڕژاندن بکەوێتە کارو لەکوێ (دووکەڵ) هات سیستەمەکە خۆی ئاو بۆ ئەو شوێنە فرێ بدات تا گروپی ئاگرکوژینەوە دەگەنە شوێنی سوتانەکە. ئەو سیستەمەش بە تورکی پێی دەڵێن (سپرینکلار سیستەمی).

حەوتەم: دەبێ (سیستمی ئەلارم) خۆی ئۆتۆماتیکی خەبەر بداتە سەنتەری ئاگرکوژێنەوەو ئەوانیش راستەوخۆ

دەزانن ئاگرەکە لەکام ناوچەکەدایە، واتە ئەلارمی ئۆتۆماتیکی و ناوەندی ئاگرکوژێنەوە ئۆتۆماتیکی بەیەکەوە بەستراونەتەوەو لەهەمانکاتیشدا سیستمی ئەلارم دەبێ بەسترابێتەوە بەپۆلیس و ئیسعافەوە تا بەزوویی بگاتە شوێنی ڕووداوەکە.

هەشتەم: لەژووری هۆتێلەکان دەبێ دیوارەکان و یەتاخی نووستن و دۆڵابەکان لەمادەی وادروستکرابن کە بۆ ماوەی 70 حەفتا دەقیقە بەرگریی لەئاگرەکە بکەن و نەسوتێن و خۆیان ڕابگرن.

نۆیەم: ئەگەر هۆتێلەکە لەدوو نهۆم بوو! دەبێ لەهەر نهۆمێکدا دوو قاپی هەڵاتن و دەرچوونی تێدابێ.

دەیەم: دەرگاکانی کۆریدۆرو ئەوانیتر دەبێ لەمادەی وادروستکرابن کە بۆ ماوەی 30 سی دەقیقە خۆیان ڕابگرن و نەسوتێن.

یانزەهەم: دیواری کۆریدۆرەکان دەبێ وادروستکرابن کە لەکاتێ دووکەڵ زۆر بوو! ئۆتۆماتیکی ئەو دوکەڵە لەبۆشایی دیوارەکانەوە بڕواتە دەرەوە.

هیوادارین ئێمەش لەکاتی هۆتێل و ساختومان دروستکردندا وەک وڵاتانی دەوروبەری خۆمان سوود لە(یاساکانی بینا دروستکردن) وەربگرین و



لەڕێنومایییەکانیان لانەدەین بۆئەوەی کارەساتی وا ناخۆش و دڵتەزێن وا بەهاسانی ڕوونەداتەوە.

# رۆشنبیرانی کوردو سیاسەت لەباکوور

حکومەتی ئاک پارتی زیاتر ماوەی داوە بەڕۆشنبیرانی کورد بۆئەوەی زیاتر گرنگی بەسیاسەت بدەن و بتوانن تەعبیر لەئێش و ئازارەکانی خۆیان بکەن و داخوازییەکانی کە هەیانە سەربەستانەتر داوای بکەن. لەگەڵ ئەوەش کە بیری ئایینی لە ناوچە کوردییەکان زۆر بەهێزە، بەڵام حکومەتی ئەردۆغان هەوڵی داوە برایەتی نێوان کوردو تورک و ئیسلامی زیاتر بەهێز بکات. هەوڵی دا ئیمکانیاتی ئابووری زیاتر لەشەقامی کوردی سەرف بکات، بۆئەوەی گەلی کورد بەلای خۆیدا رابکێشێت. ئەمەش لەرێگای وەبەرهێنانی ئابووری و چارەسەرکردنی کێشەکانی تەندروستی و کردنەوەی قوتابخانەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی. هەروەها ڕاکێشانی سەرۆکی عەشیرەتەکان تا ئەو ڕادەیەی بەکاریشی هێناون لەدژی پەکەکەو هاوکاریی حکومەتیشیان کردووە. بێگومان لەبەرامبەر پارەو موغرایاتێکی زۆر، لەوانەش پێدانی مووچەی 80 هەشتا هەزار جاش کە ناویان لێناون پاسەوانی گوندەکان. بەڵام بەفیعلی ئەوانە جاشن و



هاوکاریی پۆلیس و سوپا دەکەن بۆ لێدانی پەکەکەو کێشەی کورد.

حکومەت لەسەر چاکسازییەکانی خۆی بەردەوام بوو، ئەویش بە ڕەخساندنی بواری ئەوەی کە تەلەفزیۆنی لۆکاڵیو و رادیۆی لۆکاڵی بەزمانی کوردی لەساڵی 2005ەوە لەهەندێ شاردا بکرێتەوە. هەروەها لەسەرەتای 2008 یش حکومەت کەناڵی تەرەتە شەشی بەزمانی کوردی کردووە. هەروەها قسەکردنی ئەحمەد تورکیش لەفراکسیۆنەکەی خۆی لەناو پەرلەماندا بەکوردی هەڵلایەکی ئەوتۆی دروست نەکرد (وەک ئەوەی کە لەساڵی 1991لەیلا زانا سوێندی بەکوردی خواردو خرایە زیندانەوە). ئەمانە هەمووی لەسەردەمی حکومەتی ئەردۆغان ڕوویانداوە. ئێستاش لەشەقامی تورکی بەدەنگی بەرز باس لەوە دەکرێ هەمووکەس کە لەتورکیا دەژی تورک نییە. بەڵکو هاووڵاتی تورکیایە، هەروەها تورکیا بەمەفهومی عرقی و قەومی بەکارناهێنرێت، بەڵکو بەمەفهومی جوگرافی بەکاردەهێنرێت. دواجاریش سەرۆکی ئەرکانی سوپا ئیلکار باشبو لە 2009/4/14 دا لەلێدوانەکەی لەگەڵ رۆژنامەنووسان تەئکیدی لەوە کردەوە کە وتی: ئەتاتورک مەبەستی ئەوە نەبووە هەرکەسێ لەتورکیا بژی تورکە، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە هەرکەسێ لەتورکیا دەژی هاووڵاتیی تورکیایە. ئەمەش ئاماژەیەکی

پۆزەتیڤی گرنگی سوپا بوو بۆ ڕەزامەندییان لەسەر گۆڕینی هەندێ ماددەی دەستوورو هەروەها ئاماژەشی دا بۆ دەرکردنی جۆرێک لەلێبوردنی گشتی. پاش ئەوە هاشم قلجی سەرۆکی دادگای دەستووریی لەلێدوانێکیدا وتی دەستوورەکەمان پێویستی بەهەموارکردنەوەیە. ئەمەش پاش وەرگرتنی تیشکی سەوز لەلایەن سوپاوە بوو.

دیارە گۆڕینی دەستووریش گرنگی زۆری هەیە بۆ هەموو نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکان کە لەتورکیادا هەن. هەروەها ئەردۆغان خۆشی تاکو ئێستا چەندین جار باسی لەپێویستیی تەواوی گۆڕینی دەستوور کردووە. ئەم هەنگاوانە وردە وردە بەو کەنارەدا ڕۆیشتن. تاکو ئەوەی کە کار گەیشتە سەر قسەوباسکردن دەربارەی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراسی یان کرانەوەی کوردی.



## چۆنیەتی خۆپیشاندان لەتورکیا

پێش ئەنجامدانی هەر خۆپیشاندانێک لەتورکیا، بەپێی یاسای خۆپیشاندان دەبێ سەرەتا والی یان (قایمقام) ئاگادار بکرێتەوە کە خۆپیشاندانێک لەفلانە شوێن لەفلانە کات و ڕۆژو بۆ فلانە مەبەست ئەنجامدەدرێ. دەبێ ماوەی دەستپێکردن و تەواوبوونی خۆپیشاندانەکەو بابەتی خۆپیشاندانەکەو شوێنی پێداڕۆیشتن و گەڕانەوەی خۆپیشاندان هەمووی ڕونبکرێتەوە، پاش ئەوەی والی یان قایمقام مۆڵەتی خۆپیشاندانەکەی دا. ئەوکاتە خۆپیشاندان ئەنجامدەدرێ، بەڵام ئەنجامدەران و بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە مەرجە ئەم شتانەی خوارەوەیان پێنەبێ تەنانەت ئەگەر بەکاریشی نەهێنن، نابێ لەگیرفانیشیاندابێ، چونکە سزای زۆری هەیە. شتەکانیش ئەمانەن: هەموو جۆرە چەکێک، مەودای تەقینەوە، مەودای ئاگرتێبەردان، چەقۆ، بەرد، دار، شیشی ئاسن، زنجیر، قامچی، بەنزین، جۆرەکانی گاز، هەموو جۆرە مادەیەکی ژەهراوی ئەمانە هەمووی قەدەغەن و واتە نابێ خۆپیشاندەران هیچ جۆرە ئامرازێکی لێدان و شەڕیان پێ بێ.

خۆپیشاندان لەرۆژی ڕووناکدا دەکرێ کاتژمێرێک پێش ڕۆژئاوابوون دەبێ خۆپیشاندانەکە کۆتایی هاتبێ، تەنیا ئەگەر خۆپیشاندانەکە لەسالۆنێکی داخراودا ئەنجامبدرێ. ئەوکاتە لەشەویشدا ئەنجامدەدرێ. بەڵام دەبێ پێش کاتژمێر 11ی شەو کۆتایی پێ هاتبێت. هەر هاووڵاتییەکی بێگانە کە لە تورکیا دەژی. ئەگەر بیەوێ لەهەر خۆپیشاندانێکدا بەشداربێت کە تورکەکان دەیکەن. ئەوا دەبێ ئەو کەسە بڕوات لەوەزارەتی ناوخۆی تورکیا مۆڵەتی فەرمی بۆ بەشداربووانی وەربگرێ، هیچ بێگانەیەک بێ وەرگرتنی موڵەتی بەشداریکردن، بۆی نییە لەهیچ خۆپیشاندانێک لەتورکیا بەشداریی بکات.

ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانی هەر خۆپیشاندانێک، خۆپیشاندەران یاساکانی خۆپیشاندانیان پێشێلکرد. ئەوا کۆمەڵێک سزا بۆ خۆپیشاندەران دانراوە:

یەکەم: ئەگەر ڕێرەوی خۆپیشاندانەکە بەئاراستەی دژی یاساو ڕێساکانی خۆپیشاندان ڕۆیشت، یان خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەت ئەنجامدرا، یان لەشوێنێک ئەنجامدرا کە مۆڵەتی ئەو شوێنە لەلایەن دامودەزگا فەرمییەکانەوە نەدرابوو، ئەوا چ ئەوانەی خۆپیشاندانەکە بەڕێوەدەبەن، چ ئەوانەشی کە بەشدارییان لەخۆپیشاندانەکە کردووە! بەپێی یاسا، سزا دەیانگرێتەوە، وە بۆ هەریەکەشیان لەساڵێک و شەش مانگ



تا 3 سێ ساڵ زیندانی یان لە 10 ملیۆن تا 25 ملیۆن لیرەی تورکی سزای پارەی هەیە.

دووەم: ئەگەر لەکاتی خۆپیشاندانێکی مۆڵەت پێدراوی فەرمی گرووپێکی تر خەڵک هاتن‌و دژی ئەو گرووپەی کە خۆپیشاندان دەکات، دەستیان بەجنێودان‌و تەشهیر کردو تەهدیدیان کردن، ئەوا لەو حاڵەتەشدا سزای یاسایی بۆ هەریەکێکیان لە 9 نۆ مانگ تا ساڵێک و شەش مانگ زیندانی دانراوە یان بەپارە سزای 5 ملیۆن لیرە تا 15 پانزە ملیۆن لیرەی تورکییە.

سێیەم: ئەگەر خۆپیشاندەران دەستیان بەجنێودان‌و تەشهیرکردن بەلایەنی بەرامبەر کرد. لەو حاڵەتەشدا بەشداربووان بۆ هەریەکەیان بەپێی یاسا ساڵ و نیوێک تا سێ ساڵ زیندانی دانراوە یان بە پارە سزاکەی 5 ملیۆن لیرە تا 20 بیست ملیۆن لیرەی تورکییە.

چوارەم: لەکاتی ئەنجامدانی هەر خۆپیشاندانێک خۆپیشاندەران نابێ ئەم شتانەی خوارەوەیان پێ بێت. تەنانەت ئەگەر بەکاریشی نەهێنن. چونکە قەدەغەیەو سزای زۆر گەورەی هەیەو شتەکانیش ئەمانەن: هەموو جۆرە چەکێک، مەوادی تەقینەوە، مەوادی ئاگرتێبەردان، چەقۆ، بەرد، دار، شیشی ئاسن، زنجیر، قامچی، بەنزین، جۆرەکانی گاز، هەموو جۆرە مادەیەکی ژەهراوی سزاکەشی لە 2 دوو

ساڵ بۆ 5 پێنج ساڵە. ئەو سزایە بە پارە قەرەبوو ناکرێتەوە. ئەو کەسە دەبێ بڕواتە زیندان.

پێنجەم: سەرۆکی خۆپیشاندانەکەو 6 شەش کەسیتر دەبێ لەکاتی مۆڵەت وەرگرتن واژۆ بکەن بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی سەلامەتی خۆپیشاندانەکەو بەڕێکی تێپەڕبوونی خۆپیشاندانەکە نابێ هیچ بەیان و پلاکات و سلۆگانێک بڵاو بکرێتەوە کە پێشتر شێوەو ناوەڕۆکەکەی بەهێزە ئەمنییەکان ڕانەگەیەنرابێ!

شەشەم: لەهەموویان گرنگتر ئەوەیە، ئەگەر خۆپیشاندانەکە ڕێرەوێکی نایاسایی وەرگرت و دژی قانوون و ڕێساکان ڕۆیشت! بۆنمونە لەو حاڵەتەدا ئەگەر پۆلیس وتی بڵاوی لێبکەن و کۆتایی پێ بێنن و خۆپیشاندەران هیچ گوێیان بەپۆلیس نەداو بڵاوەیان لێنەکردو بەردەوامبوون لەو حاڵەتەشدا بۆ هەر بەشداربوویەکی ناو خۆپیشاندانەکە سزای زیندانی لە ساڵ و نیوێک تا 3 سێ ساڵ زیندانی هەیە. یان بەپارە 5 ملیۆن لیرە تا 30 سی ملیۆن لیرەی تورکی سزای هەیە هیوادارین لەکوردستان سوود لەیاساو ڕێساکانی دەوروبەرمان وەربگرین.



# ریفراندۆم و چاکسازیی

ئەو 29 مادەیەی کە ڕەوانەی دادگای دەستووریی کرابوون. پێش چەند ڕۆژێک لەلایەن دادگای دەستوورییەوە بۆ تەعدیلاتێکی زۆر سووک کە لە ڕستەیەک تێناپەڕێ. دادگای دەستووری ڕەزامەندی لەسەر داو ڕەوانەی ڕیفراندۆمی کرد کە لەڕۆژی 9/12 ئەنجام دەدرێت، بەمەش پارتی دادوگەشەپێدان لەهەوڵی یەکەمیدا سەرکەوت، هەرچەندە ڕەنگە شتێکی راستەوخۆی ئەوتۆی بۆ کورد تێدانەبێ! بەڵام گۆڕینی هەندێ مادده لەدەستوورێک، کە سوپا دایناوە. 29 ماددەی دەربارەی گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی لەتورکیا لێبگۆڕدرێت ئەمە خۆی لەخۆیدا گۆڕانێکی گەورەو هەنگاوێکی باشە، بۆ ڕوانین لەداهاتوویەکی پرشنگدار بۆ دوارۆژی هەموو پێکهاتەکانی ناو تورکیا لەنێوان یەکتریدا. جێگای داخە حزبە کوردییەکە، پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بێ دێ پێ) دیسان وەک هەردوو حزبی تورکی (جەهەپەو مەهەپە) بەڕەسمی دژایەتی خۆی بۆ ئەو ماددانە ڕاگەیاندو وتی: لەڕێفراندۆمەکەدا لەدژی ئەو گۆڕانە دەستووریانەدا دەنگ دەدەین، بەڵام ئەوەی

هەستی پێدەکرێ، کوردی تورکیا ئەمجارە پێناچێ بەقسەی حزبە کوردییەکە بکەنو بەئەگەری زۆرەوە دەنگ بەبەڵێ (ئێڤێت) بۆ گۆڕانکارییەکان لەدەستوورەکەدا دەدەن. ڕای زۆربەی خەڵک و چاودێرانیش ئەوەیە، کە هەموارکردنە دەستوورییەکە لەڕێفراندۆمەکەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ و تێدەپەڕێ. دیارە دوای سەفەرە سەرکەوتووەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بارزانی بۆ تورکیا، شەڕو کێشەی زۆر لەنێوان چەکدارانی پەکەکەو سوپای تورکیا دروست بوو کە لەڕاستیدا ڕایەک هەیە دەڵێ: ئەم شەڕانە بۆ تێکدانی سەفەرەکەی کاک مەسعود بارزانی و ئیحراجکردنی هەڵوێستی سیاسی تەواوی کۆنگرەیەکی کوردستانی لەو کات و ساتەدا لەهەولێر ببەستێ. کە ئێستا هیچ کاتي بەستنی ئەو جۆرە کۆنگرانە نییەو گوناهە کوردی عیراق بۆ ناو هەندێ کێشە پەلکێش بکرێ. چونکە کۆنگرە بشبەسترێ، ئەگەر هەموو لایەنەکانی بەشداربوو، پابەند نەبن بە بڕیارەکانی کۆنگرەو ئەنجامەکەی، چ سوودێکی دەبێ! خۆ ئەگەر ئامانجیش لەڕاکێشانی کوردستانی عیراق نییە با لەئەورووپا ئەو کۆنگرەیە ببەسترێ؟ ئەگەریش ئامانج ڕاکێشانی سوپای تورکیایە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستانی عیراق! ئەمە پرسیارێکی ترەو بڕوا ناکەم سەرکردایەتی کوردستانی عیراق-یش، ئەو یارییەی بەسەردا تێپەڕببێ! کە



لەسەرەتاوە دەزانێ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە زیانی زۆر بەهەرێمەکەمان دەگەیەنێ. چونکە تورکیا ئێستا بەوردیی تەماشای داهاتووی عیراق دەکات. لەلایەک چاوەڕێی پێکهاتنی حکومەتی تازە دەکات. لەلایەکی تریشەوە چاوەڕێی ئەوە دەکات کە ئایا هەڵوێستی عیراق و سەرۆکایەتی هەرێمن دەربارەی ئەو شەڕانەی کە لەو دواییانەدا ڕوویاندا چی دەبێ؟

لەوەتەی ئاک پارتی-یش هاتۆتە سەر حوکم و دەسەڵات، تائێستا لێنەگەڕاوە، سوپای تورک بچێتە ناو کوردستانی عیراقەوە. بەبەراورد کردن لەگەڵ حکومەتەکانی پێشووی خۆی. بەپێچەوانەی ئەوانەوە، گرنگی بەدروستکردنی پەیوەندیی بازرگانیو ئابووریی و پەیوەندیی باشکردنەوە لەگەڵ هەرێم داوە. بەڵام ئێستا شەڕوپێکدادان زۆر بووە. بۆیە پێویستە یەکێتی و پارتی و هەموو حزبەکانی تری کوردستانیش، ئەم وەزعە تازەیە، دیراسە بکەن و هەموو لایەک پێکەوە هەوڵدەین بۆئەوەی ئاشتی سەرکەوێ و ئەو شەڕو شۆڕانەی کە ڕوودەدەن بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە لەڕێگای دیالۆگەوە لەسەر سنوورەکانی خۆمان دووربخەینەوە. ئەگەر ئەوە نەکەین لەداهاتوودا ڕوبەڕوی هەڕەشەی گەورە دەبینەوە.

# تێکەڵ نەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان

لە تورکیا جۆرەها هەڵبژاردن هەیە. هەڵبژاردنی پەرلەمانی گەورەی تورکیا، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان هەڵبژاردنی سەندیکاکان...هتد، بەڵام ئەنجامی هەریەک لەمجۆرە هەڵبژاردنانە، هەریەکەی وەک خۆی هەڵدەسەنگینرێت و تێکەڵاو بەیەکتریی ناکرێن، هێزو توانای حزبەکان بەگوێرەی جۆری هەڵبژاردنەکان لێک دەدرێتەوەو توانای حزبەکان هەڵدەسەنگێندرێ. تەنانەت خەڵکەکەش بۆ پەرلەمان بەجۆرێک دەنگ دەدەن و بۆ شارەوانییەکانیش بەجۆرێکی تر دەنگ دەدەن. ڕەنگە خەڵکێک هەبێ لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا بۆ حزبێکی دیاریکراو دەنگ بدات، بەڵام لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان بۆ هەمان حزب دەنگ نەداتەوە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تێکەڵاو ناکرێ و بەپێی جۆری هەڵبژاردنەکە وەک خۆی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ. لەکوردستانی عیراق، ئیشتیبایە بویسترێ یەکێتی بەبچووکی سەیر بکرێ؟ جێگای سەرسوڕمانە هەندێجار، ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق و ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی



کوردستان تێکەڵاو دەکرێ. بێئەوەی لێکبدرێتەوە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق جۆرێکە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش جۆرێکی ترەو ئەویش گرنگی و بایەخێکی تری هەیەو بەداخەوە خوێندنەوەیەکی دروستیان بۆناکرێ. واتە دوو هەڵبژاردنی زۆر لەیەکتری جیاوازن، بۆیە نابێ ئەنجامەکانیشیان بەتێکەڵاوی سەیر بکرێ. هەموو کەس دەزانێ، یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ هاوپەیمانەکەی خۆیدا لەپەرلەمانی کوردستان نیوە بەنیوەیە. تەنانەت یەکێتی نیشتمانی لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لەکۆی 41 چل و یەک کورسی ئێستا 16 شانزە کورسی هەیە. برایانی پارتی 19 نۆزدە کورسی و دیارە کورسیەکانی تریش هی حزب و هاوپەیمانەکانی ترن.

کەچی دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 7-3ی پەرلەمانی عیراق، لێکدرایەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەواو بەرەو کۆتایی ڕۆیشت و بووە حزبێکی ژمارە دووی زۆر بچووک، لێرەش بەدواوە دەبێ خێری پێبکرێ. لەکاتێکدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو هەڵبژاردنەی ئەمدواییەشدا، نزیکەی 650 هەزار دەنگی هێناوە. ئەمە دەنگێکی کەم نییە کە یەکێتی هێناویەتی بۆیە ئیشتیبایە ئەگەر بویسترێ یەکێتیی نیشتمانیی بەبچووکی

سەیر بکرێ هەر لەبەرئەوەی ژمارەی کورسییەکانی زۆر نییە.

ئەوانەی دەیانەوێ یەکێتی وەک حزبێکی بچووک سەیر بکەن. مێژووی کوردو مێژووی یەکێتییان باش نەخوێندۆتەوە. یەکێتی لەبەغدا هەر مەسئولەتێک وەرگرتبێ، لەداهاتووشدا وەربگرێ! بەری ڕەنج و خەبات و ماندوبوونی خۆی و هاوپەیمانییەکانی بووەو دەبێ. کەس خێری پێ نەکردووە. خۆی شەخسی مام جەلال خۆی، بەتەنیا حزبێکەو خودی خۆی هێز دەبەخشێ بەکورسی سەرۆک کۆمار جا چ جای هەوڵدان بۆ فەرامۆشکردنی ئەو یەکێتییەی کە دەریایەک خوێنی داوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپێناوی سەرکەوتنی هاوپەیمانیەتی نێوان یەکێتی و پارتی، قوربانیی زۆری داوە. یەکێتیی لەپێناوی کوردو کوردایەتی و مسۆگەرکردنی فیدراڵی و داکۆکیکردن لەمافەکانی گەلی کورد، چۆتە بەغداو مام جەلال-ی ناردۆتە بەغدا. لەئەنجامی فەراغی مام جەلال لەکوردستانیش، ڕەنگە وەک خۆی یەکێتی بۆ ماوەیەکی کورت زەرەری کردبێ و تووشی کۆمەڵێک کێشەو گرفتی ناوخۆ بووە، بەڵام کورد بەگشتی لەبوونی مام جەلال لەبەغدا، قازانجی کردووە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرژەوەندیی کوردی بەلاوە گرنگتر بووە، وەک



لەبەرژەوەندیی حزبی و تایبەتی خۆی، لەوەشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەشیمان نییە کارێکی سیاسیانەو ژیرانەو مەسئولانەو کوردانەی کردووە کە جەنابی مام جەلال وەک سەرۆکی کۆمار لەبەغدا خزمەتی عیراقو تەواوی گەلانی عیراقو گەلی کوردستان دەکات، ئەڵبەتە هاوپەیمانیەتی نێوان یەکێتی و پارتی و پشتیوانیی برایانی پارتیش ناشارینەوەو دیاربووەو جێگای سوپاسە. ئەوە وایەو هاوپەیمانیەتییەکی دوو لایەنەیە.

ئەگەر تەماشای هەڵبژاردنی ئەم دواییەش بکەین. دەبینین یەکێتی و بە گۆڕان لەسەرووی یەک ملیۆن و سەد هەزار دەنگیان زیاتر هێناوە. ئێستاش یەکێتی بەتەنیا، نزیکەی شەش سەدو پەنجا هەزار دەنگی هێناوە. ئەم ژمارەیە ژمارەیەکی کەم نییە! لەگەڵ ئەو بوومەلەرزەیەش کە لەیەکێتی دا، هێشتا یەکێتی زوو خۆی گرتەوەو هەڵسایەوە. ڕاستییەک هەیە بیزانین ئەویش تواناو بوون و گەورەیی یەکێتی و جەماوەری یەکێتی و خۆشەویستی یەکێتی دەسەلمێنێ. بۆیە بەتەنیا هەڵبژاردنێک نابێتە پێوەر بۆ لاوازیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، واتە ئەو ئەنجامەی ئەمجارەی پەرلەمانی عیراق، جگە لەوەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق بوو، هی کوردستان نەبوو، ئەمەشیان دیسان پێوەر نییە بۆ لاوازبوون و داڕمانی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان، گرنگ ئەوەیە هاوپەیمانیی کوردستان سەرکەوت و بەکوردی ئەوانەی دەیانەوێ درز بخەنە نێوان هاوپەیمانێتی یەکێتی و پارتی بڕواناکەم تا مام جەلال و کاک مەسعود مابن لەو هەوڵەیان سەرکەوتووبن. چونکە ئیرادەی گەلی کوردستان تەبایی و برایەتی نێوان یەکێتی و پارتی و هەموو لایەنەکانی دەوێ. بەڵام ناشبێ چیتر سەرە نیزە بنرێ بەسینگ و هەست و سۆزی ئەندامان و جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.



## عیراق ناوەندی ململانێ

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، عیراق ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بووە، ناوەندی ململانێی بەهێزی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئێران، ئاشکراشە کە ئێران کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر پێکهاتەکانی عیراق هەبووەو هەیە بەتایبەتیش لەناو شیعەکان نفوسێکی بڕیاردەری هەیەو لەناو عیراقیشدا ئێران ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوی هەیە. ئەم ململانێیە زۆرجار بەڕونی لەنێوان ئەمریکاو ئێران لەزۆر بواردا بەرچاو کەوتووە. تەنانەت لەدوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقیشدا ئەم ململانێیە زیاتربووە. بەڵام ئەمجارەیان هەندێ هێزی دەرەکی تریش خۆیان خستۆتە دۆسێی عیراق و هاوکێشە سیاسییەکەی. لەوانەش تورکیاو وڵاتانی عەرەبی کە جاران ڕاستەوخۆ تەداخولی ئیشوکاری ناوخۆی عیراقیان نەدەکرد. دەستیان لەکاروباری ناوخۆی عیراق بەڕاستەوخۆ وەرنەدەدا. بەڵام بەئاشکرا ڕاستییەک خۆی دەسەلمێنێ. ئەویش هەم وڵاتانی عەرەبی، وەک سعودیەو سوریاو میسر، هەمیش تورکیا بەئاشکرا دەیانەوێ لەپێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عیراقدا قسەی خۆیان هەبێ. باشترین نموونەش ئەنجامدانی

کۆبوونەوەی سێقۆڵی هەرسێ سەرۆکی (قەتەرو سوریاو تورکیا) بوو کە لە 5/9 لەئیستانبوڵ ئەنجامدرا. لەو بارەیەشەوە تورکیا بەڕوونی دەیەوێ، لەداهاتوودا لەعیراق هەم رۆڵی سیاسی و نفوسی زیاتر بێ، لەهەمانکاتیشدا ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوە، سێ قۆڵییە، پەیامێکیش بوو بۆ ئێران، بەوەی کە ئێران لەبڕیاردان لەچارەنووسی عیراق و پێکهاتنی حکومەتەکەی تەنیا خاوەن هەڵوێست و بڕیاردەر نییەو مەیدانەکەش بەس بۆ ئێران چۆڵ ناکەن. هەرئەوەش هۆکاری ئەوە بوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئێران بەشداریی پێنەکرا. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەش، لاریجانی هات بۆ ئیستانبوڵ، سەرۆکی تورکیای بینی. سەرۆک کۆماری تورکیا گویل ڕاکانی هەرسێ وڵاتی دەربارەی عیراق بەئێران ڕاگەیاند. لەلایەکی تریشەوە تورکیاو هەندێ لەوڵاتانی عەرەبی بەئاگاداریی ئەمەریکا پشتیوانی تەواو لەلیستی ئەلعیراقییە دەکەن. ململانێکە ئێستا پێی ناوەتە قۆناغێکی زۆر تازەوە ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین عەلاوی لەماوەی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، تائێستا چوارجار هاتۆتە تورکیا. تاریق هاشمی سێ جار هاتووە بۆ تورکیا. ئەمەش هۆکارێکی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی لە هەڵوێستی هەندێ لەسەرکردەکانی عیراق و هەندێکیان بەئاشکرا وابەستەی بیروبۆچوونەکانی وڵاتانی دەوروبەرن. ئەمەش وایکردووە



ململانێکە قووڵتر ببێتەوە، تەداخولی دەرەکی لەئیشوکاری ناوخۆی عیراق زیاتر ببێ. هەرچەندە وڵاتانی هاوسێ لەلێدوان و هەڵوێستە ڕەسمییەکانی خۆیان دووپاتی دەکەنەوە کە ئەوان لەگەڵ هەڵوێستی عیراقییەکانن و هەر حکومەتێکی کە ئەوانیش پێکی بێنن هاوکاریی دەکەن، بەڵام لەمەیدانی پراکتیکدا هەموولایەک دەست لەکاروباری ناوخۆی عیراق وەردەدەن. دیارە لیستی عیراقییەش کە عەلاوی سەرپەرشتی دەکات. لیستێکە لەناوخۆیدا هەرچەندە خیلافاتێکی زۆری تێدایە، بەڵام لەبەرامبەر لیستەکانی شیعەو کورد، ڕێکیان خستوون، تورکیا هەوڵیداوە خیلافاتیان نەهێڵێت و توانیویەتی هەموویان لەناو ئەو لیستەدا کۆبکاتەوە. ئەمەش هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرەو لیستی ئەلعیراقییەو سەرکردەکانی بەبێ تورکیا ناجووڵێنەوەو تەنسیقێکی تەواویش لەنێوان تورکیاو سوریاو سعودیە لەوبارەیەوە هەیە. ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عیراق زۆر ڕاستی تریشی دەرخست. لەوانە شۆڤێنیزم لەعیراق زیادیکردووە. بزووتنەوەی ڕادیکاڵی مەزهەبی زۆر گەشەی کردووە، هێزە چەپەکان بەداخەوە بەرەو لاوازی ڕۆیشتوون و پاشەکشەیان کردووە. کەلتووری دیموکراسی لەعیراق بەداخەوە بەرەو لاوازی دەڕوات. لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە دەرکەوت خەڵکی عیراق زۆر

بەکەمی دەنگ بەژنان دەدەن. هەروەها تەداخولاتی ئیقلیمیو دەرەکی زۆر زیادیکردووە. هەندێ هێز لەعیراق هەن بەتەواوی وابەستەی دەرەوەن. لەناویاندا لایەنی مەزهەبی هەیە، هەروەک ڕایەڵەی نەتەوەپەرستیش هەیە، لەهەمووی ترسناکتریش ئەوەیە، خۆ ڕێکخستنەکە بەئاشکرا دەردەکەوێت. لەو دواییەشدا سوریا بواری بۆ ڕەخساندن کە کۆنگرەی خۆیان بە ئاشکرا ببەستن. ئەم دیاردانە، ئەم مەترسیانە، جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنن و لێکدانەوەو دیراسەیەکی قولی هەموو هێزە نیشتمانپەوەرەکانی عیراقە. بەتایبەتیش سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە لەئاست ئەو دیاردانەدا هەڵوێستەیەکی جدی بکات، بەکوردی دەستێوەردانی دەرەکی لەداهاتوودا زیاتر زیان بەئەزموونی هەرێمی کوردستانی عیراق دەگەیەنێ ئەگەر لەئێستاوە خەمی لێ نەخۆین و تەگبیری دروستی بۆ نەکەین.



## بێدەنگبوونی سەرۆکی ئەرکان

پێشان هەفتانە سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەسەر وەزع دەبەست و زانیاری دەربارەی کاروباری سەربازیی دەداو ڕای خۆشیانی لەسەر هەموو ڕووداوەکان ڕووندەکردەوە.

دوای کۆبوونەوەیەکی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی سوپا، ئەو کۆبوونەوەیە تەواو بوو لێرە بەدواوە ئەو جۆرە گۆنگرە ڕۆژنامەوانیانە نابەسترێ. ئەگەر قسەو ڕایەکیان لەداهاتوودا هەبێ! لەکۆبوونەوەی ئاسایشی نەتەوەییدا قسەی خۆیان دەکەن. تەنیا ئیشیان پاراستنی سنوورەکانی تورکیایە. لەوبارەیەوە حکومەت هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاندووە. تواناو هێزی حکومەتی ئەردۆغان-یش کە هەیە، سەرچاوەکەی بریتییە لەقەناعەتە ئاینییو سیاسییەکەی خۆی، هەروەک جەماوەری حزبەکەی. بێگومان لەگەڵ پشتیوانیی ئۆباماو ئەمریکاش، سەرباری ئەوانەش تورکیا ئەوروپاشی باش ناسیووە. ئەوروپا نفوسێکی زۆری لەناو گەنجدا هەیە. دەتوانێ سوودێکی زۆر لەو توانا زۆرەی

خۆی لەبەرامبەر ئەورووپادا وەربگرێ. لە30%ی دانیشتووانی تورکیا تەمەنی گەنجەو لەژێر 23 بیست و پێنج ساڵیدایە.

بەپێی لێکدانەوەکان، لەداهاتوودا ئەورووپا زۆر پێویستی بەتورکیا دەبێ بەتایبەتی بەریتانیا، دیارە جۆرێ لەململانێ لەنێوان بەریتانیا لەلایەک و فەرەنساو ئەڵمانیاش لەلایەکی ترەوە هەیە. ئەڵمانیاو فەرەنسا نفوسێکی سیاسی و ئابووریی بە هێزیان لەئەورپادا هەیە. لەزۆر هەڵوێستیشیاندا پێکەوە کاردەکەن. هەردوولایان لەناو یەکێتیی ئەورپاشدا ئەندامن. بەریتانیا لەو هاوکێشەیەدا تەنیایە، بۆیە پێی خۆشە تورکیا لەیەکێتیی ئەوروپا وەربگیرێت. بەپێچەوانەی فەرەنساو ئەڵمانیا کە کێشەو گرفت بۆ چوونی تورکیا بۆناو یەکێتی ئەورووپا دروست دەکەن. بەریتانیا بۆ راستکردنەوەی هاوکێشەکە، لەڕووی سەرچاوەی نفوسی گەنج، تەنانەت لەڕووی فراوانی بازاڕی ئابووریشەوە پێویستی بەتورکیایە. ڕوونیشە پەیوەندیی نێوان ئەمریکاو بەریتانیاش لەهەموو ڕوێکەوە زۆر بەهێزە، بۆیە هەم بەریتانیا، هەمیش ئەمریکا پشتیوانی لەچوونی تورکیا بۆناو یەکێتی ئەورووپا بەجدی دەکەن، بۆئەوەی تورکیاو بەریتانیا پێکەوە لەبەرامبەر فەرەنساو ئەڵمانیا بازارێکی ئابووری دروست بکەن. تورکیا دەرکی بەو ڕاستییە کردووە، بۆیە دەیەوێ پیشانی ئەورووپا بدات کە تورکیا دەتوانێ بەدیلی یەکێتیی ئەورووپا بۆ خۆی



لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای ئیسلامیدا دروست بکات. ئەگەر لەیەکێتی ئەورووپا وەریان نەگرن، لەبەرئەوە تورکیا ئەمڕۆ بۆ خۆی کارتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بەباشی بەکار دەهێنێ. لەو بوارەشدا هەم لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، هەمیش لەگەڵ تەواوی وڵاتانی ئیسلامی پەیوەندییەکانی خۆی ڕێکخستۆتەوە، گەشەی پێداوە. بەبایەخیشەوە خستونەتیە ناو ئەجندای سیاسی ڕۆژانەیەوە. ئەو هەڵوێستە سیاسییانەی ئەردوغانیش کە لەبەرامبەر ئیسرائیلدا دەینوێنێ! هەڵوێستێکی مەبدەئی و ئاینییە لەبیروباوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە. بەدڵنیاییش دەشیەوێ وەزعی ناوخۆیی و پێگەی جەماوەریی خۆی و حزبەکەشی لەناو تورکیادا پێ بەهێزتر بکات.

لەلایەکی تریش تورکیا ئەوە باش دەزانێ کە ئەمریکا پاڵپشتی لەبڵاوکردنەوەی ئەو شێوە حوکمەی ئێستای تورکیا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. تورکیاش ئیستغلالی ئەو خاڵەی بۆخۆی بەباشی کردووە. دەیەوێ خۆی بکاتە وڵاتێکی ئیقلیمی بەهێزی خاوەن قسەو بڕیارو لەهەموو ڕووداوێکی سیاسیو ئابووریشەوە لەناوچەکەدا ڕۆڵی هەبێت لەو بارەیەوشەوە ئەمریکا تورکیایەکی عەلمانی سەر بەناتۆو حزبێکی بەئەساس ئیسلامی موعتەدیل و دیموکراسی مۆدێرن بەڕابەرایەتی ئەردۆغان

لەناوچەکەدا بەئەکیدی پاڵپشتی دەکات و هاوکاریی دەکات. سەرباری ئەوەش لێرەو لەوێ ڕەنگە ئەمریکا لەزۆر سیاسەتی حکومەتی ئەردۆغانیش ئاسوودە نەبێت، بەڵام ئەمریکا مەبەستێتی ئەو شێوە حوکمەی تورکیا لەناوچەکەدا دەعم بکات. نایەوێ سبەی ڕۆژێ لەجیهانی ئیسلامیدا ئەحزابی ئیسلامی توندڕەو و ڕادیکاڵ حوکم بگرنە دەست، یا ڕۆژێ لەڕۆژان تورکیا بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات. ئەگەر پرسیار بکرێ، هێزی ئەردۆغان لەچیدایەو هەموو ڕۆژێ ناڕەزایی خۆی بەرامبەر سیاسەتی ئیسرائیل دەردەبڕێ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، سەرچاوەکەی بریتییە لەهێزی ئەردۆغان و ئەم خاڵانەی کە لەسەرەوە باسمکردن.

بۆیە لەگەڵ ئەو هەموو کێشەو گرفتانەش کە ئەمڕۆ ئاک پارتی لەتورکیا ڕووبەڕوی بۆتەوە، ئەگەر هەڵبژاردن ئەمڕۆ لەتورکیا بکرێتەوە، پارتی دادو گەشەپێدان بەپلەی یەکەم دەردەچێتەوە. ڕەنگە تا نزیکەی لەسەدا 40% چلی دەنگەکانیش بهێنێ. سەرباری بوونی کێشەو گرفتی ئابووریی، کرانەوەی کوردی و ئەو گرفتانەش کە ڕۆژانە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بۆی دروست دەکرێ. بێگومان ناوەناوە کەم دەکات، بەڵام ناوەناوەش زیاد دەکاتەوە.



پێش مانگی ئۆکتوبەری 2009 دۆخی پارتی دادو گەشەپێدان لەڕووی جەماوەرەوە زۆر لەئێستا باشتربوو بەتایبەتی پێش 19-10-2009 کە ئەو 36 سی و شەش کەسەی پەکەکە گەڕانەوە، ئەوکات لەسەدا 65%ی خەڵکی تورکیا، دژی کرانەوەی دیموکراتی و چارەسەرن، دژی سیاسەتی پەکەکەن، دژی سیاسەتی حزبە کوردییەکەشن کە ئێستا لەناو پەرلەماندایە. لەو ماوەیەدا هەڵەی سیاسی زۆر کرا. لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا، حکومەت وازی لەکرانەوەی دیموکراسی نەهێناوە. بەکوردی دەیەوێ لەم نزیکانە، هەندێ پرۆژە یاسا بباتە ناو پەرلەمان گەرچی ئەو پرۆژە یاسایانە، ڕەنگە شتی زۆر گرنگی بۆ کورد ڕاستەوخۆ تێدا نەبێ. بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەناوی گرنگن، بۆ بوونی وجودی کوردو ئازادی و سەربەستی و دیموکراسی، لەهەموو ڕوێکەوەو ڕێخۆشکردنێکیشە بۆ گۆڕینی هەندێ مادەی گرنگ لەدەستووردا، گرنگ ئەوەیە کوردیش بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، چونکە هەندێ جار فرسەتی باش بۆ کورد دێتە پێشەوە. بەڵام بەداخەوە هەموو جارێ بەبەلاش لەدەستی دەدات بەداخەوە.

# کێشەی کورد لەتورکیا!

ڕوداوێکی گرنگی تر کە لەتورکیا ڕوویدا ئەوە بوو کە پەرلەمانی تورکیا لەمارتی 2003 هاتنی هێزەکانی ئەمریکای بۆ ناو خاکی تورکیا رەتکردەوە، ئەمەش ئەنکەرەی خستە بەردەم تەحەدایەکی گەورە لەبەرامبەر واشنتۆن لەپەیوەندییەکانی نێوانیاندا کە لەوبارەیەوە سوپای تورکیاش زۆر نارەحەت بوو، کاتی جێگری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا (پۆل وۆلفۆیتز) لەوەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووس (جەنگیز چاندارو محەمەد عەلی پیراند) لە 6-5-2003 کە وتی سەرمان سوڕما لەبەرچی ئەو سوپایەی کە پەنجا ساڵە بەخێوی دەکەین و تەداخولی ئەکرد، حکومەتی ئەردۆغانی لانەدا لەسەر رەتکردنەوەی هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ناو تورکیاو تێپەڕبوونی بۆ عیراق، ئەم هەڵوێستە بێدەنگییەی سوپای تورکیا، واشنتۆنی تووشی سەرسوڕمان کردو واشنتۆن لەو هەڵوێستەی سوپای تورکیا هیچ تێنەگەیشت! بۆ وا بێدەنگ وەستا لەئاست بڕیاری پەرلەمانی حکومەتەکەی ئەردۆغان؟ هەر لەو دیدارەشدا (پۆل وۆلفۆیتز) ئاماژەی بەوەدا کە لەسوپای تورکیا توڕەنو ئیتر وەک



پێشان پشتیوانیی سوپای تورکیا ناکەن. زۆری پێنەچوو لە4ی تەممووزی 2003 دا برێمەر تووڕەکەی کردە سەری ئەفسەرە تورکەکان لەسلێمانی. ئەمەش ئاستی توڕەیی سوپای ئەمریکای لەبەرامبەر سوپای تورکیا پیشانداو سوپای تورکیاش نەیتوانی هیچ شتێک لەبەرامبەریدا بکات. جگە لەناڕەزایی دەربڕین نەبێت! روونیشە کە جەنەڕاڵەکانی تورکیا ناتوانن بێ ئەمەریکا هیچ هەنگاوێک بهاوێژن؟ واتە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی‌و تیشکی سەوز لەسوپای ئەمەریکا، سوپای تورکیا ناتوانن هیچ شتێک بکەن. ئەو سیاسەتەی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا وای لەحکومەتی ئەردۆغان و هێزەکانی ناو تورکیا کرد کە هەڵوێستیان لەبەرامبەر سوپای تورکیا بەهێزتربێت و لەساڵی 2005 سوپای تورکیا لەناو تورکیادا کەوتە بەردەم هەڵمەتێکی مێدیایی زۆر بەهێزی حکومەتی ئەردۆغان و پارتە سیاسییەکان و ناوەندەکانی تر. بێ ئەوەی جەنەراڵەکان بتوانن هەر وەڵامی ئەو هەڵمەتەش بدەنەوە، چونکە هەڵوێستیان زۆر لاوازبوو، ئەمەش کەشی ئەوەی بۆ حکومەت ڕەخساند کە زیاتر ئاوڕ لەمەسەلەی کورد بداتەوەو تەشویق بوو بۆ زیاتر ڕووەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیاو سەربەستانەش باس لەبوونی کێشەی کورد بکات. هەر ئەوەش بوو لەئابی 2005 وای لەئەردۆغان کرد وتارە

مێژووییەکەی خۆی لەدیاربەکر پێشکەش بکات کە وتی: (کێشەی کورد هەیەو کێشەی کورد کێشەی منەو دەبێ چارەسەری بکەین). دیارە لەسەردەمی حکومەتی ئەجەویدیش هەندێ هەنگاوی سەرەتایی لەوبارەیەوە دەستی پێکردبوو کە بریتی بوو لەبەکارهێنانی زمانی کوردی لەهۆکانی ڕاگەیاندن و گوێگرتن لەگۆرانی کوردی، هەروەک ماوەشیان دا فێربوونی زمانی کوردی لەهەندێ ئامۆژگای تایبەت بەسنوورداریی بخوێنرێ.

هەنگاوێکی گرنگی تری حکومەتی ئەردۆغان ئەوەبوو لەحوزەیرانی 2003 هەرچی حاڵەتی (تەواری) هەبوو لەناوچە کوردنشینەکان هەڵیگرت و ئیدارەی مەدەنی گێڕایەوە شوێنەکان و عەسکەری لەو شوێنانە دوورخستەوە کە لەساڵی 1979وە ئەو حاڵەتی (تەواری)یە دەستی پێکردبوو کە ئەمەش حاڵەتێکی ناسروشتی بوو، بەڵام ئەردۆغان وەزعەکەی هێور کردەوەو گێڕایەوە بۆ بارودۆخێکی ئاسایی.

حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان ڕۆڵێکی گرنگی تریشی بینی، ئەویش لەگۆڕینی هەندێ یاسای ناو دەستووری تورکیا لەماوەی ساڵانی 2001 تا 2005 کە ئەمەش لەسەر داوای یەکێتیی ئەوروپا بوو بەتایبەتیش لەبواری سەربەستیی ڕادەربڕینو پێشکەوتنی دیموکراسیو مافی



مرۆڤ و یەکسانیی ژنو پیاوو ڕەخسانی خۆپیشاندانو فرسەت دان بەکورد بۆ دیفاعکردن لەکێشەکەی خۆی و دیفاعکردن لە مافی تاکو مافی کەلتووری و نەتەوەیی و سیاسیشدا. ئەمانە کۆمەڵێ هەنگاو و شتی گرنگ بوون کە حکومەتی ئەردۆغان بۆ کورد ڕەخساندی.

لەوەتەی پارتی دادو گەشەپێدان هاتۆتە سەر حوکم، بیری نەتەوەیی کورد گەشەی کردووە، چونکە دەرفەتی زیاتری بۆ ڕەخساندووەو کوردایەتی لەجاران بەهێزتر بووە لەناو کوردو ئەو حکومەتەش بواری زیاتری بۆ کورد ڕەخساندووە. بێگومان بەبەراورد لەگەڵ حکومەتەکانی پێش خۆی!

# کێشەی کوردو چارەسەرەکەی!

گرنگیدان بەکێشەی کورد لەتورکیا، بەشێوەیەکی دیپلۆماسیانەو هێمنی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی 2003، پاشان ڕاستەوخۆ دوای وتارە مێژووییەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەئابی 2005 لەدیاربەکر بەئاشکرا ڕاگەیەنراو ئەردۆغان باسی ئەو کێشەیەی بەشێوەیەکی ڕەسمی کردو وتی: "لەتورکیا کێشەی کورد هەیە، کێشەی کورد کێشەی منەو دەبێ چارەسەری بکەین". ئەردۆغان وتی: "کاردەکەین لەپێناوی چارەسەرکردنێکی سیاسیانەو ئاشتیخوازانەو وتی پاش ئەوەی کە هەموو حکومەتەکانی تر لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە شکستیان هێنا، بەگوێرەی وتارەکەی ئەردۆغانو قسەکانی کە لەدیاربەکر کردی.

بێگومان پێش ئەردۆغانیش حکومەتی ئەجەوید کۆمەڵێک هەنگاوی دیموکراتیانەی هاوێشت، کە ئەویش لەسەر داوای یەکێتی ئەوروپا بوو لەبواری ریفۆرمو چاککردنی وەزعی سیاسی و گەشەپێدانی دیموکراسی و ئازادیی ڕادەربرین و پاراستنی مافی مرۆڤ، کە ئەردۆغان هات، گەشەی بەمەداو،



جەسورانە کەوتە کارکردن بۆی. بۆ ئەو مەبەستەش هات کۆمەڵێک مادەی دەستووری گۆڕی، کە هەندێکیشیان لەژیانی سیاسیدا پەیوەندیی بەکەمکردنەوەی تەنانەت دەسەڵاتی سەربازیشەوە هەبوو، لەوانەش گۆڕینی (یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا) بەشێوەیەک، کە سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی گۆڕی بەکەسێکی مەدەنیو بەستراشەوە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، کە جاران جەنەراڵێکی سوپا بوو و ڕاستەوخۆش سەربە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، هەموویانی کردە ئەندامی ڕەسمی ئەو ئەنجومەنە، کە سەرۆک کۆمار سەرۆکایەتی دەکات، بێگومان بەبەشداریی سەرۆکی هێزە چەکدارەکان، لەوانیش فەرماندەی هێزەکانی زەمینی، ئاسمانی، دەریاییو جەندرمەن لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی سوپاو هەروەها بەئەندامێتی سەرۆکی میت-و بەشداریکردنیشی لەهەموو کۆبوونەوەکاندا.

لەڕابردوودا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پێکهاتبوو لە5 پێنج عەسکەرو 4 چوار مەدەنی لەگەڵ سەرۆکی کۆمارو سکرتێری ئەنجومەنەکە کە جەنەڕاڵێکی سەربازی بوو، ئێستا سکرتێرەکە کەسێکی مەدەنییە، بێگومان بڕیارەکانی کە لەو ئەنجومەنە دەدران، حکومەت هەموویان جێبەجێ بکات، واتە حکومەت پابەندبوو بەجێبەجێکردنی هەموو

بڕیارەکان. بەڵام لەدوای هاتنی ئەردۆغانو ئەم گۆڕانکارییەی کە کردی، ئێستا بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە لەشێوەی ڕاسپاردە دەردەچن و حکومەت بەدڵی نەبێ جێبەجێیان نەکات. دیارە جاران هەموو مانگێ جارێک ئەو ئەنجومەنە کۆدەبۆوە، بەڵام ئێستا هەردوو 2 مانگ جارێک کۆدەبێتەوە، دەسەڵاتی سەربازییش دەسەڵاتی خۆی لەو ئەنجومەنەدا لەدەستداوە. بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە پارتی دادو گەشەپێدان لە 23ی نۆڤەمبەری 2003 دەسەڵاتی حکومەتو وڵاتی گرتە دەست و واشنتۆن-یش تەئیدی حکومەتی دادو گەشەپێدانی کرد بەو پێیەی کە ئەزموونێکی ئیسلامی مامناوەندیی گرنگ بەگوێرەی حیساباتی واشنتۆن لەدونیای عەرەبی و ئیسلامیدا ماویەتی.

بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەهەندێ خاڵی گرنگ بکەم سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی کە لەتورکیا دەربارەی دۆخی سیاسی هاتۆتە کایەوەو بەتایبەتیش دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانەوە ئەگەرچی گۆڕانکاریەکان هیواش و لەسەرەخۆن، بەڵام دیسان دەتوانرێت وەک دەستپێکی گرنگ سەیر بکرێن. هەزار هەنگاویش هەر بەهەنگاوێک دەست پێدەکات.

ئەگەر ساڵانی 2001 و 2002 و 2003 ی هەرێمی کوردستانی عیراق بێنینەوە بیرو بەرچاوی خۆمان. کە



هەمیشە لەدڵەڕاوکێی ئەوەدابووین کام ڕۆژ کام دەمژمێر، سوپای تورکیا دێتە ناو کوردستان، کام چرکە لەسنوورەکانمان دێتە ژوورەوەو کێشەی گەورە بۆ هەرێمەکەمان دروستدەکات، بێگومان بەماندووبوونی زۆری سەرکردایەتی کوردستانی عیراق و ڕۆڵی گەورەی مام جەلال توانیمان بکەوینە گفتوگۆیەکی جدی و واقعییانەی ئەوتۆ کە بەرژەوەندیی عیراق دوور بخرێتەوەو جۆرێک لەگوێگرتن لەیەکتری و ئەو ناتێگەیشتنانەش پێشتر لەنێوانماندا هەبوو، هەڵبگیرێت و هەردوولامان پێ بنێینە قۆناغێکی نوێ لەپەیوەندییەکانی نێوانمان، کەواتە دەتوانین بڵێین بەهاتنی ئاک پارتی (پارتی دادو گەشەپێدان) قۆناغێکی تازە لەنێوان هەرێمی کوردستانی عیراق و تورکیا دەستی پێکرد.

پارتی دادو گەشەپێدان بـــەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دوای دروستبوونی لە 2001، توانی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیش کە لە 3-11-2003 ئەنجامدرا، بەزۆرینەی دەنگ بباتەوە، دوای پێکهێنانی کابینەکەشی، ئەردۆغان بەرنامەی حکومەتەکەی پێشکەشکردو دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، هەر لەسەرەتاوە سێ بابەتی گرنگو دیار لەمەیدانی پراکتیکیدا، هەستیان پێدەکرا.

یەکەم بابەت: ئەنجامدانی ڕیفۆرمێکی ئابووریی و سیاسی بۆ هەڵسانەوەی تورکیاو گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات لەهەموو ڕوێکەوە.

دووەم بابەت: چاوخشاندن و ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی هەموو جۆرە پەیوەندییەکانی تورکیاو داڕشتنەوەی بەپلەی یەکەم لەگەڵ هەموو وڵاتانی هاوسێی خۆی، دواییش هەوڵی بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتیی ئەورووپاو داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی تازەو سەرلەنوێ مشتومالکردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دنیای ئیسلامی، بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

سێیەم بابەت: کە لەهەموویان گرنگتربوو هەوڵدان بوو بۆ هێنانەکایەی ئاشتییەکی دروست، لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی ناو تورکیاو هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕو دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی کورد، چونکە حکومەتی ئاک پارتی دەیویست ڕۆلێکی گرنگترو گەورەتری لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت، بۆیە پێویستی بەوەبوو یەکەمجار ناو ماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە. ئەو پارەو ئیمکانیاتە زۆرەی کە ساڵەهای ساڵ لەشەڕ سەرف دەکرا، لەباتی ئەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات بەکاربهێنرێ. سەرلەنوێ سیفەتێکی تازەی پێکەوەژیانی نێوان هەموو پێکهاتەکانی تورکیا بدۆزێتەوە بۆیە بیرۆکەی دەستپێکردنی قسەکردن لەسەر کێشەی کورد بۆ سەرەتای ساڵی 2004 دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی زۆ بێدەنگ و هێمن سەرەتا بووە بابەتێکی



گرنگی هەندێ ناوەندی گرنگی خاوەن بریار لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی تورکیاو پاشانیش لەگەڵ حکومەتی دادو گەشەپێدان-یش کەوتنە خۆیان بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ئەو بیرۆکەیە لەپراکتیکدا. دیارە بۆ سەرکەوتنی ئەو بیرۆکەیە، هەر لەسەرەتاوە پەیوەندیی بەسەرکردایەتی کوردستانی عیراقەوە کرا، سەرکردایەتی کوردستانی عیراق-یش تا ئەو شوێنەی کرابێ و گونجاوبێ بۆی، بەبەردەوامی پشتیوان بووەو هەوڵی سەرکەوتنی داوەو لەهەموو هەنگاوەکانی ئەو کارە بێخەبەر نەبووە، دیپلۆماسیانەش کاری خۆی کردووە. دوورو نزیک ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، بەتایبەتیش (جەنابی مامجەلال) بۆ مێژوو دەڵێم ڕۆڵی گرنگو بەرچاوی تێدابینیوە. ئەو بەشە دەهێنمەوە بۆ چەندین ساڵی تر کە کوردی عیراق لەدروستکردن و کردنەوەی قەناتی نێوان کوردی تورکیاو تورکیا چ ڕۆڵ و دەورێکی گرنگی بینیووە، کە بەندە بە دۆکیۆمێنت و بەڵگە لای خۆم پاراستوومە. ئەمەش بۆ هەموو یەکێتی-یەکان بەتایبەتی، شانازییەکە، کە دەبێ هەردەم بەسکرتێری خۆیانەوەی بکەن کە چ ڕۆڵێکی مێژوویی و سیاسی و کوردانەو گرنگی لەو بوارو نێوانەدا بینیووە، کە لەئەڵقەکانی داهاتوودا باسی هەندێ بابەتیان دەکەین.

## د.وریا رواندزی،
## سەفیری کوردستان و کوردایەتی

رواندز هەر لەکۆنەوە شوێنی شۆڕەسوارانی کوردایەتی، نیشتمانپەروەریی بووە، د.وریاش لەو شارە خۆشەویستە چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو چەندی باسی خەبات و تێکۆشانی د.وریا بکەم هێشتا ناتوانم بەتەواوەتی مافی خۆی بدەمێ، چونکە بەمانای وشە سەفیری کوردایەتی، کوردپەروەی، نیشتمانپەروەری، تێکۆشەرێکی رێبازی کوردو کوردستان بوو، کوردو کوردستانی زۆر خۆش دەویست.

لای د.وریا سنوورە دەستکردەکانی کوردستان هەر بوونیان نەبوو، کەسێکی سەر راست، راستگۆو هەقانی، نیشتمانپەروەرو کوردپەروەرو دڵسۆزو پاک بوو، چ لەناوەوەی کوردستان، چ کاتێک لەکۆمەڵەی خویندکارانی کورد لەئەوروپا کاریکردووە. زۆر خزمەتی کوردو کوردستانی کردووە. هەزاران هەزار سڵاو لەگیانی پاکی هەڤاڵە خۆشەویستەکەمان د.وریای هەمیشە زیندوو.

هەرگیز ناتوانم ئەم هەقە بەخۆم بدەم وەک وتم وەسفی بکەم، چونکە دکتۆر ئەگەر باسی کردەوەکانی بکەیت،



مەدحی بکەیت، ئاماژە بۆ خزمەتگوزارییەکان دەربارەی کوردو کوردستان بکەین کتێبێک هەڵدەگرێت.

دۆستایەتی بەندە لەگەڵ خوالێخۆشبوودا زۆر بەهێز بوو و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1980 کاتێک چووم بۆ خوێندن بۆ نەمسا، زۆر رێزم لێدەگرت، زۆرم خۆشدەویست، هەمیشە سەردانیم دەکردو لێم دەپرسییەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی خانەنشین ببوو دڵی زۆر ناسک بوو، بۆ من وەک باوک، مامۆستایەک وایە، هەردووکمان یەکترمان زۆر خۆشدەویست، بەندە بەتایبەتی بەیەکێک لەهەرە دۆستە نزیک، راستگۆو بەوەفاو خۆشەویستەکانی خۆی دەزانی، چونکە هەمیشە ئەحواڵیم دەپرسی، هەردووکمان زۆر لەخەمی یەکتریدا بووین، زۆر هاوکاریی یەکترمان دەکرد. زوو زوو تەلەفونم بۆ دەکردو لەتەندروستیم دەپرسی. بۆیە ئەوەی کە قەت لەدڵم دەرناچێ ئەوە بوو کە نەمبینییەوە، بەداخەوە پێش ئەوەی وەفات بکات، رۆژی 8/22 وەک هەمیشە تەلەفۆنم بۆ کرد بۆئەوەی ئەحواڵی بپرسم! کەچی هیچ وەڵام نەبوو. ئیمێڵێکم بۆ نارد هیچ وەڵامی نەبوو، تەلەفۆنم بۆ ماڵەوەیان کرد، کەس وەڵامی نەدامەوە. فاکسێکم بۆ نارد، دیسان وەڵام نەبوو. تەلەفۆنم بۆ کورە گەورەکەی کرد، وەڵامی نەبوو. ئەمە منی بەتەواوی خستە گومانەوە، چونکە قەت ئەوە د.وریا نەبووە من تەلەفونی بۆ

بکەم دوایی تەلەفونم بۆ نەکاتەوە. بەمە زۆر دڵتەنگ بووم. هەستام ئیمێڵێکم لە ڕۆژی 8/23 بۆ کاک خەبات مەعروفی هەڤاڵی هەردووکمان ناردو پرسیارم لێکرد کە پەیوەندیم بەد.وریا کردووە هیچ وەڵامی نەداوەتەوەو دەترسم دووبارە تەندروستیی تێکچوبێتەوە. بۆیە تکام وایە تاقیبێکم بۆ بکات تا بزانم وەزعی چۆنە؟ ڕۆژی 8/25 کاک خەبات وەڵامی ئیمێڵەکەی دامەوەو وتی وەڵلا د. وریا نەخۆشەو (لە دۆناو شپیتالە). تومەز نەشتەرگەرییەکی زۆر گەورەی کردبوو. بەمە زۆر ناڕەحەت بووم. چونکە دەمزانی بارودۆخی تەندروستیی باش نییەو یەک دوو جاری تریش تووشی کێشەی دڵ ببوو. هەموو جارێکیش پێشتر کە یەکترمان دەبینی. پێی دەوتم بەهرۆز من واقعیم، دکتۆرم، زۆرم نەماوە دەمرم. لەوەڵامدا دەموت: کاکە دکتۆر توخوا باسی ئەو قسانە مەکە ماشاڵڵا هێشتا زۆرت بەبەرەوە ماوەو ئیشاڵڵا هەر بەتەمەندرێژی و بەتەندروستی باش دەمێنیتەوە بۆمان. دوای زانینی ئەو هەواڵە بەوردی تاقیبم کردو لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد فەتحوڵڵای هەڤاڵی هەردووکمان تەلەفونم کرد کە ئەو لەئەڵمانیا بوو، وتم د.وریا نەخۆشە نەچوویت بۆلای؟ تۆ هیچ هەواڵی دەزانی؟ وتی: نەمزانیووە کە نەخۆشە. بەڵام ڕۆژی 9/1 دەڕۆمە نەمساو یەکسەر سەری لێدەدەم، وتم مادام وایە کاک سەعدیش لەوێیە پێی بڵێ با



سەرێکی بدات. هەروەها تکایە سڵاوی منیش بەدکتۆر بگەیەنەو پێی بڵێ بەهرۆز چەندینجار تەلەفۆنی بۆ کردوویت، ئیمێڵی بۆ ناردویت، ئەحواڵت دەپرسێت، دوای جەژن بەدڵنیاییەوە بەتایبەتی دێت بۆ لات. بەمەش نەوەستام ڕۆژی 8/31 خۆم لەگەڵ کاک سەعدی ئەحمەد هەر دەربارەی کاک دکتۆر وریا بەتەلەفۆن قسەم کرد کە ئەوکات کاک سەعدی لەنەمسا بوو، پێموت: دەڵێن دکتۆر وریا وەزعی زۆر خراپە. نەچوویت بۆلای؟ دەبێ چۆن بێت؟ لەوەڵامدا کاک سەعدی وتی: دوێنێ لای بووم لەنەخۆشخانەیەو وەزعی زۆر خراپە. یەکسەر گوتم من چواری مانگی نۆ دەچم بۆلای.

مەبەستم ئەوە بوو ئەو هەڤاڵە دڵسۆزو بەئەمەک و سەرڕاست و ڕاستگۆیەی خۆمان و ڕێبازی کوردایەتی ڕەسەن بۆ دواجار ببینمەوە. ئەو براو پشتیوانە بەهێزەی کە هەمیشە بۆ من وەک قەڵا وابوو. لەهەموو شوێنێک پشتیوانی لێدەکردم، لەنزیکەوە ئێمەی دەناسی، تەنانەت لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیشم پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەو بەهێزو پتەوی هەبوو. هەر جارێک برۆیشتینایەتە ڤیەننا، دەبوایە دوو سێ جار لەگەڵ جەنابیان بەیەکەوە دابنیشتینایەو لوقمە نانێکمان بەیەکەوە بخواردبایەو گوێشم شلدەکرد بۆ تەواوی گلەیی و خەمەکانی دەربارەی کوردو کوردستان.

هەموو جاریش باسێکی خۆی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەنابی مام جەلال بۆ دەکردم کە چۆن کاتی خۆی هاتۆتە نەمسا د.وریا یارمەتیی مامی داوەو هەمیشە ڕێزێکی تایبەتیشی بۆ جەنابی مام جەلال هەبوو، چونکە من شاهیدی ئەوەم زۆرجار لای من درکاندوویەتی کە تەنیا مام جەلال زۆر بەوەفا بووە لەگەڵیدا لە بەچاپگەیاندنی کتێبەکانی لەڕێگای بەندەوە مام یارمەتی داوەو داوەتی کوردستانی کردۆتەوەو بەوەفا بووە لەگەڵیدا، هەمیشە پێزانینی خۆی بۆ مام دووپاتدەکردەوە.

بەداخەوە ڕۆژی 9/1 کاک سەعدی بەیانییەکی زوو لەڤیەنناوە تەلەفونی بۆ کردم وتی: دکتۆر وریای برادەرمان ئەم بەیانییە وەفاتی کرد، یەکسەر پەشۆکام، ئەو هەواڵە زۆر کاریگەریی لێکردم، فرمێسک لەچاوەکانم باری، چاوم تاریک بوو کە دۆستێکی زۆر دڵسۆزو کەسێکی زۆر گەورەو خۆشەویستم لەدەستدا کە بەداخەوە لەسەر دڵم بوو بەکەسەر بۆ دواجار نەمتوانی وەک بگەمە خزمەتی، جارێکیتر بەدیداری شاد ببمەوە. هەروەک ئەحمەد فەتحوڵڵای هاوڕێشم گەیشتە ڤیەننا، بەڵام ئەویش نەیبینی.

کاکە دکتۆر وریا گیان هەزاران هەزار سڵاو لەگیانی پاکت، ئەوەندە دەڵێم، بەڵێن بێت قەت لەیادت نەکەم، کاکە دکتۆر گیان بیرت دەکەین.



# سەدەی بیستویەکەم و بوژاندنەوەی بیری نەتەوایەتی!

ئەم ئیجرائاتانەی کە ئێستا لەتورکیا لەبەرامبەر جەنەراڵە گەورەکانی سوپای تورکیا لەسەردەمی حوکمڕانی پارتی دادو گەشەپێداندا دەکرێ، هەندێ لەچاودێران دەیخەنە چوارچێوەی ئەم نەخشەو پلانە ستراتیژییەی کە ئەمریکاو خۆرئاوا دەربارەی ڕووخاندنی هەموو کۆمارەکانی عەلمانی و نیمچە عەلمانی سەدەی بیستەم لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیانە. لەباتی ئەوان ئامانجیان هێنانی کۆماری ئیسلامی سوننەیە لەشوێنیان. لەناویشیاندا وەک دەڵێن نەهێشتنی کۆمارە عەلمانییەکەی ئەتاتورکە. هەروەک مەبەستیشیان گواستنەوەی نموونەی حکومەتی ئێستای نیمچە ئیسلامیی تورکیایە بۆ وڵاتانی تری موسڵمان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە دەڵێن کۆمارەکانی عەلمانی، یان بەناو عەلمانی سەدەی بیستەم، هەموویان یەک لەدوای یەک دەبێ بڕۆن و لەشوێنی ئەوان سەدەی بیستویەکەم دەبێتە سەدەی کۆمارەکانی ئیسلامی تازەی سوننەکان. کە لەساڵی ڕابردووش هەندێ سیستمی ئەم جۆرە کۆمارییانەیان رووخاند. ئەمەشیان بۆ

ئەوەیە سوننەی عەرەب لەبەرامبەر تەوژمی شیعەی ئیرانی ڕابگرن. لەهەمانکاتیشدا وڵاتانی کەنداویش بەشیعەی ئیران بترسێنن، تا سەد ساڵی تریش بەروبومی وڵاتانی کەنداو وەک سعودیەو قەتەرو کوێتو هەمووی بۆخۆیان بخۆنو لەوێدا بمێننەوە.

ئەم تۆمەتەی ئێستا کە دراوەتە پاڵ (ئیلکار باشبو) سەرۆکی ئەرکانی پێشووی سوپای تورکیا، دوو تۆمەتە: یەکێکیان ئیدارەدانی تیرۆریستو دروستکردنی گرووپێکی تیرۆریستییە. دووەمیشیان بەرنامە دانانە بۆ کودەتا کردن بەسەر حکومەتی ئاک پارتیدا. ئەمەش بەپێی یەکێک لەماددەکانی دادگای مەدەنی تورکیا، یەکەمیان حوکمی ئەبەدییە. دووەمیشیان حوکمی 15 تا 20 ساڵە. کاتی خۆی لەتورکیا دادگایەک هەبوو بەناوی دادگای ئاسایشی دەوڵەت. سەربازییەکان دەبوایە لەم دادگایەدا دادگایی بکرێن. کە ژمارەی ئەندامەکانی ئەم دادگایە پێنج ئەندام بوو و دادوەرەکانیش زیاتر سەربازیی بوون. بەڵام پاشان لەسەر داوای یەکێتیی ئەورووپا (ئاک پارتی) پێش سێ ساڵ لەپەرلەمان ماددەیەکی دەستووری پەیوەست بەم دادگایەی هەموارکردەوەو ئەم ماددەیەی بەتەواوی گۆڕی و ئەم دادگایەی کردە دادگایەکی تایبەتی بەدەسەڵاتی تایبەتەوە، وایکرد دادوەری مەدەنی داوەریی هەموو سەربازو



جەنەراڵەکانی سوپاش بکات. هەموو ئەندامەکانیشی مەدەنین و ژمارەیان 25 ئەندامە، دانانی ئەندامەکانی ئەم دادگایەش کەوتە دەسەڵاتی وەزیری دادەوە. بێگومان وەزیری دادیش ئەمڕۆ سەربە ئاک پارتییەو ئەندامەکانیشی بەشی زۆریان دەڵێن ئاک پارتی دەسنیشانی کردوون و دایناون. ئا ئەم دادگایەیە، کە ئێستا (ئیلکار باشبو)ی گرتووەو خستویەتە زیندانەوە. دەنگۆی ئەوەش هەیە، کە هەندێ لێپرسراوی گەورەی تری عەسکەریش هێشتا بگرنو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن.

هەندێ لەرکابەرەکانی ئاک پارتی دەڵێن ئەم ئیجرائاتانەی ئەمڕۆ لەدژی جەنەراڵەکانی تورکیا دەکرێت، هەوڵدانە بۆ کۆتایی هێنان بەعەلمانیەتی تورکیای ئەتاتورکی و هێنانی سیستمێکی تری ئیسلامی مامناوەندیی ئەردۆغانیو بڵاوکردنەوەیەتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دونیای ئیسلامیدا. وادیارە ئەمریکاو خۆرئاواش لەگەڵ ئەمجۆرە سیستمەدا ئاسوودەنو پشتی بەتەواوی لەسوپای تورکیا کردووەو تۆڵەی خۆی لێ وەردەگرێتەوە، چونکە کاتی خۆی یاداشتی 1مارتی 2003 یان لەپەرلەمانی تورکیا دەرنەکرد بۆ هاتنی سوپای ئەمریکا بەناو خاکی تورکیاو تێپەڕبوونی بۆ عیراق، ئەوکات سوپای تورکیا، هیچی بۆ ئەمریکا نەکرد لەشەڕی لەگەڵ عیراقداو هەڵوێستیان نەبوو. (پۆل

ۆلفۆیتز)ی جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا لە11-5-2003 کاتی خۆی وتی ئەم سوپایەی کەساڵەهای ساڵە ئێمە بەخێوی دەکەین و پێمانگەیاند! کەچی کاتێ ئێمە پێویستمان پێی بوو! یارمەتی نەداین لەعیراق. بۆیە تۆڵەی خۆمانی لێدەکەینەوە. ئەمەی لەدیدارێکدا وت لەگەڵ محەمەد عەلی بیراندو جەنگیز چاندارا بەئاشکراو دیدارەکەش ماوە لەئارشیڤی کەناڵی (سی ئێن ئێن تورک)و لە(گوگڵ)یشدا ماوە. بۆیە ئەمەی ئێستا لەدژی جەنەراڵەکانی تورک و ئەتاتورکییەکان دەکرێت بەپشتیوانیی ئەمریکایە. ئەگەرنا منداڵیش دەزانێ سوپای تورکیا پشتیوانیی جارانی ئەمریکای بمابایە، ئەمڕۆ کەس نەیدەتوانی جەنەراڵەکان هەمووی بخاتە زیندانەوەو سەرۆکی پێشووی ئەرکان زیندانی بکات. بۆیە ئەم مەسەلەیە لەچوارچێوەی نەخشەو پلانێکی زۆر گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە کە ئەمریکاو خۆرئاوا پێکەوە نەخشەیان بۆکێشاوەو لەهەر وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بەپێی تایبەتمەندیی ئەو وڵاتە ئەم نەخشەیە وردە وردە جێبەجێ دەکەن. بێگومان بەهاری عەرەبیش بەشێکە لەم نەخشەو پلانە. لەڕاستیدا مەبەستیان دەستبەسەرداگرتنی تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. تۆ بڵێی میللەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵی یەکتر قبوڵکردن بدەنو چیتر خۆیان



نەکەنە سووتەمەنیی سیاسەتی خۆرئاواو لەگەڵ یەکتری بەئاشتی و برایەتی و دیموکراسی هەوڵی پێکەوەژیان بدەن.
لەم حاڵەتەدا سیستمە عەلمانییەکان و حزبە عەلمانییەکانیش دەبێ بیرێک لەوەزعی سیاسیی خۆیان بکەنەوەو بەشێوەیەکی سیستماتێک کار بۆ بیروباوەڕی خۆیان بکەنو لەبەرامبەر ئەم تەوژمە توندڕەوەی کە لەدژی عەلمانییەت بەڕێوەیە بوەستنەوە. ئەم سیستمە خوانەخواستە سەرکەوێ! مرۆڤایەتی بەتەواویی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە. ئێمەی کوردیش لەکوردستانی عیراق دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بیروباوەڕی نەتەوەیی خۆمان، لەبەرامبەر ئەم تەوژمەی کە دەیەوێ کێشەی سیاسیی کورد لەبۆتەی ئەم تەوژمەدا جارێکیتر بتوێنێتەوە.

## ڕێکەوتننامەی ستراتیژیی و
## چەند سەرنجێک!

ئەم ڕێکەوتننامەیەی کە لەنێوان یەکێتی و پارتی هەیەو بەناوی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی ناوزەدکراوە. بەم پێیە پارتی و یەکێتی هیچ شتێک بێ دەردەشەی یەکتری و بێ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتری نەکەن! بەتایبەتیش لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان، دەبێ هەڵوێستی هەردوولامان یەکبێ. ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش هەرچۆنێک بێت بەپێی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی، یەکێتی و پارتی شەریکی حەقیقی یەکتری دەبن. بەتایبەتیش لەحکومەت و داوودەزگا ئیداریەکان.

ئەنجامی هەڵبژاردنی 21-9، یەکێتی 18 کورسی هێنا، پارتیش 38 کورسی. ئەگەر ئەم ڕێکەوتننامە ستراتیژییە نەبوایە لەنێوان یەکێتی و پارتی دا. ئەمڕۆ پارتی هەقی خۆی بو وەک حزبی براوەی یەکەم! کەسێکی لێ دەسنیشان بکرێت و تەخویل بکرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە ئەگەر ڕێکەوتننامەی ستراتیژی بونی نەبوایە. بەڵام ئێستا کە ڕێکەوتننامەی



ستراتیژیمان پێکەوە هەیە. پێویست بو دەسەڵات بدرێتە 2 دوو کەسایەتی ناو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کە پالێوراون بۆ سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان! بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم بەشەرییکایەتیەکی حەقیقی تەواو.

بەپێی ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی! دەبێ دوو ساڵی یەکەم سەرۆک وەزیران لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێ و جێگرەکەش لەپارتی! ئەگەر دەشڵێن یەکێتی بەتەنیا لەهەڵبژاردن دابەزی و خەتای خۆیەتی دەنگی کەمی هێناوە. بەڵێ خەتای خۆمانەو ئەمەش ڕاستە. بەڵام لەدوای هەڵبژاردن سەرکردەکانی برایانی پارتی لێدوانیان دا زیاتر لەچەندین جارو وتیان یەکێتی بەئەنجامی هەڵبژاردن ناپێوین. ئێمە ڕێکەوتننامەی ستراتیژمان هەیە؟ باشە لەم حاڵەتەدا! کوا ئەم ڕێکەوتننامە ستراتیژییە؟ ئێمە ئەوەمان نەبینی؟ بەڵکو یەکسەر کاک نێچیروان بارزانی ڕاسپێردرا وەک سەرۆک وەزیران کە لەگەڵ لایەنەکانی تر قسە بکات بۆ دروستکردنی کابینەی هەشتەم؟

کەواتە لێرە ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی جێبەجێ نەکرا. یەکێتی-ش بەئەنجامی دەنگەکانی پێورا؟ باشە! دەکرێ لەم شوێنەی باشە بۆ برایانی پارتی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەپێی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی

ناچاربێت هەنگاو بنێت و بجوڵێتەوە، لەشوێنێکیش باش نەبێت بۆ برایانی پارتی! بڵێن یەکێتی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی فەرامۆش کردووە؟ یان شکاندویێتی؟ باشە ئەگەر برایانی پارتی بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکێتی دەکەن؟ بۆ دەبێ سەرۆک وەزیران لەخۆی بێت لەحکومەتی داهاتوو؟ لەو حاڵەتەدا یەکێتیش هەقی خۆیەتی بڵێ ئەمە ڕێکەوتننامەی ستراتیژی کاری پێنەکرا. لەم حاڵەتەدا بەندەش وەک ئەندامێکی یەکێتی مافی خۆمە داوا بکەم و بڵێم، یەکێتی و گۆڕان با ئێمەش تەجاوزی ئەم ناکۆییە لاوەکیانەمان بکەین. ماڵی خۆمان ڕێکبخەینەوە. ئێمەو گۆڕان دوژمنی یەکترنین. ڕێکەوتننامەی دەباشانیشمان لەنێواندا هەیە.

قۆناغی یەکەم با کێشەکانی پارێزگای سلێمانی خۆمان لەنێوان خۆمان چارەسەر بکەین.

قۆناغی دووەم با فراکسیۆنێکی هاوبەش لەناو پەرلەمان پێکەوە دروست بکەین. پێکەوە مەراکیزی بەهێز لەم حکومەتە وەربگرین؟ بێ ئەوەی برایانی پارتی وەلا بنێین، یان خوانەخواستە حزب و لایەنەکانیتر فەرامۆش بکەین.

قۆناغی سێیەم هەوڵبدەین یەکێتی و گۆڕان لەداهاتودا بکەینە دوو مینبەر لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا . بێ پەلەکردن کاری لەسەربکەین.



قۆناغی چوارەمیش ئەگەر خودای گەورە یارمەتیداین و خێرەومەندان زۆربوون لەداهاتودا هێواش هێواش لەچەند ساڵێکی تر ئەم ئاواتە خۆشە بەچاوی خۆم ببینمەوەو هەردوولامان یەکبگرینەوەو ماڵە گەورەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاوەدانتر بکەینەوە بەشێوەیەکی تازە، سەرلەنوێ دروستیبکەینەوە. بەڵێ لەگەڵ برایانی پارتی و لایەنەکانی تریش وەکو برا بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 21-9 هەڵسوکەوت بکەین، کە بەهەردوولامان 42 کورسیمان دەبێ، بێ توندوتیژیو ناکۆیی و هەموومان پێکەوە خزمەتی گەلی کوردستان بکەین.

پێموایە یەکێتی دەبێ جەسارەت بکات ئەم بێدەنگییە بشکێنێ. داوای هەقی خۆی بکات. ئەم گۆمە بشڵەقێنێ. سەرکردەی ئازا ئەو سەرکردەیەیە کە بتوانێت بڕیاری ئازاو جەسورانەو قورس بدات. داوا لەکاک نەوشیروانو سەرکردەکانی گۆڕان دەکەم. داوا لەهێرۆخان و کاک کۆسرەت و کاک بەرهەم و کاک بەختیارو تەواوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و مەڵبەندو کۆمیتەو کادیرەکانی یەکێتی دەکەم. کاتی ئەوە هاتووە هەڵوەستەیەکی جدی لەئاستی هەموو ئەم کێشە گەورانەی کە ڕوبەڕومان بوونەتەوەو دەبنەوە بکەین. بەڵێ هەندی کەس ڕەنگە ئەم پێشنیازەیان پێ خۆش نەبێت، بەڵام دڵنیام زۆر کەس

لەجەماوەری گەلەکەمان یەکڕیزی کوردو لایەنەکانی کوردستانی پێخۆشە. بۆیە پێویستە بیری وردی لێبکەینەوە. ئەگەر ئەمە نەکەین، بڕوابکەن وردە روردە یەکێتیو گۆڕانیش بچووک دەبینەوە. چونکە ئێستا هەر خەریکی خۆمانین. ئێمە لەبادینان دەستمان دوورە. دەبێ لەداهاتوودا هەردوولا بەرنامەیەک بۆ بادینان دابنێین چۆن بتوانین خۆمان بەهێزبکەین. بەداخەوە ئەم ململانێیانەی هەموو لایەنەکان هاتۆتە سلێمانی؟ هەولێرو دهۆک کاری خۆیان دەکەن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لەپەنجەرەیەکی گەورەوە تەماشای کێشە سیاسییەکانی کوردستانی گەورەو هەرچوار پارچەکەی بکەین؟ ئەم ڕاو بۆچوونانەش دژی هیچ حزب و لایەنێک نییە. پێش هەموو شت بەرژەوەندیی گشتی کوردو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم پێ گرنگترە لەبەرژەوەندیی خەڵکیتر . وەک ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش، مافێکی ڕەوای خۆمە کە مەترسیم هەبێ لەسەر دواڕۆژو چارەنووسی یەکێتیەکەمان. مامجەلالیش فێری کردین خاوەنی هەڵوێستو لێکدانەوەو ڕای سیاسیی خۆمان بین و چاونەترس بین لەهەموو کاتێکداو نە لەسەرکەوتنەکانمان لەخۆمان باغر بینو نە لەژێر کەوتنەکانیشدا ئەژنۆمان بشکێ!



## سەردانی هەر وەزیرێک بۆلای سەرۆکەکانی ئۆپۆزسیۆن هەڵە نییەو ڕەوایە!

لەم ڕۆژانەی دواییدا بەداخەوە لەلایەن هەندێ پەرلەمانتاری سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گفتوگۆیەک، دەربارەی سەردانەکەی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم بۆلای ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان وروژێنراوەو ئەنجام دەدرێت! وەک ئەوەی کە ئاشتی هەورامی کفری کردبێت. پێشیلی هەموو یاساو ڕێسایەکی کردبێت. لەپشتی حکومەت و پەرلەمانەوە ئەم کارەی کردبێت. لێرەدا ئەم باسە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەندە نامەوێ بڕۆمە ناو وردەکاریی بۆچوونی ئەم برا پەرلەمانتارانەی خۆمان، بەڵام ئەمە قەدەری حزبەکەی خۆمانەو هەر خۆمان دەبێ دژی سیاسەتی خۆمان قسەبکەینو شوکور وای لێهاتووە یەکێتیی نیشتمانیی ئۆپۆزسیۆنی ناوێو حزبێکین هەم حاکمین، هەمیش لەناو خودی خۆمان ئۆپۆزسیۆنمان هەیە، بەخیلافی هەموو عورفو عاداتێکی دنیاو پێچەوانەی هەموو حزبو لایەنێکی سیاسی تر!

لێرەدا دەمەوێ تەنیا یەک سەرنج بخەمە بەرچاوی ئەم برا پەڕلەمێنتارە بەڕێزانەی کە سەر بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن. جێگای داخە ئەمڕۆ لەکوردستان بۆتە مۆدە، دەبینین ئەندام پەرلەمان، یان هەر کاربەدەستێکی تری حکومەت، هەڵوێستی دژ بەهەڵوێستی حزب و لیستەکەی خۆی پیشانبدات، وای بۆ لێکدەدرێتەوە کە ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیەو سەربەستو ئازادە. لەبیرمان کردووە کە ئەم دەنگانەی وەرمان گرتووە، دەنگی لیستەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. ئەم خاسیەتە لەهەموو ڕێکخراوەکانی تری کوردستان زیاتر بەداخەوە لەناو پەڕلەمێنتارەکانی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدی دەکرێ. لەوڵاتان ئەگەر هەندێ لەئەندامانی پەرلەمان لەبابەتێکی تایبەتیدا بۆچوونەکانیان لەگەڵ بۆچوونی حزبەکەی خۆیان جیاوازبوو! دێن لەچوارچێوەی فراکسیۆنەکەی خۆیان موناقەشەی دەکەن. لەئەنجامدا دەنگی لەسەر دەدەن. هەر بڕیارێکیشیان بەزۆرینەو کەمینە لەسەر بابەتەکە دا، هەموویان پێکەوە لەناو پەرلەمان یان لەدەرەوەی پەرلەمان پارێزگاریی لەم بڕیارە دەکەن. ئەگەر ئەم بڕیارە پێچەوانەی لێکدانەوەی بیرو بۆچوونی خودی پەرلەمێنتارێک یان چەند پەرلەمێنتارێکیش بووبێت. ئەنجام ڕای زۆرینە لەناو خودی



فراکسیۆنەکە حەسمی ئەم مەسەلەیە دەکات و دەخوات. بەداخەوە لەکوردستانی ئێمە بەتایبەتیش لەناو حزبەکەی ئێمەدا، زۆربەی شتەکان لەسەر یاساو ڕیسای خۆی ناڕوات. خۆشمان وامان کردووە کە وای لێبێت.. ئاشتی هەورامی بۆ بابەتێکی گرنگ سەردانی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕانی کردووە. هەموومان دەزانین بۆ باسکردنی سیاسەتی نەوتی هەرێم و ئەم گرێبەستانەیە کە ئیمزا کراوە. ئەمەش کارێکی زۆر ڕەواو زۆر ئاسایی و وە زۆریش دیموکراسییە، کە ئاشتی هەورامی ئەنجامی داوە. پێویستیشە ئۆپۆزیسۆن لەهەندێ بابەتی گرنگ ئاگاداربکرێتەوە. لەهەموو دنیاش هەروایەو هەرواش بووەو هەرواش دەبێت. تاکو ئێستا چەندین جار ئەم جۆرە سەردانانە، ئەم جۆرە هەنگاوانە لەهەموو وڵاتێکی پێشکەوتنخوازو ناپێشکەوتنخواز، دووبارە بۆتەوە. بەندە نموونەی تورکیا پێشکەشی ئەم پەڕلەمێنتارە بەڕێزانەی خۆمان دەکەم. وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلو پێشتر عەلی بابەجان، پێش ئەویش عەبدوڵڵا گویل پێشتریش یەشار یاکش و تادوایی... هەروەها وەزیری ئابووریی و وەزیری دارایی و تاکو ئێستا چەندین کەڕەت سەردانی سەرۆکی حزبی ئۆپۆزسیۆنیان کردووە. لەبارەگای خودی حزبی ئۆپۆزسیۆنو لەسەر سیاسەتی خۆیان یان سیاسیەتێکی دیاریکراو زانیاریان داوە بەسەرۆکی

ئۆپۆزیسۆن. وەزیری دەرەوە ئەحمەد داود ئۆغلو سەردانی سەرۆکی جەهەپەی کردووە، واتە سەردانی قلچدار ئۆغلوی کردووە، سەردانی مەهەپەی کردووە. سەردانی دەوڵەت باخچەلی کردووە. سەردانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بەدەپە)ی کوردی کردووە. سەردانی خودی سەلاحەدین دەمیرتاشی کردووە. بەهەمان شێوەش وەزیری دارایی و وەزیری ئابووریش. ئەم گفتۆگۆیە بۆچییە؟ بۆ خۆمان خەریک ناکەین بەخودی کارەکانی خۆمان؟ ئەمەی ئاشتی کردویەتی کفر نییە، ئەمە دیفاعکردن نییە لە کاک ئاشتی هەورامی، یان لەکاک نەوشیروان مستەفا، ئەنجام هەموو سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنێک مافی خۆیەتی بزانێ سیاسەتی حکومەتی هەرێم دەربارەی سیاسەتی نەوت چییە لەکوردستان؟ تێناگەم ئەم هەراو هۆریایەمان بۆچییە؟ لەپێناوی چییە؟ بەم یاداشتەتان کام دەنگی بۆ یەکێتیی نیشتمانی پێ بەدەست دەهێنن؟ هەڵەکە لەکوێدایە؟ پەرلەمان ئیشی جیایە. حکومەتیش ئیشی جیایە. نەخێر ئەم سەردانە هیچ پەیوەندیی بەپەرلەمانی کوردستانەوە نییە. پەرلەمان ئیشی خۆی دیارە. لەکوردەواریی دەڵێ نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب. با ئێمە هەریەکەمان کاری خۆمان بکەین. چەند ڕۆژە مشتومڕێک دەکرێ، کە هیچ پەیوەندیی بەئێوەوە نییە. ئەگەر نارازین لەناو لیستی



کوردستانی بانگی ئاشتی هەورامی بکەن. لەناو لیستەکەی خۆمان ڕاکانی خۆتانی پێ بڵێن. هەرچەندە بەتایبەتی لەسەر ئەم بابەتە ئێوە زۆر ناهەقن! ئەڵبەتە ئەمیش وەڵامی خۆی دەبێ. من لەگەڵ ئەوەم تەنانەت وەزیری نەوت سەردانی سەرۆکی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵیش بکات. مادام فراکسیۆنیان لەناو پەرلەمان هەیە، هەقە سەردانی هەموو ئەم حزبانەی تریش بکات کە تەنانەت ئەندامێکیشیان لەناو پەرلەماندا هەیە، ڕەوایە هەموو وەزیرێک، ناوە ناوە بۆ بابەتێکی هەستیارو گرنگ، ئەگەر پێویست بوو، بڕوات بۆلای لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنو سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنو زانیاریشیان پێ بدات. لەتورکیا تەنانەت خودی سەرۆک وەزیران چەندین جار تائێستا بۆ بابەتی دیاریکراو سەردانی سەرۆکی ئۆپۆزیسۆنی کردووە. بۆ مەسەلەی یەکێتیی ئەوروپا، بۆ مەسەلەی ئابووری، بۆ کۆمەڵێک بابەتی تری گرنگ. بەداخەوە هەق نییە ئەم ئەندام پەرلەمانانەی سەر بەیەکێتی بەم شێوە توندوتیژیی و موتڵەقییە، ئەم سەردانە بەسەردانێکی هەڵەو نادروست و بێ بنەما وەسف بکەن و لەقەڵەم بدەن! ئەمە سەردانێکی زۆر ئاسایی و زۆر پێویستیشە. فەرموون سەیری ئیشوکاری پەرلەمانتارەکانی دنیای دەرەوەبکەن و بزانن دەیانو سەدانو هەزاران حاڵەتی ئاوا ساڵانە نایەتە پێشەوە؟ کە وەزیر سەردانی سەرۆکی

ئۆپۆزسیۆن دەکات. ئەمە خێرە لەم کوردستانەی ئێمە بۆتە کفرو بۆتە شتێکی ئاستەم. بە چ هەقێک یاداشت ئیمزا دەکەن؟ یاداشت لەدژی کێ؟ لەدژی سیاسەتی حزبەکەی خۆتان؟ هەق نییە یاداشت دەربکەن. چونکە دەرکردنی یاداشت و بەیان، بۆنی کوتلەو کوتلەکاریی لێدێت لەناو فراکسیۆنەکەی خۆمان. مافی خۆتانە لەناو حزبەکەی خۆمان لەناو فراکسیۆنەکەی خۆمان ڕەخنەی خۆتان بگرن. بەداخەوە لەکوردستان هەموومان بووینەتە ئامۆژگاریدەرو ڕێنیشاندەر! ئەگەر وایە ئەی باشە کێن ئەوانەی ئەم هەموو هەڵەیە دەکەن؟. دڵنیام ئەم وەزعەی کە ئێستا لەناو خودی یەکێتیی نیشتمانی دایە، دیموکراسیی پێ ناوترێ! چونکە هەموو کەسێک بەئارەزووی خۆی لێدوان دەدات. بۆنموونە وتەبێژی فەرمی مەکتەبی سیاسییمان هەیە، کەچی چەندین کەسی تریش لێدوان بەناوی یەکێتییەوە دەدەن. سەرۆکی فراکسیۆنو جێگرو وتەبێژی فراکسیۆنمان لەپەرلەمانی بەغداو کوردستان هەیە. کەچی هەرکەس بەکەیفی خۆی لێدوان دەدات. تێکەڵاوییەک دروست بووە. کەس ئاگای لەویتر نییە.

داوا لەجەنابی مامجەلالو هەردوو جێگرو کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەم.



هەقە چاوێک بەشیرازەی ئیشوکارو وەزعی ناوخۆیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بخشێننەوە. ئەم پاشاگەردانییەی هەیە، سنوورێکی بۆ دابنرێ و وەزعەکە بخرێتەوە سەر سکەی خۆی.

## حکومەتێکی یەکگرتووی بنکە فراوان

لەقۆناغی ئەمڕۆی ناوچەکەو جیهاندا، کۆمەڵێک گۆڕانو گۆڕانکاریی پۆزەتیف و نێگەتیڤ، لەسیاسەتی جیهانیدا ڕوویداوە. لەباتی ئەوەی کورد سوودی زیاتر لەم گۆڕانانە وەربگرێ! خەریکە کورد زەرەری لێبکات. تەنیا هۆکاریش بۆ ئەمە، عینادی و وابەستەیی مرۆڤی کوردە بەبیرو بۆچوونی تاکەکەسی خۆیەوە، یان ڕێکخراوەیی خۆی. لەبەرئەوەی ئەم کەسە، یان ئەم لایەنە، ڕایەکی تایبەتی لەمەڕ بابەتێک هەیە، ڕاست بێ یا ناڕاست! هەڵەبێ یا دروست، بەلایەوە گرنگ نییە؟ گرنگ ئەوەیە هەردەبێ ڕاکەی ئەو یان ڕێکخراوەکەی بێتە دی. ئەوانیتریش هەمووی، دەبێ ملکەچی بن. ئەم خاسیەتەش لەهەموو کەس و لایەنێکی کوردستانی عیراق بەدیدەکرێت! ئیتر ئەم ئەنانیەتە لەسیاسەتی کوردی بابەس بێ؟ ئەم خۆویستن و خۆ بەگرنگ زانینە لەناو کوردا کارەساتێکی گەورەیە. هەموومان مرۆڤین و دەشێ هەڵەش بکەین. کەس گرنگ نیە میللەت نەبێ. بەرژەوەندیی باڵای هەرێمی کوردستان گرنگە. لەم قۆناغەی ئەمڕۆ کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێ، کۆمەڵێک کێشەو گرفتی جدیمان هەیە.



بەتایبەتی لەناوخۆمان! لەگەڵ بەغدا! لەگەڵ دەرو دراوسێکانمان. چارەسەری ئەم کێشانەش هەمووی تەنیا یەک ڕێگای هەیە. ئەویش ڕێگای دیالۆگ و یەک ئیرادەیی سیاسیی تەواوی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی عیراقە، بەحزبەکانی ناو حکومەتو ئۆپۆزیسۆنەوە، بەحزبەکانی ئیسلامیو عەلمانییەوە، بەدیموکراتو لیبراڵو کۆمۆنیستو نەتەوەپەرستو هەموولایەکەوە، کورد ئەمڕۆ یەک حکومەتی نیشتمانیی بنکە فراوانی پێویستە. دەبێ ئێمە واز لەئیستیحقاقی هەڵبژاردن بێنین بەو چەمکە تەسکەی کە هەیە. بەڵێ هەر حزبە مافی خۆیەتیو پێویستە بنکەی جەماوەریی و هێزو دەنگی خۆی لەناو میللەتدا بناسێتو بزانێ؟ بەڵام بۆ ئەمڕۆ، یەک ئیرادەیی سیاسیی کورد پێویستەو ئۆپۆزسیۆن پێویست نییە. چونکە هێشتا بەتەواوی لەمانای ئۆپۆزسیۆن نەگەیشتووین؟ بێگومان بەچەمکی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە لەوڵاتانی دیموکراسی پیادە دەکرێ کە خاوەنی قەوارەو ئاڵاو سیادەی وڵاتی سەربەخۆی خۆیانو کێشەی نەتەوایەتیشان نەماوە. ئێمەی کورد هێشتا کێشەی نەتەوایەتیمان ماوە. هەڕەشەی زۆرمان لەسەرە. کوردستان ئازاد نییە. دەوڵەتی سەربەخۆی، خۆمان نییە. بۆیە زۆر پێویستە ئێمە تاقۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی تەواو تێپەڕ دەکەین، هەموومان پێکەوە

ئیش بکەین. بەڵێ هەڵبژاردن دەبێ ئەنجام بدەین. بەڵام هەڵبژاردن بۆ ئەمە بێ هەرکەسو لایەنێک هێزو قەبارەی جەماوەری خۆی بزانێ. بەڵام هەمووشمان بەشداربین لەحکومەتو لەپەرلەمان. واتە هەموو جارێک بێین حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی کوردستانی دروست بکەین بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کە ئەنجامی دەدەین. هەر حزبو لایەنێک بەپێی ئەم دەنگانەی کە خۆی هێناویێتی لەپەرلەمانو لەحکومەتەکەدا بەشداریی بکات. واتە هەموو ململانێو کێشەکان بخەینە ناو پەرلەمان. بەڵام یەک هەڵوێستی سیاسیی یەکگرتووشمان هەبێت لەبەرامبەر هەموو تەحەددیاتەکانی کەڕووبەڕووی کورد بوونەتەوەو دەبنەوە. لەقۆناغی ئەمڕۆشدا کورد ئۆپۆزسیۆنی پێویست نییە. چونکە پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستانی عیراق هێشتا زۆری ماوە وەک سیستمێکی دیموکراسی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری شوێنی خۆی کردبێتەوە. با سوود لەمێژووی ڕابردووی میللەتەکەمان وەربگرین. با سەیری ململانێیی نێوان سەفەوی عوسمانلی بکەین، بزانین ئێستا کە هەمان هەوڵدان و سیاسەت نییە بۆ بەکارهێنانی کورد لەدژی یەکتری وەک لەسەردەمی عوسمانلیو سەفەوی لەدژی کورد بەکاردەهات و کوردیان لەدژی یەکتری بەکاردەهێنا. ئیتر کورد بۆ ئەمە ناهێنێتە پێش چاوی خۆی. پاشای



عوسمانلی بەسەرۆک هۆزو بەگەکانی کوردی دەوت برۆن خۆتان حوکمی خۆتان بکەن، تەنیا زەریبەکەتان بەرێکوپێکی بدەن. کەچی سەرۆک هۆزو سەرۆک عەشیرەتەکان و بەگەکان دەیانوت قوربان پاشا گیان وەڵڵا لەناو خۆمان پێک نایەین، بەڵکو جەنابتان لوتف بکەن پاشایەکمان لەئیستانبولەوە بۆ بنێرن با بێت حوکمڕانیمان بکات، کەچی ئەمڕۆ دەڕۆین پرس بەئیران و پرس بەتورکیا دەکەین، چۆن لەگەڵ یەکتریی هەڵبکەین؟ باشە بۆ ئێستا نایەین لەگەڵ یەکتریی کێشەکانمان چارەسەر بکەین! چیی تێدایە ئەگەر حزبی ئۆپۆزسیۆن پێشنیازێکی باشتری هەبوو بائێمە لەحکومەت قبووڵی بکەین؟ چیتێدایە ئەگەر حکومەت هەنگاوێکی باشی نا، ئۆپۆزسیۆن پێی بڵێ دەستخۆش؟ کورد پێویستی بەیەکهەڵوێستیی ئیرادەی سیاسی هەموو حزبەکانی کوردستانە. پێویستی بەحکومەتێکی بنکەفراوانی نیشتمانییە. ئەم کێشانەی ئەمڕۆ بەم شێوەیەی ئۆپۆزسیۆن داوای دەکات جێبەجێ نابێت. بەم شێوەیەی کە حکومەتیش بەڕێوەی دەبات گیروگرفتەکان بەتەواوی چارەسەر نابێت، چونکە کێشەی زۆر هەیە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دیالۆگو گفتوگۆی کوردانەو دروستکردنی حکومەتێکی بنکەفراوانی یەکگرتوو، کە خزمەتی کوردو میللەت بکاتو هاوکاریی یەکتریش بکەین لەپاراستنی یەکڕیزیی کورد لەبەرامبەر

هەموو ئەو گورگانەی کە ئەمڕۆ خۆیان لێمان کردۆتە دۆستو لەپێستی مەڕدا خۆیان حەشارداوە.



# کاروباری ئایینی لەتورکیا!

کاروباری ئایینیی لەتورکیا وەزارەتێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان نەکراوە، بەڵکو سەرۆکایەتییەکی بۆ دانراوە پێی دەڵێن (سەرۆکایەتی کاروباری دیانەت). بەتورکی پێی دەڵێن DIYANET ISLERI BASKANI (دیانەت ئیشلەری باشکانی)، لەتورکیا (77777) حەفتاو حەوت هەزارو حەوت سەدو حەفتاو حەوت مزگەوت هەیە. لەئەنکەرە نزیکەی هەزارو پێنج سەد مزگەوت هەیە. لەهەر پارێزگایەکی تورکیاشدا موفتییەک هەیە کە سەرۆکی هەموو موفتی و ئیمامەکانی پارێزگاکە یان شارەکەیە. هەر پارێزگاو شارێکیش بەگوێرەی ژمارەی شارەوانییەکانی موفتی خۆی هەیە. واتە چەند شارەوانی هەبێت، ئەوەندە موفتیشی هەیە. هەر گەڕەکێکیش چەند مزگەوتێکی تێدایە. هەر مزگەوتێکیش (ئیمام خەتیب)ی خۆی هەیە. بۆ نموونە شارێکی وەک ئەنکەرە، یا هەر شارێکی تر، موفتییەکی خۆی هەیە، کە لێپرسراوی هەموو موفتییەکانی شارەکەیە.

موفتی هەر شارەوانییەکیش لەگەڕەکەکاندا سەرۆکی هەموو ئیمام و خەتیبەکانە. هیچ مەلاو ئیمامو خەتیبێک

لەخۆیەوە ناتوانێ ڕۆژانی هەینی وتاری نوێژی هەینی بەکەیفی خۆی بنووسێ و بخوێنێتەوە. بەڵکو موفتی خۆی بابەتی خوتبەکە دەستنیشان دەکات. کە بەزۆری لەسەر ڕووداوی هەفتەکە دەبێت. لەکوێ پێویستییەکی ئاینی هەبێ، دروستکردنی مزگەوت بێت یا هەر شتێکی تر، ئەو سەرۆکایەتییە جێبەجێی دەکات. تورکەکانی دەرەوەی تورکیاش، ئەگەر کێشەیەکیان هەبێ، هەمدیس ئەو سەرۆکایەتییە کارە ئایینییەکانیان بۆ جێبەجێ دەکات. ئەگەر کەسێک یان ناوەندێک، لێدوانێک دژی ئایینی ئیسلام بدات، ئەوا ئەو سەرۆکایەتییە وەڵامی دەداتەوە.

**سەرۆکی کاروباری دیانەت دەبێت موفتییەکی شارەزا بێت**

لەتورکیا هەموو کاروبارێکی ئایینی سەرۆکی (سەرۆکایەتی کاروباری دیانەت) لێی بەرپرسە. لەهەموو پارێزگاو قەزاکان دائیرەیەکی تایبەتی بەو ئیشە هەیە، موفتی خۆی هەیەو لەو دائیرەیە بەرپرسیارە. موفتیش ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەدائیرەی (سەرۆکایەتیی کاروباری دیانەت).

دانانی سەرۆکی سەرۆکایەتی کاروباری دیانەت لەدەسەڵاتی سەرۆک کۆماردایە. بەڵام سەرۆکایەتیی کاروباری دیانەت هەقی ئەوەی هەیە یەکێک بۆ ئەو ئیشە



پێشنیازبکات. سەرۆک کۆماریش ئەگەر بەدڵی بێت تەئیدی دەکاتو ئیمزای داواکارییەکەیان دەکات.

99%ی تورکیاش موسڵمانە، ماوەی سەرۆکیش دیاریی نەکراوە. جگە لەسەرۆکی کۆمار کەسێکی تر مافی بڕیاردانی نییە کێ ببێ و کێ نەبێ بەسەرۆکی ئەو سەرۆکایەتییە. ئەم سەرۆکەش دەبێ لەئایین شارەزابێ و موفتییەکی بەئەزموون بێ. لەهەموو مزگەوتێکیشدا (ئیمام و خەتیب و موئەزین) هەیە. هەموو ئیشوکارەکانی مزگەوت، ئیمام و خەتیب و موئەزین لێی بەرپرسیارن. بەڵام ئیشیان لەیەکتری جیاوازە. هەر کەموکوڕی و پێویستییەکی مزگەوت هەبێ، ئیمام و خەتیب دەیگەیەنێتە لای موفتی و داوای پێویستیەکانی مزگەوتەکە دەکەن. ئیشی ئیمام و خەتیب (مەلا)، پێش نوێژیکردنی نوێژی جومعەو جەژنەکان و تەراویح و نوێژی سەر جەنازەیە، لەگەڵ پێشنوێژیکردنی پێنج فەرزەکە. هەروەک لێپرسراوی خوتبەی مزگەوتەکەی خۆشیەتی.

ئیمام خەتیب بۆی نییە بەهیچ شێوەیەک بەکەیفی خۆی خوتبەو وەعز بنووسێ و بدات. بەڵکو بۆ خوتبەی نوێژی جومعەو هەموو وەعزدانێک! دەبێ بابەتەکەی لەلایەن موفتییەوە بۆی دەسنیشان بکرێت و دیارییکرێت. موفتی پێی دەڵێ ئەم جومعەیە لەسەر فلانە بابەت قسە بکە. بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکی وەزیران، یان لێپرسراوێکی گەورە بۆ

نوێژی هەینی یان بۆ بۆنەیەکی ئایینی چووە مزگەوتێک، ئەوا لەڕووی نەزاکەتەوە موفتی خۆی دەڕوات بۆ ئەو مزگەوتەو خوتبەکە دەخوێنێتەوەو پێشنوێژیی دەکات. ئەگەریش ڕۆژێکی تایبەتی ئایینی نەبوو، یان بۆنەیەکی تایبەتی ئاینیی نەبوو. ئەوا ئیمام و خەتیب خۆی جومعەکە بەڕێوەدەبات و پێشنوێژی کردنیش، خوتبەکە دەدات. خوتبە تەنیاو تەنیا ڕۆژانی هەینی هەیە. هەموو خوتبەیەکیش بابەتەکەی موفتی دیاریدەکات لەسەر کام بابەت ئیمام خەتیب (مەلا) قسە بکات! واتە بەکەیفی خۆی نییە. لەهەموو مزگەوتێکیش خوتبە دەخوێنرێتەوە، دووبارەی دەکەمەوە، موفتی ئەو ناوچەیەش بڕیاردەدات لەسەر کام بابەت خوتبە بخوێنرێتەوە. جۆری خوتبەکان لەموفتییەکەوە بۆ موفتییەکی تر جیاوازە. مەرج نییە هەموو خوتبەکان لەهەموو مزگەوتێک وەک یەک بن. واتە لەهەموو مزگەوتەکان یەک شێوەو یەک جۆرە بابەتی خوتبە نادرێ.

**موفتی بابەتەکە دەستنیشان دەکات**

موفتی لەئیمام و خەتیب گەورەترە. بەپێی یاسا لەکاتی جەژنەکانی قوربان و ڕەمەزان، لەدوای نوێژ، ئیمام و خەتیب خۆی خوتبەکە دەدات. بەڵام بابەتەکەو خوتبەکە هەموو کاتێک لەلایەن (موفتی)یەوە دەستنیشاندەکرێت. ئیمام و



خەتیب لەمزگەوتەکان بەڕەزامەندیی موفتی مافی ئەوەی هەیە قوتابی و گەنجەکان فێری قورئان خوێندن بکەن. بەڵام دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی لەلایەن موفتییەوە.

ئەرکی سەرشانی موئەزینیش بانگدانە لەکاتی پێنج فەرزەکانی نوێژو پاراستنی کەلوپەلی ناو مزگەوت و پاک و خاوێنیی مزگەوتەکەیە. لەکاتی ئامادەنەبوونی ئیمام و خەتیبدا موئەزین هەموو ئیشەکانی (ئیمام و خەتیب) جێبەجێ دەکاتو هەموو دەسەڵاتەکانی ئیمام و خەتیب بەکاردەهێنێ.

هەر کتێبێکی ئایینی یان بەڵگەیەکی تازە کە پەیوەندیی بەئایینەوە هەبێت و دەربچێت، دەبێت بەبەردەمی ئەو سەرۆکایەتییەدا تێپەڕببێت و پەسندبکرێ. هەر نۆژەنکردنەوەو دەستکارییەکیش لەمزگەوتەکاندا بکرێت، لەلایەن ئەو سەرۆکایەتییەوە بڕیاری بۆ دەردەچێت. هەموو ئەوانەش کە لەو سەرۆکایەتییە کاردەکەن، فەرمانبەری دەوڵەتن، مووچەی خۆیان هەیە، بودجەی تایبەتیی خۆیان هەیە. موفتی گوێ لەخەڵک دەگرێت. لەکاتی پەیدابوونی کێشەو گیروگرفت هاوکاریی خەڵک دەکات. ئەگەر مزگەوتێکیش ئیمامی نەبێت، ئەوا بەمایکرۆفۆن لەمزگەوتێکی ترەوە خوتبەکەی بۆ دەگوازرێتەوە. موفتییەکان خانەوادە هەژارەکان لەڕووی داراییەوە یارمەتی دەدەن! زۆربەی

خوتبەکانیشیان لەبەرژەوەندیی باڵای وڵات و میللەتەکەی خۆیاندایە! بەندە پشتیوانی لەنووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان دەکەم و لایەنگیری ئەوەشم کە چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بکرێت بەچۆنێتی خوتبەدان، ئەو مەسەلەیەش بەیاسایەکی تازە رێک و هەموار بکرێتەوە.



## نابێت بڵێین یان هیچ، یان هەمووشتێک

رۆژی 9/4 BDP کۆنگرەی دووەمی ئاسایی خۆی بەست، بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری ی.ن.ک لەئەنقەرە کە یەکێک لەمیوانانی کۆنگرەکە بوو، وتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی خوێندەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

هەڤاڵانی بەڕێز، ئەندامانی کۆنگرە، میوانانی قەدر گران، خوشکان، برایان

سەرەتا بە سڵاوێکی گەرمەوە لەهەرێمی کوردستانی عیراقەوە، بەشداریی لەکۆنگرەکەتان دەکەمو پیرۆزبایتان لێدەکەمو سڵاوی بەڕێز جەنابی مام جەلالو سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانتان پێشکەش دەکەم. هەروەها بۆ بەشدارییو داوەتکردنمان بۆ کۆنگرەکەتان، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێزان:**

کۆنگرەکەتان لەئانو ساتێکی پڕ هەستیارو پڕ گرنگدا دەگرن. هێڤیدراین ئەڤ کۆنگرەیەتان تەنیا کۆنگرەیەکی تەقلیدیو سەرپێیی نەبێ کە یەک دوو ڕۆژ لیڤڕ کۆببنەوەو تۆپلانتی بکەنو تییایدا سەرۆکو کۆمیتەی سەرکردایەتی

خۆتان هەڵبژێرن! بەڵکو هیڤیدارین کۆنگرەیەک بێت لەئاست هەموو رووداوە گرنگەکانی ئەمڕۆی جیهانو خۆرهەڵاتی ناوینو ناوخۆیی تورکیا بێت. کۆنگرەیەک بێت بەئەقڵو هۆشو بیرو ئەندێشەی خۆتان سەیری دوارۆژو ئایندەی خۆتانو گەلەکەتانو دنیا بکەن. گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوینو وڵاتانی دەوروبەرو گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسیو مافی مرۆڤو پرۆسەی ئاشتیو پرۆسەی برایەتیو گەشەپێدانی کرانەوەی دیموکراسیو (ئاگربەستێکی بەردەوام) بخەنە بەرباسو لێکۆڵینەوەو بۆ دانانی بەردی بناغەی ئاشتییەکی هەمیشەیی لەتورکیا لێکدانەوەی ورد بکەنو هەنگاوی باش بهاوێژن.

لەڕاستیدا ناوی پارتەکەشتان پارتی ئاشتیو دیموکراسییە. کەواتە ئەرکی سەرشانتان زۆر قورسەو بەرپرسیارێتییەکی گەورەتان لەسەرشانە. ئاشتی پڕ گرنگەو دیموکراسیش پڕ گرنگترە. ئەگەر دیموکراسی نەبێت، ئاشتی نابێت. لەم روانگەیەوە هێڤیدارین ئاوڕێک ژ تەجروبەی ڕابردووی خۆتان بدەنەوە. هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەن. هەقە خەتاو هەڵەکانتان ببینو راستیان بکەنەوەو دەرسیان لێوەربگرن. ئەڵبەتە کارە دروستەکانیشتان، ئیستیفادەیان لێبکەنو بۆ پێشەوە گەشەیان پێبدەن.

**خوشکو برایانی ئازیز**



دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم کە بەشێک لەئێوە ئاگادارنو دەزانن، زەمانی خۆی ئێمە لەکوردستانی عیراق سەرەتا کەشۆڕشمان هەڵگیرساند، چەندین ساڵ بەسەر تەمەنی شۆڕشدا تێپەڕبوو کەچی هێشتا، رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا، ئامادەنەبوون بەنهێنیش سەرکردایەتیی کوردستانی عیراق ببینو ئیعتیراف بەوجودمان بکەنو گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن. بەڵام ئێمە سەبرمان گرتو مەسەلەی کوردمان بەستەوە بەدیموکراسی بۆ عیراقو مەسەلە ناوچەییو رووداوەکانی جیهانەوە. شۆڕشی کورد وردە وردە گەشەی کرد، تاوایلێهات حکومەتی بەغدا خۆی هەندێکجار ناچار دەبوو داوای دیالۆگو گفتوگۆ لەسەرکردایەتیی یەکێتیو پارتی بکات، واتە بەهێواشی سەرەتا بەنهێنیو دواتریش بەئاشکرا توانیمان لەگەڵیاندا بچینە گفتوگۆو دیالۆگەوە. زۆرشتیشمان بەگفتوگۆو دیالۆگ دەستکەوت. لەوانە رێککەوتنامەی 11ی ئاداری ساڵی 1970، کردنی دهۆک بەپارێزگا کە پێشتر قەزایەک بوو، دروستکردنی زانکۆی سلێمانی. بەهەنگاوی زۆر بچووک دەستمانپێکرد. پێشتر ئێمەی کورد لەکوردستانی عیراق، ئەو بوارەمان نەبوو بڕۆینە ناو پەرلەمانی عیراق. لەوێ داکۆکی لەداخوازییە سیاسییەکانی گەلی کوردستان بکەینو بەکەیفی خۆمان باس لەچارەسەری کێشەی کورد بکەین.

بەڵام ئێوە دەبینن ئەمڕۆ قۆناغێکی ترە. دۆنەمێکی تازەیە. ئێوە دەتوانن بەهۆی ئەو کەشە دیموکراسییەی کە هەیەو لەڕێگای ئەم لیستە پڕپاشو جوانو فرەلایەنەی کە دروستتانکرد، توانیتان بگەنە ناو پەرلەمانی گەورەی تورکیاو زیاتر لەدوو ملیۆنو نیو دەنگ لەسەرتاسەری تورکیا بەدەستبهێننو ژمارەیەکی زۆرو باش لەئێوە بوارتان بۆ رەخساوە بگەنە ناو پەرلەمانو لەوێ بەشێوەیەکی ئاشتیو دیموکراسییانە باس لەداخوازییو کێشەکانی خۆتان بکەن. ئێمەی کورد دەبێ لەتەجروبەی خۆمانو گەلانی تر فێربینو هەروەها فێری سەبرگرتنیش ببین، چونکە هەمووشت بەیەکجار نابێت، نابێت بڵێین یان هیچ یان هەمووی! ئەمە سیاسەتێکی هەڵەیە. ئەگەر هەمووی نەبوو ئەوکاتە هیچەکەتان بۆدەبێ! ئێوە دەزانن هەزاران پێنگاڤ بەئێک پێنگاڤ دەستپێدەکات. ئایا پێش دەساڵ موکین بوو کە کاک ئەحمەد تورک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەئەنکەرە ببینێت؟ موکین بوو پارتەکەی ئێوە لەواشنتۆن ئۆفیسی ڕەسمی بۆ بکەنەوە؟ بێگومان نەخێر؟ بۆ؟ چونکە هەلومەرجە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە هاوکار نەبوون. وەزعی سیاسی ناو تورکیا هاوکار نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ زۆر شت لەئارادایە. گۆڕانگاریی گرنگ لەناوەوەو لەدەرەوە هاتۆتەکایەوە. ئۆباما دێتە ئەنکەرەو لێپرسراوانی



ئێوە دەبینێ! کەواتە مانای وایە کێشەی کوردی چۆتە پێشەوەو هەنگاوی پۆزەتیڤو باش هەستی پێدەکرێت. بۆیە هەقە لەپێناو وەدەستهێنانی شتێکی بچووکدا شتێکی گەورەو دەستکەوتێکی گەورە لەدەست خۆتان نەدەن.

**هەڤاڵێن هێژا:**

بەڕاشکاوی دەڵێین، ئێمە پێمانوایە ئێوە تەنیا بەگفتوگۆو دیالۆگ دەگەنە ئامانجەکانتان، بەشەڕو کوشتنو بڕینو توندوتیژی کێشەکەتان ئاڵۆزتردەبێتو برایەتی نێوان کوردو تورکیش زیاتر زیانی پێدەکەوێتو شەڕیش لەبەرژەوەندیی کورد نییە لەبەرئەوەی کوردیش هەمیشە لەمێژوودا مەزڵوم بووە، بۆیە دەبێ پشووی درێژتربێ. بۆیە تکایە ئەم فرستە لەدەست خۆتان مەدەن. هەقە ئەو کۆنگرەیە بقۆزنەوە بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەی دیموکراسیو ئاشتیو پێکەوەژیانی برایانە. ئەمانە بکەنە بابەتی گرنگی کۆبوونەوەکانتانو هەقە بگەڕێنەوە بۆناو پەرلەمانو کاری پەرلەمانی خۆتان پەرەپێبدەنو لەچالاکی خۆتان لەناو پەرلەمان بەردەوام بن.

لەکۆتاییدا جارێکیتر هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازینو ئێمە پشتیوانیی لەدیموکراسیو ئاشتیو برایەتی دەکەین. لەگەڵ شەڕو توندوتیژی نین، هەرلایەک بیکات. خۆتان ئاگادارن کە لەم رۆژانەی ڕابردوو لەکوردستانی عیراق

خێزانێکی تەواو بەداخەوە کەوتە بەر پەلاماری فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاو لەئەنجامدا حەوت کەس لەیەک خێزاندا زۆر بەناهەقی شەهیدبوونو پارچە پارچەبوون. هەروەها زیاتر لە150 خێزانیش لەدێهاتەکانی هەرێمی کوردستان ئاوارەبوونو دێهاتی خۆیان بەمەجبوری جێهێشتووەو ئەم شەڕەی ئێستا کە لەئارادایە، بووەتە مایەی تێکچوونی بارودۆخەکەو دروستبوونی تەنگەژەیەکی تازەو زەرەری لەهەموو ئەو جموجۆلانەش داوە کە بەڕێوەبوون بۆ پرۆسەی ئاشتیو دەتوانم بڵێم تاڕادەیەکی زۆر ئەو شتانەی گەڕاندەوە دواوە. بۆیە ئێمە دژی هەموو جۆرە شەڕو پێکدادانێکینو ئیدانەی ئەو پەلامارەش دەکەین کە کراوەتەوە سەر خەڵکی بێتاوانی هەرێمی کوردستانی عیراقو ئێمە لەگەڵ ئاشتیو برایەتین. پشتیوانیی لەگفتوگۆو دیالۆگ دەکەین. چونکە مەسەلەی کورد، مەسەلەیەکی پڕ گرنگەو مەسەلەی میللەتێکی گەورەیە نەک هی شەخسێک بەتەنیا.

لەکۆتاییدا دەڵێین: سەرکەوتن بۆ هەمووتان، بۆئاشتی، بۆ دیموکراسی، بۆ برایەتی، بۆ ئازادیو هیوای سەرکەوتنیش بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازمو ئێوەش سەرفرازو هەر سەربڵند بن.



## نامەیەکی کراوە لەیادی شەهیدان:
## کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژاردا

زۆر بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سڵاوێکی گەرم.

ئەمڕۆ 9 /4/2011 بیرەوەریی ڕۆژی گیرانی شەهیدان: کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژارە، کە جەنابتان هەردووکیان زۆرباش دەناسن.

دیارە بەتایبەتی بۆمن کارێکی زۆر زەحمەت دەبێت گەربێت و بەتەنها باسی ڕۆڵ و دەوری کاک کاردۆ گەلاڵی بکەم، بێ ئەوەی باسی ناوو ڕۆڵی کاک عەلی هەژار بکەم، چونکە ئەو دوو شەهیدە بەحوکمی برادەرایەتی و ئیشوکارەکانی ڕێکخستنیان، هەمیشە بەیەکەوەبوون، بەندەش، هەمیشە لەگەڵیاندا بووم. بەتایبەتیش کاتێ کە کاک عەلی لەبەغدا دەگەڕایەوە بۆ هەولێرو کاک کاردۆش لێپرسراوی ڕاستەوخۆمان بوو لەکاروبارەکانی خوێندکاران و ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، بۆیە؛ بۆمن هەردووکیان دوو هەڤاڵ و دۆست و دوو کەسی خۆشەویست و زۆر نزیک بوون، جگە لەمەش کاک کاردۆ کوڕی مامیشم بوو، بۆیە کاتێ باسی کاک کاردۆ بکەم،

ناتوانم باسی کاک عەلی هەژار نەکەم، کە بەڕاستی کاک عەلی هەژار، مرۆڤێکی پاک و کوردپەروەرو هەژار بوو. هەردووکیان دوو سەرکردەی بەتوانا، دوو نووسەری لێهاتوو، دوو شەهیدی گەورەی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون، کە بەداخەوە تاکو ئیستا لەشارەکەی خۆیان کە هەولێرە تەنانەت شەقامێکشیان پێ ڕەوا نابینن کە بەناوی ئەو دوو شەهیدە ناوبنرێ! چونکە دوو شەهیدی بێ گۆڕو بێ مەزارن! ڕژیم کاتێ ئیعدامیکردن تەرمەکانیان نەدراینەوە، تاکو ئەمڕۆش نازانین فڕێیان داونەتە کام شیو، کام دۆڵ و کام بیابیان!

**کاریگەر لەشۆڕشەکاندا**

ئەم دووانە هەردووکیان ڕۆل و دەوری گرنگیان هەبو هەم لەشۆڕشی ئەیلوولی مەزن و هەمیش لەدامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، پاش نسکۆکەی ساڵی 1975و دوایش بەداخەوە هەردووکیان لە1979/4/9 بەیەکەوە گیران، ڕژێم بەیەکەوەش لەسێدارەیدان، بێ ئەوەی تاکو ئێستاش وەک وتم نە تەرمەکانیانمان دۆزیوەتەوەو نەشوێنەوارێکیشیان دەزانین.



شەهید کاردۆ بەحوکمی ئەوەی کە هەم ئامۆزام بو و هەمیش لەڕێکخستنەکانی بزووتنەوە لێپرسراوی ڕاستەوخۆمان بوو، زۆربەی زۆری کاتەکان بەیەکەوە بووین. لەنزیکەوە ئاگاداری ئیشوکارەکانی بووم و شارەزایم لەسەر ئەو زیاتر بوو.

شەهید کاردۆ لەخێزانێکی جووتیار پەروەردەو پێگەیشتبوو، کوڕێکی بەتواناو لێهاتوو بوو، زۆر چالاک و زیرەک بوو، تەنانەت لەخوێندنیش تاتەواوکردنی قوتابخانەی ناوەندیش هەموو ساڵێک هەر یەکەم دەبوو، هەر زوو شەیدای کوردایەتی و هەستی نیشتیمانپەروەریەتی تێدا زۆر بەهێزبوو، جگە لەوەش مامم و براو کەس و کارەکەشمان هەمیشە لەڕیزی شۆڕش و پێشمەرگەدا بوون، بێوچان لەسەنگەری کوردایەتی و تێکۆشاندا بەردەوام بوون، بۆیە شەهید کاردۆ چ لەسەردەمی پارتی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان یان لەسەردەمی دروستبوونی بزووتنەوەو هەڵیگرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، ڕۆڵ و دەورێکی یەکجار باڵای هەبوو، لەسەردەمی پارتی وەکو کادیرێکی بەتواناو لێپرسراوی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاری دەکردو پەیامنێری ئیزگەی دەنگی کوردستانیش بوو، لەناو نووسەرو ئەدیباندا خۆشەویست بوو، دەستێکی باڵای هەبوو لەشیعر نووسیندا،

هەروەها لەنووسینی وتار لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا ماوەیەک لەگۆڤاری ڕەهێلە نووسینی بڵاودەکردەوە، هەروەها دوو کتێبیشی نووسی یەکێکیان (عەلی عەبدوڵڵای شوێن هەڵگر) ئەوی تریشیان (قانوونە بەناوبانگەکەی مارکس لەمەڕ ئابووردی و سەرمایەدارییەوە) کە بۆ ئەو سەردەم لەناو گەنج و لاوەکاندا زۆر گرنگبوو، لەئەدەب و ڕێزمانی کوردی شارەزاییەکی باشی هەبوو.

### پارێزەری نموونەیی

دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوولیش لەساڵی 1975، کە لەئێران گەڕاینەوە کاک کاردۆ گەڕایەوە بەغداو دەستیکردەوە بەخوێندنەکەی لەزانکۆی موستەنسرییە لەبەشی یاساو ڕامیاری، ئەوکاتەش ڕژێم کەسوکارو خزمەکانی هەمووی گواستەوە بۆ دێهاتەکانی سەر بەپارێزگای دیوانیەو حلە لەناوەڕاستو باشووری عیراق.

شەهید کاردۆ سەرلەنوێ دەستیکردەوە بەکاری ڕێکخستن لەگەڵ شەهیدان: سەیدا ساڵح یوسفی و سەعدی گچکەو عەلی هەژارو کاک ڕەسوڵ مامەندی نەمرو برادەرانی تر.

یەکێک بوو لەوانەی کە لەساڵی 1976 بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستانیان دروستکردو ڕۆڵی



بەرچاوی بینی لەهەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بەتایبەتیش لەناو ڕێکخستنەکانی ناوەوە لەپێناوی هاندانی خەڵک و ناردنی پێشمەرگەو لێپرسراوان بۆناو شۆڕش و جۆش و خرۆشدانی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان.

شەهید کاردۆ هەمیشە لەگەڵ سەیدا ساڵح یوسفی و شەهید عەلی هەژارو مەلا بەهرام و عەلی ڕەسول و برادەرەکانی تر سەرقاڵی ئەنجامدانی کاری ڕێکخستن بوون چ لەبەغدا یا لەهەولێرو شارەکانی تر، دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆش شەهید کاردۆ لەهەولێر سەرقاڵی ئەنجامدانی کاری پارێزەرایەتی بوو، بەشێوەیەک کە مەکتەبەکەی ببووە شوێنی یەکتربینین و کۆڕو کۆبوونەوەی نهێنی، لەو بوارەشدا هەمیشە لایەنگیری هەژاران و لێقەوماوان بوو، هیچ دەعوایەکی وەرنەدەگرت ئەگەر بیزانیبایە خاوەنی دەعواکە زوڵمی لەبەرامبەرەکەی خۆی کردووە، بۆیە شەهید کاردۆ بەهەق مافپەروەرو پارێزەرێکی ڕاستەقینەبوو، هەمیشە لەڕیزو پشتیوانانی هەژاراندا بوو، لەدژی ڕژێم زۆر بەتوندی کاری دەکرد، کەسێکی چاونەترس بوو، خاوەنی هەڵوێستێکی دلێرو جوامێرانەبوو، قەت ڕۆژێک لەڕۆژان تەنازولی لەبەردەم دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعس نەدەکرد.

ڕۆشنبیرو سیاسیەکی بەهەڵوێست و زیرەک بوو لەگەڵ برادەرەکانی خۆی ڕاستگۆ بوو، پارەو پوول و سەروەت و سامانی بەلاوە گرنگ نەبوو.

ئێمە کۆمەڵێک بووین کە لەگەڵ ئەودا کارماندەکرد، لەوانە: کاک کاوە، کاک موحسین عوسمان، کاک ڕێبوار، کاک دارا، کاک سمکۆ، کاک ئاسۆ، شەهید سەلاح و مامۆستا ئەمین و کاک پەروەرو کاک عوبێدو کاک د.سەرداروکاک بەڵێن و کاک کامەرانی قادر شۆڕش و ئازاد کەریمو کۆمەڵێک هەڤاڵی تر کە ڕۆژانە هامۆشۆی یەکتریمان دەکرد.

**وەفایەک بۆ ڕێبازی شەهیدان**

بەداخەوە بەگیرانی شەهید کاردۆ زۆر پەشۆکاین و بزووتنەوە زەرەری زۆری لێکەوت، ئێستاش لەم یادە پیرۆزەی ئەم دوو سەرکردەیەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لەیادی ئەم دوو پارێزەرو مافپەروەرو نووسەرو قوربانیانی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، سەری ڕێزو نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین و بەڵێنیان پێدەدەین کە لەسەر ڕێبازەکەیان کە ڕێبازی کوردایەتی بوو، بەردەوام بین و وەفاداربین بۆ ناوو ناوبانگو مێژووی پڕ لەسەروەییان.



کاردۆگیان، کاک عەلی، خەبات و تێکۆشانەکەتان بەفیڕۆ نەڕۆیشت، ئەو دیکتاتۆرو ڕژێمە دڕندەیەی کە ئێوەی لە1979/4/9دا گرت و شوێنبزری کردن، خۆشبەختانە خۆی لەهەمان ڕۆژی سالآنی دواتردا ڕوخاو گۆڕبەگۆڕ بوو، گەلەکەشمان گەیشت بەئاوات و ئامانجە ڕەواکانی خۆی.

**خۆڕاگریی لەزینداندا**

بەڵێ ئەم دوو قارەمانە بەهێزو خۆڕاگرە لەبەردەم لێدان و کوتان و ئەشکەنجەی دامودەزگاکانی ڕژێم خۆیان ڕاگرت و پڵنگ ئاسا لەبەرامبەریان وەستان و پارێزگارییان لەخۆیان و بیرو باوەڕەکەیان کرد، بەجۆرێک کە ڕژێم هیچ نەیتوانی لەخشتەیان ببات، هەر ئەم هەڵوێستە دلێرانەشیان بووە هۆی ئەوەی کە ڕژێم لەناویان ببات و لەسێدارەیان بدات.

لەم چەند ڕۆژەی داهاتووش ساڵڕۆژی کۆچی دوای کاک ڕەسول مامەندی نەمرو هەڤاڵ و هاوڕێمان دێت، هەر بەو بۆنەیەوەش هەزار سلاویش بۆ گیانی پاکی کاک ڕەسوڵی نەمر دەنێرم، سلاو لەگیانی پاکی شەهید کاردۆ گەلاڵی و شەهید عەلی هەژارو گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردو کوردستان.

هیوادارم سەرۆکی هەرێمی کوردسستان، ئەو دوو شەهیدە ماندونەناسەی لەبیربێت و فەرمان بدات بەپارێزگاری هەولێر

یان یەکێ لەشەقامە سەرەکییەکانی هەولێریان بەناوەوە بکات، یا لەناو دادگای سەرەکیی هەولێر هەیکەلیان بۆ دروست بکەن، چونکە هەردووکیان پێکەوە لەناو دادگای سەرەکی هەولێر لەڕۆژی 1979/4/9 لەکاتی کارکردن دەستگیرکران و ڕفێندران و شوێن بزرکران.

یادتان بەخێر کاکە کاردۆی مەغدور لەژیان، کاک عەلی هەژاری بەهەقیقەت هەژار، ئەی ئەوانەی قەت لەبیرمان ناچنەوەو هەر بەزیندوویی تا هەتا هەتایە هەر لەیادماندا دەمێننەوە، دڵنیاشم جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەو وتارە بخوێنێتەوە شتێکیان لەهەولێر بۆ دەکات.



## هەڵەی ستراتیژیی و
## هەنگاونان بۆ راستکردنەوەی!

لەدوای هەڵبژاردنی تورکیا لە6/12، کورد بەگشتی و پارتی ئاشتی و دیموکراسی و پەکەکە بەتایبەتی، دوو هەڵەی سیاسی و ستراتیژیی زۆر گەورەیان کرد. یەکیان بڕیارێکیان وەرگرت کەنەڕۆن بۆ پەرلەمان بۆ سوێندخواردن! دووەمین هەڵەی سیاسیشیان ئەوەبوو لەکاتێکی زۆر نەگونجاوو نامۆناسیبدا، ئالەم کاتەدا، هەستان بەزەختێکی زۆرەوە، ئۆتۆنۆمییان بەسەرۆکی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتیک لەراگەیەنراوێکی فەرمیدا راگەیاندو هەوڵیاندا ئەو وتوێژەی کە ئۆچەلان لەگەڵ هەندێ دامودەزگا خەریکی بوو پووچەڵی بکەنەوە. ئەمەشیان هەم کاتەکەی هەڵە بوو، هەمیش هەوڵدان بوو بۆ پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی ئۆچەلان بۆ ئاشتی کە لەژێرەوە ماوەیەکی زۆرە خەریکێتی، هەروەک زیانیشیان گەیاند بەڕۆڵ و دەوری ئۆچەلان لەداهاتوودا وەک سەرۆکی پەکەکە لەزیندان. بێگومان یەکەم هەڵە، پارتی ئاشتی و دیموکراسی بەتایبەتی لێی بەرپرسیارە. سەیریش ئەوەیە ئێستا خۆشیان لەم بڕیارەیان

پەشیمان بوونەتەوەو بەبڕیارێکی هەڵەو بێماناى دەزانن.
هەڵەی دووەمیشیان خودی قەندیل خۆی لێی بەرپرسیارەو هەڵەیەکی سیاسی و ستراتیژیی گەورەبوو کردییان. بەڵام هێشتا بواری ئەوە ماوە ئەم هەڵانە راستبکرێنەوەو ئەم پرۆسەیەی هەیە، پرۆسەی ئاشتی لەپووکانەوە رزگار بکرێتو بکەوێتەوە سەر کەنارێکی ئارامو هەموو لایەک بەنەفەسێکی پڕ لەمەسئولیەت و لەڕوانگەی بینینی بەرژەوەندیی بەرزی هەردوو گەلی کوردو تورک چالاک بکرێتەوەو بەنەفەسکی تازەو بەسوود وەرگرتن لەهەڵەکان بۆ ئاشتی هەنگاو بنرێت. لێرەدا باسی ئەو هەنگاوە گرنگانە دەکەم کە بۆ کوردی تورکیا لەم قۆناغەی ئەمڕۆدا زۆر گرنگە لەداهاتوودا ئەنجامی بدات:

یەکەم: قەندیل هانی پەرلەمێنتارەکان بدات کە بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان و لە 4ی ئۆکتۆبەر بڕۆن بۆ سوێندخواردن.

دووەم: قەندیل زیاتر بوار بڕەخسێنی بۆ پارتی ئاشتی و دیموکراسی و کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی بۆئەوەی سەربەستانەتر خەباتی پەرلەمانی خۆیان ئەنجامبدەن و زەختیان لێ نەکات و چیتر ئەمریان پێنەکات.

سێیەم: ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەیەی کە کوردی تورکیا تائێستا لەبەرامبەر ئاک پارتیو حکومەتەکەیان گرتویەتیەبەر، وازی لێبێنی و بەکارە ئیجابییەکان و



باشەکانی کە بەرامبەر کورد تاکو ئێستا کردویانە، بڵێ باشو بەکارە خراپەکانیشیان بڵێ خراپ. ناکرێ کورد داوای هەقی خۆی لەئاک پارتی و حکومەتەکەی بکات و لەهەمانکاتیشدا یەک هەنگاوی ئیجابیش لەو حزبە نەبینێ کە بەرامبەر کورد کردویەتی و هەمیشە وەک دوژمن سەیری بکات. ئەمە هەڵەیەکی سیاسی زۆر گەورەیە بەداخەوە قەندیل و پارتی ئاشتی و دیموکراسی بەبەردەوامی کردویانەو تاو ئەو چرکەیەش دەیکەن و کۆمەڵێ شتی ئیجابی بۆ کورد کراوە نایانەوێت بیبینن!

چوارەم: هەوڵی ئەوە نەدرێت کە ئۆچەلان لەمەسەلەکان دووربخرێتەوە. چونکە لەناو کوردی تورکیا ئۆچەلان بۆتە رەمزی حەرەکەکەیان و مەکانەتی لەناو کورد هێشتا زۆر بەهێزە. داماڵینی ئۆچەلان لەدەسەڵاتەکانی بەسەر کورد لەلایەن قەندیلەوە! ئەمە هەڵەیەکی سیاسی و خۆکوژییە بۆ کوردی تورکیا ئەگەر هەوڵی شتی وابدات.

پێنجەم: قەندیل زیاتر پەنا بباتە بەر ئاشتی و دوورکەوێتەوە لەشەڕو شۆڕو کوشتنی 4 سەرباز لێرەو 2 پۆلیس لەوێ. ئەمە مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات. رشتنی خوێن کێشەکە قووڵتر دەکاتەوە.

شەشەم: هەوڵدانی جدی بۆ بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی ئاشتی و گەشەپێدانی ئەم پرۆسەیە لەهەموو روویەکەوە.

حەوتەم: گرتنەبەری سیاسەتێکی تازەو دۆستانە لەبەرامبەر پارتی دادو گەشپێدان و حکومەت و لەهەمان کاتیشدا قەندیل بۆماوەی ساڵێک لایەنی کەم بوار بدات بە پەرلەمێنتارەکان کە دەڕۆنە پەرلەمان و لێیان گەڕێن با کاری پەرلەمێنتاری خۆیان بکەن و بزانن چی دەکەن لەماوەی ئەم ساڵەداو مەسەلەکە دەگاتە کوێ؟

هەشتەم: ئاشتی و نەبوونی شەڕ پێش ئەوەی لەبەرژەوەندیی تورک بێت! لەبەرژەوەندیی کوردە. ئەم ڕاستییە کورد دەبێ بیزانێت. بەشەڕ نەیارەکانی کورد بەهێزتردەبن و دەنگی دیموکراسی کپ دەبێتەوەو سۆزو عەتفی دیموکراتخوازەکانیش پوچەڵ دەکاتەوە کە باوەشینە لەئاشتی دەکەن.



## پێشنیازێک بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەتورکیا

کاتی ئەوە هاتووە، حکومەتی هەرێمی کوردستانو هەردوو حزبی سەرەکی، بەهاوکاریی لەگەڵ تەواوی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن هەوڵی جدی بدەین بۆ کردنەوەی یەک نوێنەرایەتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتورکیا. ڕەنگە کردنەوەی مەکتەبێک بەوناوە، هێشتا هەم بۆ حکومەت، هەمیش بۆ هەندێ لایەنو گروپی سیاسی ناو تورکیا سەرەتا کێشەو گرفت دروستبکات، بەڵام ئەوەی بەندە هەستی پێدەکەم شتێک نییە کفربێتو کاتی ئەوە هاتووە لەوبارەیەوە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا بەفەرمی وتووێژبکەینو بەڕەسمی لەوبارەیەوە موفاتەحەیان بکەین.

دیارە کردنەوەی نوێنەرایەتییەکی لەو شێوەیە ڕێگە لەزۆر کێشەو گرفت دەگرێ کە ئەمڕۆ جاروبار ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوەو دەبێتەوە. لەو حاڵەتەشدا دەکرێ هەموو مەکتەبەکانی کە سەربە حزب و لایەنەکانن، دابخرێنو نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم دروستبکەین. ئەوکاتە هەر مەسەلەیەک کەپەیوەندیی بەکوردستانەوە هەبێ! ڕاستەوخۆ

لەڕێگای ڕەسمی ئەو مەکتەبەوە دەبێو دەخرێتە چوارچێوەی فەرمیو ڕەسمیاتەوەو هەر وەفدێکی حزبەکانی ناو حکومەتی هەرێم، یاخود حزبەکانی سەر بەئۆپۆزسیۆن ئەوانیش لەرێگای ئەو نوێنەرایەتییەوە کاروبارەکانی خۆیان رێکبخەنو هەموو ئیشوکارەکانمان بخرێنە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی، یاسایی و جوان و مۆدێرنەوە.

بڕوام وایە کاتی ئەوە هاتووە وردە وردە یەکەمجار لەگەڵ هەندێ لەوڵاتانی هاوسێ ئەو بیرۆکەیە باسبکەین و تاقیبکەینەوەو پێشم وایە ئاووهەوای سیاسی بۆ ئەو مەبەستە ئێستا گونجاوترە وەک لەپێشوتر.

ئەگەر هات و ئەو بیرۆکەیە لەبەر لێکدانەوەی سیاسی، کردنەوەی نوێنەرایەتییەک بەناوی مەکتەبی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆنمونە لەتورکیا قورس بوو. دەکرێ سەرەتا نوێنەرایەتیەکە بەناوی نوێنەرایەتی کاروباری بازرگانیی هەرێم بکرێت و پاشان وردەوردە کارەکە جێگەی خۆی دەگرێ و هەر ئەو نوێنەرایەتییە، کاروبارە سیاسییەکەش ئەنجامدەدات و شوێنی خۆی دەگرێو لەگوێی خەڵک ڕادێتو بۆپێشەوە گەشەدەکات. ئەم هەنگاوە زۆر سودی بۆ کورد هەیەو ڕێگرتنیشە لەزۆر جۆرە پەیوەندیی لابەلاو هەندێ کاروباری کە پێویستە لەڕاستیدا ئەنجامنەدرێ، کە بەداخەوە ئەمڕۆ لەبەر بوونی کۆمەڵێک



مەکتەبی جیاجیا لەم وڵاتانەی دەوروبەردا ئەنجامدەدرێنو بۆتە هۆی جاروبار جۆرە تێکەڵاوییەک لەلێکدانەوەو شیکردنەوەی بابەتەکان.

پێموایە لەتورکیا کەشی ئەوە لەبارە بۆ ئەو جۆرە داخوازییە. بەتایبەتیش بۆ کاروباری بازرگانی، هیوادارین هەم حکومەتی هەرێم، هەمیش هەردوو حزبی سەرەکی کوردستان ئەو بیرو بۆچوونەمان بەهەند وەربگرنو هەموولایەکمان پێکەوە کاربکەین بۆ هێنانە کایەوەیو کاری گونجاوو پێویستو دروستی لەسەر بکەین.

# سوننەو شیعەو کوردا!

لەم ڕۆژانەی دوایی، لەنزیکەوە گوێبیستی هەواڵو لێکدانەوە سیاسییەکانو هەڵوێستی سیاسی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەم ڕووداوانەی ئەم دواییەی کە لەبەغدا دوای گەڕانەوەی سوپای ئەمریکا لەعیراق ڕوویاندا دەبم، هەست بەجۆرێک لەبێئومێدی سیاسی لەعیراق دەکەم! بەڵێ کورد پێویستە هەموو هەوڵێکی خۆی بدات بۆ ئەوەی تا بۆی بکرێ خۆی لەململانێیەکەدا دووربخاتەوەو خۆی نەکاتە لایەن تیایدا. ئەگەر بۆشی کرا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان و ناوبژیوانیش بدات.

لەلایەکی تریش ئەوە لەبیر نەکات ماڵی خۆی لەشوشەیەو دەبێ بیرێک لەوەزعی خۆشی بکاتەوەو ماڵەکەی خۆی ڕێکبخاتەوەو پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن باشتر بکات و کێشەو گرفتەکان بەشێوەیەکی دیموکراسییانەو بنەڕەتی بەهەستکردن بەمەترسییەکانی سەردەم و بەمەسئولییەتی مێژووی خۆی چارەسەر بکات. کێشەی نێوان یەکێتی و گۆران، کێشەی نێوان یەکگرتووی ئیسلامی و پارتی.



کۆمەڵێک کێشەی تریش کە ڕۆژانە هەموو لایەکمان باسییان لێوە دەکەین.

بوژاندنەوەی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا بەتایبەتی پێویستە یەکێتی و پارتی بگەڕێنەوە بۆ بوژاندنەوەی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی لەبەرامبەر ئەمانەی کە دەیانەوێ ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەدژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بەکاربهێنن. خەریکە مێژووی دوێنێی خۆمان لەبیر بچێتەوە. ئەمەش لەیاد بکەین کە بەڕێز تاریق هاشمی هەر پێش شەش مانگ بوو دەیوت با سەرۆک تاڵەبانی بڕواتەوە ماڵی خۆی و خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی بێت! بەداخەوە ئێمە یەکێتی و پارتی لەسەر مادەی 140 تاکو ئێستا، نە لەگەڵ شیعەکاندا، وە نە لەگەڵ هەڵوێستە توندەکانی برایانی سوننەدا، تێکمان نەداوەو نەمان گەیاندۆتە مریشکە ڕەشە. بەڵکو هەر هەوڵمانداوە بەشێوەیەکی دیموکراسییانەو لەچوارچێوەی دەستووریدا هەڵسوکەوت لەگەڵ ماددەکەدا بکەین و پەیوەندییەکانمان لەگەڵیاندا هێشتۆتەوەو لەحکومەتی فیدراڵ و پەرلەمانی عیراقیش هاوبەشین لەگەڵیاندا. کە پێموایە کارێکی خراپمان نەکردووە. کەچی لەمەسەلەی بەڕێز هاشمیدا خەریکە لەگەڵ برا شیعەکانی دۆستی زیندان و خەبات دژی دیکتاتۆریەت دەمانەوێت

لەسەر شتێک تێکی بدەین، کە هیچ سوودی بۆ کورد نییەو خۆمان لەهیچ و خۆڕایی بەبێ هۆکاری پێویست لەململانێیەکەدا بکەینە تەرەف. دڵنیاشم هاتنی سەرۆکەکانی سوننە بۆ کوردستانی عیراق بۆ تێوەگلاندنی هەرێمی کوردستانە لەم ململانێیەداو هەوڵدانێکە بۆ ڕاکێشانی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی و کردنیانە بەتەرەف لەهاوکێشە سیاسییەکاندا کە هیچ لەبەرژەوەندیی کوردا نییە.

## فراوانبوونی بەرژەوەندییەکان

هەموومان دەزانین ئەم کێشەیەی ئێستا لەنێوان جێگری سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی وەزیرانی عیراق پەیدا بووە، کێشەیەکی کتوپڕ نییە کە ئەمڕۆ دروست بووبێت! بەڵکو ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی خۆی هەیە. کورد بیەوێ یا نەیەوێت جارێکی تر لەعیراقی تازەدا شیعەو سوننە ناتوانن بەڕێکوپێکی پێکەوە کاربکەن، وڵات بەم شێوەیەی هەیە بەرەوپێشەوە ببەن. چونکە بەرژەوەندییەکانیان زۆر گەورەترو فراوانتر بووە. دەوروبەریش ڕاستەوخۆ ڕۆڵو کاریگەریی بەسەر هەردوو لایاندا هەیە. بۆیە ئێمەی کورد دەبێ هەوڵی بێلایەنی خۆمان بدەین. خۆ ئەگەر بۆمان کرا قسەیەکی خێر بکەین. ئەگەرنا داوای داخوازییەکانی خۆمان



بکەین‌و خۆمان بۆ هەموو مەترسیی و ئەگەرەکان کە هەیە لەڕووی سیاسی و عەسکەریی و ماددییەوە ئامادە بکەین. چونکە داهاتوویەکی قورسمان لەپێشەو پێویستیمان بەبیری وردو لێکدانەوەی واقیعبینانەو کوردانەو یەکڕیزی ماڵی کوردی و کوردستانی هەیە. مەترسییەکان زۆر لەوە گەورەترن کە ئێمە درکی پێدەکەین.

# ئەگەر لەباتی جەنابی سەرۆک بوومایە!

لەمێژووی گەلاندا، ڕابەرو سەرکردەو کاریزمای سیاسی، هەمیشە پێویستبووە. لەتەنگژە سیاسییەکاندا ڕۆڵی مێژوویی‌و گەورەی خۆیان بینیوەو دەبینن؟

لەکوردستانی عیراق، دوو سەرۆکو ڕابەر دروستبووە. ئەوانیش جەنابی سەرۆک مام جەلالو جەنابی سەرۆک بارزانییە. لایەنەکانی حکومەتو ئۆپۆزسیۆنیش ئەم ڕاستییە دەزانن‌و مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرو واقعییە. بەداخەوە ئەمڕۆ بەهۆی نەخۆشییەوە جەنابی مامجەلال بۆ شەش مانگ دەڕوات لێمان دوورە. بەڵام خۆشبەختانە ڕۆژ بەڕۆژ تەندروستی بەرەو باشی دەڕوات.

جاران جەنابی مام و جەنابی کاک مەسعود پێکەوە شتی گرنگیان حەسم دەکردو چارەسەری سیاسییان بۆ ناکۆکی و ململانێ و کێشەکان بەجۆرێک لەجۆرەکان دەدۆزییەوەو ڕیزەکانی کوردیان لەلێکترازان دەپاراست. ئەمڕۆ غیابی جەنابی مامجەلال، ئەرکی سەرشانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەهەموو ڕوویەکەوە قورسترکردووە. کۆمەڵێک کێشەو گرفتی سیاسی و دەستووریمان بۆ



دروستبووە. مامجەلال لەگۆڕەپانەکە بوایە بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەو گرفتانەی کە لەقۆناغی ئەمڕۆدا هەیە لەگەڵ جەنابی کاک مەسعود پێکەوە چارەسەرێکیان بۆ دەدۆزیەوە. بەتایبەتیش کێشەی ڕەشنووسی دەستووری تازەو سیاسەتی نەوت و غاز.

لێرەدا دەمەوێ ئەمە بڵێم پێش ئەوەی وتەبێژی فەرمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێداون بدات و بڵێ ئەم نووسینە تەعبیر لەڕاو هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی ناکات! خۆم کارەکەی بۆ ئاسان دەکەم و دەڵێم بەڵێ ئەم نووسینە وەک نووسەرێک نووسیومەو ڕاو بۆچوونی شەخسی خۆمەو ڕای یەکێتیی نییەو هەست بەمەترسییەکی گەورە لەسەر دواڕۆژو چارەنووسی هەرێمەکان دەکەم. بۆیە بەپێویستم زانی ڕاشکاوانە لەسەر مەسەلەی ڕەشنووسی دەستووری تازە بەپێچەوانەی ماستاوچییەکان ڕاکانی خۆم وەک نووسەرێک ڕابگەیەنم.

بەڕای بەندە ئێمە لەیەکێتی و پارتی دەبێ ئەم ڕاستییە لەسیستەمی دیموکراسیدا تێبگەین کە بوونی (59) کورسی لەپەرلەمان یان هێنانی زۆربەی دەنگەکان لەهەڵبژاردنەکاندا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر هەموو شتێک وەکو خۆمان دەمانەوێت! دەبێ تێپەڕبکەین و گوێ نەدەینە ڕای ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی! بەتایبەتیش

لەهەندێ بابەتی گرنگی وەک ڕەشنووسی دەستوورو سیاسەتی نەوت و غاز. لێرەدا جەنابی سەرۆکی هەرێم لێپرسراوێتییەکەی لەهەموو کەسێک گەورەترە. خەڵک چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات کە هەوڵبدات هەڤاڵەکانی لەناو پارتیدا تێبگەینی کە ئیتر ناتوانن تاسەر هەرشتێکی کە خۆیان یەکلایەنە بیانەوێت تێپەڕی بکەن، بۆیە هەقە جەنابی سەرۆکی هەرێم خۆی قبوڵی ئەوە نەکات کە پارتی بە30 کورسی لەپەرلەمانی کوردستان بیەوێت حوکمی 81 کورسی بکات و گوێ نەداتە هیچ لایەنێک و گوێ لەدەنگدەری ئەم 81 کورسییە نەگرێت. تەنانەت مافی یەکێتییەکانیش پێشێل بکرێ. ڕەنگە یەکێک بڵێ ئەدی ئەوە نییە پارتی داوای ڕێفراندۆم دەکات لەسەر ڕەشنووسی دەستوور؟ بۆ دژی ئەوەن دەستوور بخرێتە ڕاپرسییەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیەی خوارەوە دەدەمەوە: پێش ماوەیەک لەتورکیا ویستیان دەستوورێکی تازە دابنێن و دەستوورە کۆنەکە بەتەواوی بگۆڕن. هەستان لیژنەیەکیان دروستکرد بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی پەرلەمان و هەریەکە (3) ئەندام پەرلەمانیش لە (ئاک پارتی و جەهەپەو مەهەپەو بێ دێ پێ)؟ واتە لیژنەکە پێک هاتووە لە حزبی حاکم و ئۆپۆزسیۆن وەکو یەک. بڕیارەکانیش لەم لیژنەیەدا لەسەر هەر ماددەیەک بەتەوافوق و سازانی نیشتمانییە. نەوەک



حزبێک بڵێ من زۆرینەمو ژمارەی ئەندامانی من لەلیژنەکە دەبێ لەهی فلانە حزب یان لەهی ئۆپۆزسیۆن زۆرتربێ. بۆ نموونە لەکۆی 550 ئەندامی پەرلەمان. ئێستا ئاک پارتی لەپەرلەمان 327 ئەندامی هەیە، بی دێ پێ حزبە کوردییەکە 29 ئەندامی هەیە، جەهەپە 134، مەهەپە 52و بێلایەن 6 و 2 دووانیش مردوون. بەڵام هەریەکەیان وەکو یەک 3 ئەندامی لەلیژنەی دانانی دەستووردا هەیە. ئەمەیە سازانی نیشتمانی. ئایا لەکوردستانی خۆمان لەکاتی دانانی لیژنەی دەستووری ڕەچاوی ئەم خاڵە کراوە؟ کە هەمووشیان لەسەر دەستوورەکە ڕێکەوتن ئینجا بڕیارە بخرێتە ڕاپرسییەوە. بەڵام هێشتا ڕێکنەکەوتوون. واتە یەک لایەن ڕازی نەبێت ئەم دەستوورە ناتوانرێت بخرێتە ڕێفراندومەوە.

ماوەیەک پێش ئێستا سەرۆک وەزیرانی تورکیا هەندێ لێدوانی داو عەلمانییەکانی نارەحەتکرد. پێیانوابوو ئازادیی و سەربەستی تاک بەشێوەیەکی سیستماتیک پێشێل دەکرێ و ئەم سیاسەتەی حکومەت! تورکیا بەرەو دواوە دەگێڕیتەوە! فەرموون سەیرکەن چ خۆپیشاندنێکی گەورە ئێستا هەموو ڕۆژی لەشارەکانی تورکیا ئەنجام دەدرێ. ئەلبەتە هەندێ هێزی ناوخۆو دەرەکیش هەن ئەم هەلەیان قۆستۆتەوەو دەیانەوێت ئاژاوە بۆ حکومەتی ئاک پارتی و تورکیا دروست

بکەن و پرۆسەی ئاشتیش تێکبدەن. بۆیە تا ئێمە لەکوردستان تووشی ئەم حاڵەتە ناخۆشە نەبوین هەقە جەنابی سەرۆکی هەرێم دڵی فراونتر بکاتو خۆی بەسەرۆکی هەرێمی هەموولایەک بزانێو وەکو سەرۆکی پارتی هەڵسوکەوت نەکات. بەڕای من جەنابی سەرۆک نەدەبوا لەیادەوەریی گوڵاندا ئەم لێدوانە بدات، چونکە هەم شوێنەکەی، هەم کاتەکەیو هەمیش ناوەڕۆکی وتارەکە گونجاو نەبوو. ئەگەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەو بۆنەیەدا ئەم قسانەی بکردبایە ئاسایی بوو. بەڵام سەرۆکی هەرێم لەبۆنەی حزبیی خۆی؟ پێموایە ئەمەیان پارتی خۆی نەدەبوایە هەڵویستی سەرۆکی هەریم ئیحراج بکاتو ئەمە ڕووی نەدابایە. بۆیە تەمەنا دەکەم جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەو مەترسییانە هەمووی لەبەرچاو بگرێتو ڕەشنووسی ئەم دەستوورە بەئاشکرا لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کوردستان لەسەر خاڵ بەخاڵی گفتوگۆ بکات و کەموکوڕییەکانی کە لەدەستوورەکەدا هەیە بەڕەزامەندیی هەموولایەک بنەبڕبکاتو ئینجا هەموولایەک پێکەوە بیبەین بۆ ریفراندۆمو دەنگی لەسەر بدەین. موناقەشەی ئەوە ناکەم، گەڕانەوە یان ناردنی ڕەشنووسەکە بۆ ڕێفراندۆم یاساییە یان نایاساییی؟ چونکە بۆمن ڕای هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئیجماعێکی نیشتمانیی لەهەموو شتێکیتر گرنگترە.



بەتایبەتیش مەسەلەی دەستوور، بەڵام ئەگەر ڕەشنووسی ئەم دەستوورەی کە ئێستا هەیە بێ دەستکاری، بخرێتە ڕاپرسییەوە! بڕوام وایە ئەمجارە میللەت ڕاست دەبێتەوەو مەیدانێکی وەک مەیدانی تەقسیم و تەحریر لەهەولێر دروست دەبێت و بەداخەوە ئەمجارە زۆر هێزی دەرەکیش هەن لەخوایان دەوێ شتێکی وا ڕوبدات تا دەستی تێبخەنو ئاڵۆزیی بخەنەوە نێو ماڵە گەورەکەی کوردەوە، ئەوکاتیش کار لەکار دەترازێو کارەکەمان لەدەست دەردەچێ. بۆیە تکادەکەم با مەسەلەکە نەگاتە بنبەستو هەموومان باپێکەوە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بخەینە سەروو بەرژەوەندیی باڵای تەسکی حزبایەتییەوەو لەکونی دەرزی ڕووداوەکانی کوردستانو دەوروبەر هەڵنەسەنگێنین. مەسەلەکە لەوە گەورەترە.

لەمێژوودا خۆبەستنەوە بەڕایەکی تایبەتی کوردی کوشتووە. ئەم دەستوورەی ئێستا بێ سازانی نیشتمانی بخرێتە ڕاپرسییەوە گەلی کوردستان ڕاست دەبێتەوە. جاری پێشوو هەولێر ڕاست نەبۆوە، چونکە یەکێتیی نیشتمانیی پشتیوانیی لەخۆپیشاندانەکان نەکرد، بەڵام ئەمجارە بەڕای من یەکێتیی نیشتمانی- ش ناتوانێ هەولێرو هەولێرییەکان لەهەڵسانەوە ڕابگرێ، غیابی جەنابی مامجەلالیش کاریگەریی خۆی هەیە. بڕوام بەمە هەیە کە ئینشاڵڵا جەنابی سەرۆک

هەوڵدەدات کورد تووشی دووڕیزی و دوو ئیدارەیی نەبێتەوەو چارەیەکی گونجاو بۆ ئەم تەنگژەیە دەدۆزێتەوە. شتێکی گرنگی تریش دەمەوێ بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی ئاک پارتی و ئەردۆغان 21 ملیۆن دەنگی میللەتی تورکیایان هێناوە. کەچی ئێستا دەبینین چۆن هەموو ڕۆژێک خۆپیشاندانە، هەقە جەنابی سەرۆک بەقسەی ڕاپۆرتی ڕاپۆرتنووسان نەکات، شۆڕشی ئەیلولی مەزن، شۆڕشێکی مەزنی گەورەی هەموو کوردستان بوو، هەموو کورد لەهەرچوار پارچەی کوردستان پشتیوانیی لێ دەکرد. جێگای ئومێدبوو. پارتی دیموکراتی کوردستان و خوالێخۆش بوو جەنابی مەلا مستەفا بارزانی ڕابەرایەتی دەکرد. کەچی ئەم پارتە گەورەو عەزیمەی شۆڕشی ئەیلولی ئەوکات وا دەنگی کەمبۆتەوە، تەنانەت 30 کورسی لەکۆی 111 کورسی هەیە، ئەرێ ڕاپۆرتنووسەکان بۆ ئەم پرسیارە لەخۆتان ناکەن "بۆ پارتی وای لێهاتووە؟" لەتورکیا ئاک پارتیو ئەردۆغان دەبینن کە ئەمە 12 ساڵە چۆن خزمەتی وڵاتی خۆیان دەکەن؟ بەڵام ئەوا دەیبینن ئێستا وەزعی تورکیا چۆنە؟ هەندێ خەڵک داوای ڕۆیشتنی سەرۆک وەزیران دەکەن! با دەرس لەمە وەربگرین. ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین. پێموایە باشترین چارەسەر بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەک کە هەموو لایەک پێی ڕازیبێتو جەنابی سەرۆکی



هەرێم چارەسەری تەواوی کێشەکان بکات! بریتییە لەوەی کە جەنابی سەرۆک خۆی بەسەرۆکی هەموو چینو توێژو حزبو لایەنەکانی کوردستانو هەرێمی کوردستان بەعەمەلی بزانێتو بڕیار بدات هەموو خەڵکی کوردستان بەحکومەتو بەئۆپۆزسیۆنەوە بەبراو خوشکو برازاو خوشکەزای خۆی بزانێتو سەرۆکی تاک بەتاکی ئەم هەرێمەی کوردستانی عیراق بێت. گوێ لەحکومەت بگرێ. گوێ لەحزبو لایەنە سیاسییەکانو تەواوی داخوازییەکانی ئۆپۆزسیۆن بگرێو بڕیارێکی مێژووییانە وەربگرێتو بڵێت: "یەکەم ڕەشنووسەکە سازانی لەسەر بکرێ، دووەمیش واز لەسەرۆکی پارتی دەهێنمو خۆم بەس بۆ کوردو کوردستان بێ جیاوازیی تەرخان دەکەم. کاک نێچیروان بکاتە سەرۆکی پارتیو جەنابیشی بەتەواوی بۆ کاروباری هەرێم خۆی تەرخان بکاتو هەوڵبدات لەکوێ ناکۆکییەک سەری هەڵدا بەبێ جیاوازی لەوێ خۆی تەداخول بکات و چارەسەری بدات. لەم حاڵەتەدا بڕوام وایە تەواوی خەڵکی کوردستان بەحکومەت و بەئۆپۆزسیۆنەوە هاوکاریو پشتیوانیی لێدەکەن. ئەمەش هەم گەورەیی دەبێ بۆ خودی کەسایەتی سەرۆک مەسعود بارزانیو هەمیش خۆی کوڕی خوالێخۆشبوو سەرکردەی گەورەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن مستەفا بارزانی-یەو دەتوانێ گەورەترین ڕۆڵی سیاسی خۆی ببینێو خۆی لەپارتایەتی

تەسک دووربخاتەوە. چونکە قۆناغی ئەمڕۆ، بمانەوێو نەمانەوێ پێویستی بەسەرکردەیەکی خاوەن ئەزموونە. کەواتە باشترین هەنگاوی مێژوویی، ئەوەیە کە جەنابی سەرۆک وەک سەرۆکی تەواوی هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوت بکات. بڕوام وایە ئەم هەنگاوە بهاوێت؟ بەئەگەری زۆرەوە برادەرانی ئۆپۆزسیۆنیش بەئیجابی هەڵیدەسەنسگێنو خەڵکی کوردستانیش لەململانێو لەم کێشانەی کە خەریکە لەکوردستان دروست دەبێ دەپارێزێتو تاقیکردنەوەکەی کوردستانی عیراقیش لەلێکدابڕانو کارەساتی گەورە دووردەخاتەوەو دەپارێزی.

سەرکردەی گەورەو کاریزما دەبێ بتوانن بڕیاری گەورەو گرنگ بدەنو موبادەراتی گەورەش بکەن. بشتوانن ڕۆژەڤی سیاسی بگۆڕن. ئەم وەزعەی ئێستای کوردستانی عیراق تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەگەر لەباتی جەنابی سەرۆک بوومایە، ئیستیقالەم لەسەرۆکایەتی پارتی دەکردو خۆم بۆ کاروباری هەموو هەرێمەکە تەرخان دەکرد. ئەوکاتەش هەموو کورد، بەخۆشحاڵییەوە وەک سەرۆکی خۆی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردو سەروەرییەکی گەورەشی بۆ خۆیو کوردو کوردستان تۆماردەکرد.



## کوردستانی رۆژئاواو رەخنە!

ماوەیەکە گرووپە تیرۆریستەکان بەئاگرو ئاسن کەوتوونەتە گیانی گەلەکەمان لەکوردستانی ڕۆژئاوا. بەداخەوە لێرەو لەوێ دەیانەوێت گەمارۆیان بدەنو دەم کوتیان بکەن. تەنانەت ئەم ئازادیی و سەربەستییەی کە تاڕادەیەک لەڕووی سیاسییەوە دەستیان کەوتووە جارێکی تر بیانخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیانو بندەستیان بکەنەوە. لێرەدا ئەوەی گرنگە بوترێ، لەسەر هەموو لایەنێکی نیشتمانپەروەرو کەسێکی کورد پێویستە نەک هەر نوێنەرانی یەکێتی، بەڵکو ڕێکخراوەکانی داوو دەزگای مەدەنی و مافی مرۆڤ، بەتایبەتیش کورد لەهەموو شوێنیکی دنیادا پشتیوانیی تەواو لەبراکانی خۆی بکات لەکوردستانی ڕۆژئاواو ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە. ئەمەی ئەمڕۆ لەکوردستنی ڕۆژئاوا دەگوزەرێ، قەتلوعامکردنی کوردە بەشێوەیەکی تازە. جاران بەچەکی کیمیاییو گازو بۆمبای ناپاڵمو فڕۆکەو تانک تۆپ بوو. ئێستا بەبیروباوەڕی بۆگەنو سەربڕینو قاچبڕینو دەستبڕینی ڕۆلەکانی گەلەکەمانە. هەنگاوی ئەم دواییەی سەرۆکی پەیەدە بۆ

تورکیا! هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو بۆ لێک نیزیکبوونەوەو هەوڵدان بۆ دروستکرنی جۆرێک لەلێکتێگەیشتنی هاوبەشو گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەر کێشەی سیاسیی کورد لەکوردستانی سوریا. ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانیی لەم هەنگاوە دەکەین، بەتایبەتیش کە ئێستا پرۆسەی ئاشتی لەنێوان کوردو تورکیا لەکوردستانی تورکیا لەئارادایە. ئێمە بەدەوری خۆمان لەلای زۆربەی دامودەزگا سیاسییە فەرمییەکانی ئێرە، مەترسیی گرووپە توندڕەوو ترسناکیی ئەم گروپانەمان ڕوونکردۆتەوە کە لەداهاتوودا دەبنە ترسناکترین هێز. تەنانەت بۆسەر بەرژەوەندییەکانی تورکیاش. هەر لایەنێکیش هانی ئەم گرووپانە لەدژی کورد بدات، کارێکی ناڕەواو دژی دروستبوونی ئاشتیو برایەتییە لەناوچەکەدا.

ئەمڕۆ دەبینین خۆشبەختانە پەیوەندییە سیاسیو دیپلۆماسی و کەلتووری و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمو تورکیا گەیشتۆتە ترۆپکی بەرزو هەردوولاش زۆر ئاسودەن لەئەنجامی ئەم گەشەکردنە. تەنانەت گەیشتۆتە سەر ئەوەی کە تورکیا سوودێکی زۆر لەڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەسەرچاوە نەوتییەکانی کوردستانی عیراق وەردەگرێ. بەهیوای ئەوەین کە کاربەدەستان، لەمەسەلەی کوردستانی ڕۆژئاواش بێ ئەوەی کات بەفیرۆ بدرێت بگەنە



بڕواو ئەم جۆرە پەیوەندیانەش لەگەڵ پەیەدەو گروپە کوردییەکانی تری کوردستانی سوریا دەستپێبکەن، تا گەلی کوردیشمان لەکوردستانی ڕۆژئاوا بەئاشتیو ئاسودەیی بژیتو نەکرێتە سوتەمەنی سیاسەتی لێک تێنەگەیشتنی هەردوولاو بیرڕوای جیاواز.

لەم بوارەشدا لێرە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەئەرکی خۆی هەڵساوەو کاری زۆری لەسەر ئەم سیاسەتە کردووە. دیارە لێرەو لەوێ بەداخەوە بەشێوەیەکی زۆر گشتگیر باسی ئەوە دەکرێ کە باس نەکردنی ئازارەکانی کوردستانی سوریا لەناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو وڵاتانی دەرەوە جۆرێ لەکەمتەرخەمیی لەلایەین نوێنەرەکانی یەکێتی تێداکراوە. ئەم ڕەخنەیە لەشوێنی خۆی نییە. چونکە:

یەکەم: باسکردنی بەم شێوە گشتگیرییە هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە.

دووەم: ڕەنگە ئەم قسەیە بۆ وڵاتانی ئەوروپا تاڕادەیەک ڕاست بێت؟ بەڵام بۆ ئەمەش دەبێ قسەکەر بزانێ ئایا نوێنەرەکانی یەکێتی بەتایبەتی لەئەوروپا تەعلیماتێکیان لەم بارەیەوە بۆ ڕۆیشتووە کە چالاکی ئەنجامبدەن؟ بۆیە ئەوانەی ڕەخنە دەگرن، دەبێ جارێ ڕەخنە لەوە بگرن سنووری کوردستانی عیراق بۆ داخراوە؟ ئایا ڕاستە داخراوە؟ ئایا ڕاستە حکومەتی هەرێم دایخستووە؟ ئەگەر وایە ئێمە یەکێتیی نیشتمانیی لەم حکومەتە شەریکین. ئەی

بۆ ڕەخنە لەخۆتان ناگرن؟ بۆ بێدەنگن لەئاست داخستنی سنوور بەڕووی کوردستانی ڕۆژئاوا؟ ئەگەر داخستنی سنوور ڕاست بێت؟ کارەساتێکی گەورەیە. چونکە ئێمە بەشێکین لەحکومەتی هەرێم! بۆیە داواو تکام لەبەڕێز قسەکەری فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوەیە پێش ئەوەی هەر لێداونێک بدات هەقە هەموو لایەنەکانی باش لێکبداتەوەو قسەیەک لەگەڵ هەندێ لەم نوێنەرانە بکات بۆ ئەوەی بزانێ ئەم بابەتەی جەنابیان دەیانەوێت قسەی لەسەربکاتو بیوروژێنێت نوێنەرەکان شتێکیان لەبارەیەوە کردووە یان نەکردووە؟ ئەگەر نەیانکردبوو ئینجا هەقی خۆیەتی ڕەخنەیان لێبگرێت. بەڵام دیسان نەک لەمیدیاکان بەڵکو لەڕێگای مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، چونکە ڕەنگە هەندێکیان چالاکییەکیان بۆ ئەم مەبەستە کردبێ، بەداخەوە بەڕاستی نازانمو بەڕەوای نابینم بەم گشتاندنە بەم عمومیاتە قسە بکرێت لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەسەر نوێنەرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هیوادارین بزانین بۆ قسە دەکەین. بۆ کێ قسە دەکەین؟ ئامانجمان لەقسەکردنە چییە؟ دڵنیام لەوەی کە بەڕێز قسەکەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بایی ئەوە بڕاوی بەدیموکراسی هەیە کە ڕێگا بدات ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ئازیزمان، ئەم ڕەخنەیەمان بۆ بڵاوبکاتەوەو قبوڵی بکات!



# لەیادی شەهیدان
# کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژاردا

زۆر خەباتگێرو کەسایەتی سیاسییو تیکۆشەرو پێشمەرگەو کادیر هەن، سەربازی ونو بەتەواوی لەیادکراون. کە سەرتاپای تەمەنو ژیانی خۆیان کردۆتە فیداو قوربانی شۆڕشی کوردو کوردستانو کێشە ڕەواکەمان. لەناویاندا هەردوو شەهیدی خەباتگێڕو سەرکردەو دوو لەدامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، ئەوانیش هەردوو پارێزەر، هەردوو مافپەروەر هەردوو ئەدیبو هۆنەردۆستو ڕۆشنبیری گەلەکەمان شەهیدان (کاردۆ گەلاڵیو عەلی هەژار) کە لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا 9-4-1979 لەناو دادگای گشتی هەولێر، لەلایەن دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ، ڕفێندرانو خرانە زیندانە تاریکەکانی ڕژێمی بەعسەوە.

ئەم دوو تێکۆشەرە خۆڕاگرە، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، لەگەڵ هەڤاڵەکانیان سەیدا ساڵح یوسفیو عەلی عەسکەریو دکتۆر خالیدو ڕەسول مامەندو سەعدی گچەکەو سەید کاکەو دەیان و سەدان سەرکردەو تیکۆشەرو

فەرماندەی پێشمەرگەو کەسایەتیی سیاسی تر، دەستیان کردەوە بەخەباتو تیکۆشانو جموجۆڵو چالاکیی سیاسیو ڕێکخستنەوەی شانەو ڕێکخراوە نهێنییەکانیان لەناو شارەکانی کوردستان بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانیان دروستکرد، پاشانیش هەندێکیان چوونە شاخەکانی کوردستانو بوونە پێشمەرگە. بزووتنەوە، هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە شانبەشانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی پێکەوە تا 21-3-1979 لەچوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەباتی کرد. ئەم دوو سەرکردە نەمرە ڕۆڵێکی گرنگیان لەناو شارەکانی کوردستان دەبینی هەر لەزاخۆوە تا خانەقین، هەر لەدهۆکەوە تا دەگاتە بەسرە. لەهەر شوێنێک، کوردێک هەبوایە. هەوڵیان دەدا پەیوەندیی پێوەبکەنو خەڵکیان بۆ ڕیزەکانی بزووتنەوەو کوردایەتی و ڕیزی شۆڕش و ڕێکخستنەکان و پێشمەرگایەتی هاندەداو هۆشیاریان دەکردەوەو ڕێکیان دەخست.

**دووسەربازی ونی بێگۆڕو قەبر!**

بەداخەوە هەندێ جار باسی مێژووی شۆڕشی نوێ دەکرێت. بەڵام زۆر ناحەقی بەرامبەر مێژووی خەباتی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانو تەنانەت ئەم دوو شەهیدەیەش دەکرێت؟ بەجۆرێک کەس ناویان ناهێنێ؟



یادێکیان ناکەنەوە! بزووتنەوە ئەم هەموو سەرکردە شەهیدەی هەیە، ئەم هەموو فەرماندەو کادیرو فەرماندەی شەهیدی بواری پێشمەرگایەتی هەیە! کەچی حەقی خۆی نادەنێ. تەنانەت هەندێکجار هەوڵ دەدرێت مێژووی بزوتنەوەو سەرکردەکانیشی بشارنەوەو بیشێوێنن. لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی دوای نسکۆی 1975 ئاگادارن و دەزانن، کە کەم کەس ئەوکات هەبوو جورئەت بکاتو باسی کوردایەتی بکاتو خۆی بخاتە ناو مەترسیی ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە! خەڵکی کوردستان ئاگادارن بەپلەی یەکەم فەرماندە سیاسیو پێشمەرگەییەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون لەشاخەکانی کوردستانو شاخو کێوی کوردستانیان دەهەژاندو زەنگی شۆڕشێکی تازەیان لێدایەوەو ڕۆڵێکی گرنگیان لەهەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێدا بینی.

بەدەنگی بەرز دەڵێم بەڵێ عەلی هەژارو کاردۆ گەڵاڵی ڕۆلی گەورەیان بینی لەناو بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستاندا. بەڵێ دەوریان هەبوو. تەنانەت گیانی خۆیان کردە فیدای کوردو کوردستان. ئەم هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەش دران. کەچی هێشتا سیخوڕەکانی ئەمنو ئیستیخبارات نەیاتوانی ورەی پۆڵاینیان بڕوخێننو ئیعترافیان پێ بکەن. هەروەک یەک برادەری خۆشیان تووشی گیرانو

زیندان نەکردو بەخۆڕاگریی مانەوە تا دواهەناسەیان. یادیان بەخێر.

هەقە ئەمانەی باسی مێژوو دەکەن! ویژدانیان هەبێت. دەورەی ئەم هەموو شەهیدو سەرکردەیەی بزووتنەوەی سۆشیالیستو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فەرامۆش نەکەن کە بێگومان شەهیدان (کاردۆ گەلاڵیو عەلی هەژار) ڕۆڵی گرنگو بەرچاویان هەبوو لەدەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێدا لەشارەکانو لەزانکۆکاندا. بەڕاستی دوو سەربازی ونن.

**شەهید کاردۆ گەلاڵی ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆست بوو!**

جگە لەکاری سیاسی و پارێزەری، شەهید کاردۆ ڕۆڵێکی گرنگیشی لەبواری ئەدەبو شیعرو رەخنەی ئەدەبیو نووسیندا هەبوو. دوو کتێبی بەچاپ گەیاندبوو یەکیان بەناوی (زێدە بایی)، قانوونە بەناوبانگەکەی مارکس لەمەڕ ئابووریو سەرمایەدارییەوە). ئەویتریان بەناوی (عەلی عەبدوڵڵای شوێن هەڵگر). جگە لەمە دەیانو سەدان وتارو شیعریشی هەبوو لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا. لەبیرمە پێش گیرانی بەدوو هەفتە کە بڕیاربوو بڕواتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی، هۆنراوەیەکی دانابوو بەناونیشانی (کۆچ). بارەگای سەرکرادیەتیمان، ئەوکات سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان دوای ئینشیقاقی 21-3-1979



لەگوندی گۆڕەشێر بوو. سەرکردایەتی کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لەناوزەنگ بوو. هەردوو بارەگاکان لەسەر سنووری کوردستانی عیراق و کوردستانی ئیران بوون. لەهۆنراوەکەدا دەڵێ: (کۆچ) لەژێر ڕمبەسی سمی ئەسپی خۆری باوەڕ تەختە بەفری ڕۆخی ڕێگا دەتوێتەوە.

کۆچی یارێم کۆچی سوورە خێڵی ئێمەش بەرەو مێرگی یەک هەواری دوو سنوورە

خێڵ هەردەڕوارو شەکەت نابێ چونکە وەرزی حەسانەوەو هەواربڕین هێشتا دوورە.

بەداخەوە هەموویم لەیاد نەماوە. چونکە دوای گیرانی، بەشی زۆری شیعرو کتێبو شتەکانی لەناوچوون. ئەم هۆنراوەیەشی پێش گیرانی نووسی کە بڕیاربوو ڕۆژی 20-4-1979 لەگەڵ کاک عەلی هەژاری نەمر، هەردووکیان ئیلتیحاق بەشۆڕش بکەنو بگەنە سەرکردایەتی بزووتنەوە. چونکە دەمێک بوو سەرکردایەتی شاخ داوای دەرچوونی ئەم دوو هەڤاڵەیان دەکرد بۆ شۆڕشو پێشمەرگایەتی. بەڵام بەداخەوە سیخوڕەکانی ڕژێم لە9-4-1979 لەناو دادگای هەولێر هەردووکیان دەستگیرکردنو پاش چەندین ساڵ تەعزیبو ئازارو ئەشکەنجە شەهیدیان کردنو تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدابێ نازانین گۆڕەکانی شەهید کاردۆ گەلاڵیو شەهید عەلی هەژار لەکوێیە؟

### شوێنێکیان بەناو بکەن!

بەداخەوە تائێستا چەندین جار لەحکومەتی هەرێمو هەندێ لایەن داوامان کردوە، کە لەهەولێر، شەقامێک! یان گۆڕەپانێکیان بەناوەوە بکەن! یان لەناو دادگای هەولێر هەیکەلێکیان بۆ دروستبکەن؟ تەنانەت ڕەفیقو هاوسەنگەرەکانیشیان لەبەرامبەر ئەم دوو شەهیدە بێ هەڵوێستنو لەئاست لێپرساوەتی خۆیاندا نەبوون، هەردووکیان دوو شەهیدن، دوو سەربازی ونن. (قەبریان نییە). دوو کەسایەتیی ناسراویشن لەهەولێرو لەکوردستان.

هیوادارم ئەمجارە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم، ئەم نووسینە لەم یادەدا بخوێننەوەو لەهەولێر پەیکەرێک، شەقامێک، یان گۆڕەپانێکان بەناوەوە بکەن.

هەزاران هەزار سڵاو لەگیانی پاکی هەردوو شەهیدی سەرکردەی گومناو کاردۆ گەڵاڵیو عەلی هەژارو شەهیدانی کوردو کوردستانو ڕۆحتان شادبێت.



# چەند پێشنیازێک بۆ بەردەم کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی؟

یەکەم ئەم کۆنگرەیە هەقە ناوەکەی بکرێتە کۆنگرەی کوردستانی. چونکە لەکوردستان تەنیا کورد ناژیو ئیتنیکو میللەتانی تریش هەنو پێکەوە دەژین.

دووەم هیچ حکومەتێکی ئیقلیمی بۆ ئەم کۆنگرەیە داوەت نەکرێن. بەڵام پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە داوەت بکرێن بۆ کۆنگرەکە. بۆنموونە لەتورکیا ئاک پارتی و جەهەپەو مەهەپە داوەتیان بۆ بنێرن وەک حزب، ئەگەر هاتن بەخێربێـن. لەوڵاتەکانی تریش بەهەمانشێوە.

سێیەم کۆنگرەکە پێویست ناکات سەرۆکی هەبێ؟ بەڵکو کۆمیسیۆنێک لەهەرچوار پارچەی کوردستانو کوردانی تاراوگەو بێلایەنەکان پێکبێتو لەماوەی نێوانی دوو کۆنگرەدا سەرپەرشتیی ئیشوکارو بڕیارەکانی بکات. ئەگەر هەندێ لایەنیش سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ کۆنگرەکە سەرۆکی هەبێ؟ پێشنیازدەکەم بۆ تەقدیرکردنی خەباتو تێکۆشانی مامجەلال کە ئێستا نەخۆشە. دەورەی یەکەم بدرێتە یەکێتییو بەڕێز مامجەلال دەوری یەکەم بکرێتە سەرۆکی

کۆنگرەکە. ئەگەر خۆشی لەدەورەی سەرۆکایەتییەکەی بۆی نەکرا سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکان بکات، ئەوا یەکێک لەهەڤاڵەکانی دەتوانێ ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. ئەگەر دەشڵێن جەنابی مامجەلال بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە بۆی ناکرێ! پێشنیاز دەکەم بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆچەلان بێت. چونکە ئێستا بەڕێزیان لەزیندانەو تەقدیر بۆ بەڕێزیانو بۆ خەباتو تیکۆشانەکەی و بۆئەوەی هەموو کورد داوای ئازادکردنیشی بکەن. هەقی خۆیەتی دەورەی یەکەم بەڕێز ئۆچەلان بێت. بەتایبەتیش کە ئێستا سەرۆکایەتیی پرۆسەی ئاشتی دەکات لەنێوان تورکیاو پەکەکە. ئەمە هەم بۆ کوردی تورکیا باشەو هەمیش بۆ بەڕێز ئۆچەلانو کوردی باکووریش کە بەژمارە لەکوردانی هەرسێ پارچەکانی تریش زیاترن. ئەگەر کۆنگرەکە هەر دەبێ سەرۆکی هەبێ! زۆر زەروریی‌و پێویستە سەرۆکایەتییەکە دەوری بێتو بەنۆرە بێت.



## یەکێتی، گۆڕانو کێشەکان!

قۆناغی ئەمڕۆی خەباتی سیاسیو دیموکراسی لەهەرێمی کوردستانی عیراق. بەتایبەتیش لەپارێزگای سلێمانیو گەرمیان، بەواتایەکی تر، دەنگدەرانی هەردوولا، ئەم ڕاستییە دەخوازن کە یەکێتیو گۆڕان ناکۆکییەکانی نێوانیان بەشێوەیەکی واقیعبینانە چارەسەربکەنو وەڵامی داخوازیەکانی گەلی کوردستان بدەنەوە، بەجۆرێک کە ئەم دوو ڕێکخراوە سیغەو شێوەیەکی تازەی کارکردنی هاوبەش پێکەوە بدۆزنەوە. تاکو هەم ئەم کێشەو گرفتانەی کە ئەمڕۆ لەنێواندا هەیەو هەمیش ئەو کێشە سیاسییانەی کە لەداهاتوودا چاوەڕێمان دەکەن! پێکەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەیان بۆ بکەینو چارەسەری هاوبەشو گونجاویان بۆ بدۆزینەوە. کارێکی وابکەین یەکڕیزیی ماڵی کورد لەکوردستاندا بەرەو پێشەوە ببەین. بزووتنەوەی دیموکراسی، بیروڕای ئازادو پرۆسەی خەباتی پەرلەمانی لەکوردستان تووشی شەلەلو شکست نەبێت. کوردستانیش لەم تەنگوچەڵەمەیەی کە لەنێواندا هەیە ڕزگاربکەین و هەموو شت لەڕێگای سندوقی دەنگدانەوە یەکلایی بکەینەوە.

بەندە وەک کادیرێکی بواری دیپلۆماسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەم داوا لەسەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەمیش لەسەرکردایەتیی گۆڕان دەکەم کە لەئاستی لێپرسراوێتی ئەم قۆناغە هەستیارەی خەباتی ئێستاماندا بینو هەوڵبدەین ئەم درزە گەورەیەی کە کەوتۆتە نێوانمانەوە تا ئەو شوێنەی دەکرێتو دەگونجێت لێکی نزیک بکەینەوەو ڕێکەوتننامەی دەباشان زیندوو بکەینەوەو لەسەر بنچینەیەکی ڕاستو ڕاستگۆیانە بەپێی داخوازیی کێشە سیاسییەکانی ئەمڕۆ! ڕێگا چارەسەرو کارکردنی هاوبەشو پێکەوەیی بۆ بدۆزینەوە. باشتروایە قوناغی یەکەمو سەرەتا کێشەکانی سلێمانی بەڕۆحێکی برایانە پێکەوە چارەسەر بکەین. قۆناغی دووەم لەناو پەرلەمانی کوردستاندا یەکێتیو گۆڕان بلۆکێکی پەرلەمانی یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانیی یەکگرتوو لەسەر بنچینەی بەرنامەیەکی هاوبەش پێکەوە دروست بکەینو لاپەڕەیەکی تازە پێکەوە دەست پێبکەین لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی هەرێمی کوردستانو شوێنە جێ ناکۆکەکانو سیاسەتی کوردستانیانەمان. با دەست لەناو دەستی یەکتری بنێینو نەخشەی دوارۆژی وڵاتەکەمان پێکەوە دابڕێژین. گۆڕانیش لەگەڵ ئێمەو شانبەشانی پارتی دیموکراتی کوردستانو لایەنەکانی تر پێکەوە حکومەت دروست بکەینو خزمەتی



گەلو نیشتمانەکەمان بکەین. پێمشوایە دەکرێت ڕێکەوتننامەی ستراتیژیش فراوانتر بکرێت. ئیتر هیوادارم ئەم بانگەوازەم بەهەند وەربگیرێتو سەرکردەکانی یەکێتیو گۆڕان لەئاستیدا هەڵوەستە بکەنو بیرێک لەم وەزعەی ئێستا بکەینەوە. ئەگەر ئەوە نەکەین، ئەو ململانێیانەی کە لەنێوان هەردوولادا هەیە، بەردەوام بێت، ڕەنگە تووشی کارەساتی گەورەو ناخۆشمان بکات. هیوادارم هەردوولامان لەئاستی لێپرسراوێتی مێژوویی خۆمانو ئەو بڕوایەدا بین کە دەنگدەرانی کوردستان پێیان بەخشیوین. ئێمەش ئەرکمانە کە ڕێز لەئیرادەی میللەتەکەمان بگرینو ناکۆکییەکانمان بەحیوارو دیالۆگی برایانە چارەسەربکەین. پێشموایە سەرکردەکانی یەکێتی و گۆڕان دەبێ خۆیان لەم سیاسەتی گۆشەگیرییە ڕزگاربکەن کە تێی کەوتوونو پێویستە تەجاوزی هەندێ کێشەی بچووکو لۆکاڵی بکەنو بەچاوی سیاسەتی کوردستانییەوە سەیری ڕووداوو پێشهاتەکانی کوردستانو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو دنیا بکەین! ئیتر کاتی چارەسەرکردنی کێشەکانە.

## یەکێتی بۆ ئۆپۆزسیۆن

لەدوای یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانو پێکهێنانی یەکەم حکومەتی هاوبەشی نێوان یەکێتیو پارتی، نزیکەی 21 یەک ساڵە یەکێتی لەگەڵ پارتی لێپرسراوێتی بەڕێوبردنی وڵاتو حکومەتیان پێکەوە لەئەستۆدایە. دوای هەڵبژاردنی یەکەمیش ساڵی 1992، هەر هەڵبژاردنێکی تر کرابێ! یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەنگی هاتۆتە خوارەوەو جەماوەری لەدەستداوە. لەگەڵ ئەم هەموو خزمەتەش کە پێشکەشی کردووە. قورسترینو گەورەترین بوومەلەرزەش کە روبەڕوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆوە، ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەی 21ی ئەیلول بوو. لێرەدا پێویستە دوو پرسیار لەخۆمان بکەین، یەکەمیان: ئەرێ ئەم بوومەلەرزەیە بۆ روویدا؟ دووەمیان چۆن هەڵسینەوە؟ وەڵامی چۆن روویدا، هەمووومان لێی بەرپرسیارین بەپێی پلەی لێپرسراوێتیمان. بەڵێ مەکتەبی سیاسی یەکێتی، دەبێ زانستییانە ئەم بارودۆخە هەڵسەنگێنێ. پینەڕێژی نەکات. وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ قەواعیدی یەکێتیو جەماوەرەکەی بداتەوە. بەڵێ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێم یەکێکە



لەهۆکاری بنەڕەتیی ئەم بوومەلەرزەیەی کە لێیداین. باجەکەی قورس بوو دامان. بەڵێ ئەم هەموو دەنگە بوو کە لەدەستماندا. دەربارەی چۆن هەڵسینەوە؟ بەندە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەڵێم: دەی یەکێتییەکان با بگەڕێینەوە ساڵی 1976و سەردەمی بزووتنەوەو کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ئەم رۆحیەتە شۆڕشگێڕییەی کە ئەوکات هەمانبوو. گیانی بەبەردا بکەینەوەو سەرلەنوێ بیبوژێنینەوەو کابینەی داهاتوو پێشکەشی برایانی پارتیو گۆڕان بێت. با حوکمڕانی خۆیان بکەن. پیرۆزیان بێ. ئێمەش برۆین بۆ ئۆپۆزسیۆنو کاری باشیان کرد دەستخۆشییان لێبکەینو کاری خراپیشیان کرد، لێیان دەکەینە هەراو هۆریاو جەماوەریان لێ هاندەدەینو خۆمان بەهێزی گەل بەهێز دەکەینەوەو بەمتمانەو پشتیوانی جەماوەری کوردستان جارێکی تر دەتوانین بگێڕینەوە بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵاتو خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ڕێکەوتننامەی ستراتیژیش تێک نادەین، چونکە ڕێکەوتننامەی ستراتیژی لەبنچینەدا بۆ ئەوەیە کە شەڕی ناوخۆ روونەداتەوە. بەڵێ ئەمەش وەکو بیلبیلەی چاوی خۆمان دەیپارێزین، بەڵام چیتر یەکێتی بەقوربانی حکومەتی (بەناو هاوبەشو بەناو یەکسان) ناکەین، چونکە بەم

شێوەیە بەردەوام بین لەگەڵ پارتی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا کەمتر دەبینەوە، دیارە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بایی ئەوەی هەیە کە بتوانێ هەشت نۆ ساڵ بنکەو بارەگاو پێشمەرگەو کادرەکانی خۆی بەخێو بکات، یەکێتییەکان ئیتر بەسە یاڵلا با بڕۆین بۆ ئۆپۆزسیۆنو وازبێنن لەکورسی ئەم دەسەڵاتەی کە بۆتە هۆی لاوازکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. با بەکردار بگەڕێینەوە بۆ خانووە قوڕەکانو دروشمەکەی جەنابی مام جەلال. بەکردار جێبەجێی بکەین. لەمەشدا داهێنان بکەین.

ئێمە لەهەڵبژاردن بەداخەوە بەهەڵەی سیاسیی خۆمان دۆڕاوینو دەبێ بتوانین دەسەڵات جێبهێڵینو چیتر چاومان لەکورسی دەسەڵات نەبێ، بەتایبەتیش داوا لەهێرۆ خانو کاک کۆسرەتو کاک بەرهەمو کاک بەختیار دەکەم، تکا لەتەواوی مەکتەبی سیاسیو کادرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەم ئەم پێشنیازەی بەندە دەردەشە بکەنو ئیتر بەهیچ شێوەیەک لەکابینەی داهاتوودا بەشداری نەکەینو با ببینە ئۆپۆزسیۆن.

نایشارمەوە دەمەوێ راشکاوانە دەست بخەمە سەر هەندێ ئازارو برینی ناو جەستەی کادرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەماوەی حوکمڕانی هاوبەشی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی نێوان یەکێتیو پارتی. ئەم کابینە وەزارییانەی کە



ئێمە لەگەڵ برایانی پارتی دروستمان کردووە هەرگیزاو هەرگیز هاوبەشو یەکسان نەبووین لەهیچ شتێکدا، بۆنموونە لەم رۆژەی پەرلەمان دروستبووە سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتە یەکێتی، جێگرەکەیو سکرتێری پەرلەمان پارتی دەیبات، لەکاتێکدا پێویستە سکرتێری پەرلەمانیش هی یەکێتی بێت! هیچ پێشنیازێک ناتوانرێ بخرێتە ناو ئەجێندای کارەوە ئەگەر سکرتێری پەرلەمان دەنگی رازیبوونی لەسەر نەدات. واتە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێستا پێکدێت لەسەرۆکو جێگرو سکرتێری پەرلەمان. پارتی سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێت دیسان سکرتێری پەرلەمان دەباتو تەنیا جێگرەکەی یەکێتی دەبێو دوو دەنگ بەدەنگێک دەبن. بەڵام کە یەکێتی سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێ پارتی دیسان سکرتێری پەرلەمانیش دەباتەوە. ئێمە بەناو دوو حزبی شەریکین! مادام شەریکین دەبوایە شەراکەتەکە جۆرێک لەعەدالەتی تێدابوایە، ئەمە عەدالەتی تێدا نییە.

کاتێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێتە یەکێتیو جێگرەکەی پارتی، بەداخەوە سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانیش کە پۆستیکی زۆر زۆر گرنگە ئەم پۆستەش هەر پارتی پڕی دەکاتەوە. کاتێ سەرۆک وەزیران دەدرێتەوە بەپارتیو جێگرەکەی یەکێتی، دیسان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران پارتی دەیبات کە پێویستە بدرێتە

یەکێتی. بەداخەوە یەکێتیش لێی بێدەنگەو سەرۆکی دیوانیش کەیفی لێبـێت لێ ناگەڕێ یەک نووسراوی فەرمی سەرۆک وەزیران تێپەڕبێتو لەلای خۆی گلی دەداتەوە. لەم بارەیەوەش دەتوانم سەدان نموونە بێنمەوە، لێرەش یەکێتی مەغدورە. جا چۆن دەنگ نادۆڕێنین؟

کاتێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی دیاری دەکات. سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دیسان هەر پارتییە. جێگری سەرۆکی هەرێم بەپێی رێککەوتننامەی ستراتیژی دەدرێتە یەکێتی. بەڵام ئەویش جاری وا هەیە پاش دوو ساڵ بەهەزار تکاو رجاو پاڕانەوە، ئینجا یەکێتی دەتوانێ جێگری سەرۆکی هەرێم دابنێ، ئەویش هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەدراوەتێ. تەنانەت ناتوانێ فەرمانبەرێک بگوازێتەوە یان دابمەزرێنێ. ئیتر نازانم بۆ دەیکا یان بۆ ئەم پۆستە دروستکراوە؟ سەیری وەزارەتی دەرەوەی عیراق بکەن، ژمارەی دیپلۆماتەکانی کە برایانی پارتی دایانمەزراندووەو پلەی گەورەی دیپلۆماسییان داونەتێ! سێ بەرامبەری ژمارەی دیپلۆماتەکانی یەکێتی نیشتمانین. وەرن سەیری بەڕێوەبەری ئەمانەی عاسیمە بکەن لەئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، ئەویش هی برایانی پارتییە. یەکێتی لەوێش بەشخوراوە. سەیری مفەوەزییەی هەڵبژاردنەکان بکەن بزانن چەندی یەکێتی تێدایەو چەندیش



سەر بەبرایانی پارتین. بێینە سەر وەزارەتی نەوت کوا وەکیلەکەی یەکێتی؟ کوا دەسەڵاتەکانی؟ یەکێتی لەم وەزارەتە هیچ خەبەرێکی نییە. سەیری وەزارەتی دارایی هەرێم بکەن کە وەزیرەکەی یەکێتییە، بەڵام سەیری بریکارەکەی بکەن کە پارتییە، وەزیر بەبێ بریکارەکەی ناتوانێ کیتابێک چاپ بکات، دەبێ پێشتر بیبینێت، سەیرکەن نوێنەری حکومەتی هەرێم لەواشنتۆن گەڕاوەتەوە کوردستان، کەچی تائێستا یەکێتی ناتوانێ نوێنەرێکی تر لەشوێنی ئەو دابنێ کە پشکی خۆشێتی؟ چونکە برایانی پارتی رازی نین. زۆر زۆر شتی تریش هەیە کە من نامەوێ زیاتر بڕۆمە ناو وردەکارییەکانی کە ناکرێ لێرە باسیان بکەم.

بەحوکمی ماوەی 13 ساڵ کارکردنم وەک نوێنەری یەکێتی لەتورکیا لێیان ئاگادارم، بەڵام ناشکرێ باسی بکەیت، سەیرکەن لەدەڤەری بادینان، بەیەکێتیو گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵو هەرچی حزبی کوردستان هەیە ئەمە چەندین هەڵبژاردنە لەبادینان دەکرێ بەهەموومان ناتوانین لە 23%ی دەنگی دەنگدەرانی ناوچەی بادینان وەدەست بهێنین؟ کەچی برایانی پارتی بەتەنیا نزیکەی لە 77%ی دەنگەکان دەهێنن، باشە ئێمە وەکو ئەوان لەحکومەت شەریک نین؟ ئەگەر ئیش لەبادینان کرابێ حکومەتی

هاوبەش کردوێتی و بەپارەی هاوبەشیش کراوە باشە بۆ پارتی 77%ی دەنگەکان بتوانێ بێنێ؟ بۆ یەکێتی نەتوانێ 20%ی دەنگەکان بێنێ؟ بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 27 هەزار دەنگ بێنێ؟ تەنانەت بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوومان! ئەمجارە نزیکەی یانزە هەزار دەنگیشمان کەمتر لەبادینان هێناوە. سەرم سوڕماوەو بۆم لێکنادرێتەوە. لەکام وڵاتی دونیا سەردەمی هێنانی 70% و 80%ی دەنگهێنان ماوە؟ ئەوەتا دوێنێ لەئەلمانیا هەڵبژاردن کراوە بە (CDUوە CSU) پێکەوە لەسەدا 46%ی دەنگەکانیان هێناوە؟ کەچی تائێستا ئێمە نەمانتوانیووە لەبادینان بگەینە 40 هەزار دەنگ. تەنانەت لەهەموو دەڤەری بادینانیش بۆ؟ کەچی پارتی لەپارێزگای سلێمانی ئەمجارە نزیکەی 90 هەزار دەنگی بەتەنیا هێناوە! جا ئەمە بارودۆخی یەکێتی بێت تێناگەم بۆ نەڕۆینە ئۆپۆزسیۆن؟ هیوادارم ئەم بیرو بۆچوونانەی خۆم نەبنە مایەی سەرئێشە دروستکردن بۆ هیچ لایەک.

من ئازادم وەک ئەندامێکی یەکێتی، وەک کادرێکی یەکێتی، ئازادانە بیرو بۆچوونو لێکدانەوەی خۆم جەسورانە دەرببڕم. داوای مافی خوراوی یەکێتییەکەی خۆم بکەم. چونکە پێیەوە ماندووبووم، نامەوێت بەزەلیلی چیتر یەکێتی ببینم! ئەگەر شەریکین ئەمە شەراکەتێکی دادپەروەرانە



نییە؟ بۆیە دەی یەکێتییەکان با بڕۆین بۆ ئۆپۆزسیۆنو پێکەوە دەست لەناودەست خەبات بکەینو ئەم دەورەیە خۆمان لەحوکمڕانیو حکومەت دوورخەینەوە. دڵنیام لەوەی یەکێتی هەڵدەسێنینەوەو یەکێتی بەمێژووی خەباتەکەی پێناسە دەکرێت نەک بەشتی ترو دووبارەش دەنگو متمانەی جەماوەری خۆشەویستی کوردستان وەردەگرینەوە. ئیتر بەرەو کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانی کوردستانو یاڵڵا یەکێتییەکان بۆ ئۆپۆزسیۆن!

# لەیادی کاک ڕەسول مامەندی نەمردا!

ئەمڕۆ 12-4-2013 یادی ماڵئاوایی سەرکردەیەکی ماندونەناسی گەلەکەمانە، کە ئەویش هەڤاڵ و سەرکردەی ئازیزمان کاک ڕەسول مامەندی نەمرە. هەرکەسێک کاک ڕەسول مامەندی ناسیبێ، یا ناوبانگی بیستبێ، بۆی دەرکەوتووە، کەسایەتییەکی تابڵێی هێمن، لەسەرخۆو خۆڕاگر وەک کێوی مامەندەو پێشمەرگەی نەفەس درێژی سەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانو سەرکردەیەکی خاکی و خەباتگێڕێکی گەورەی ڕێبازی کوردایەتی ڕیزەکانی بزوتنەوەد سۆشیالیست و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. لەهەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا ڕۆڵی گەورە دیارو بەرچاوی هەبوو. یەکێک بوو لەدەستەی دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان. هەمیشە وەک سەرکردەیەکی خۆنەویست کاک ڕەسول مامەند لەخەباتدا بەردەوامبوو تا دواساتەکانی ژیانیشی کۆڵی نەداو خاوەنی بیروباوەڕو هەڵوێستی سیاسییانەی خۆی بوو. کاک ڕەسوڵ بۆ ماوەیەکی زۆر جۆرەها لێپرسراوێتی گەورەی بینی. هەرگیز



لەخۆی بایی نەدەبوو. لەماوەی ئەم پەنجا ساڵەی تەمەنیدا، سی و سێ ساڵ لەڕێزی پێشەوە، خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی بۆ گەلەکەی ئەنجامداو بەدڵسۆزی و پاکی خەباتی دەکرد. کاک ڕەسول وەک ڕۆڵەو کەسێکی چەپ، هەمیشە پارێزگاریی لەبەشخوراوانی کوردستان و چینی هەژاران و کێشە ڕەواکەی گەلەکەمان دەکرد. لایەنگیری ئاوات و داخوازییەکانیان بوو.

ئەوەی من لەم نووسینەدا، دەمەوێ تۆماری بکەم لایەنی کاری تێکۆشەرانی سیاسی سەردەمێکی پڕ لەنەهامەتی و تێکشکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانە، سەردەمی نائومێدی و پەرت و بڵاوی، سەردەمی بەخۆداچونەوەو خۆڕێکخستنەوە، ئەو سەردەمەی کوڕی خۆی گەرەک بوو.

سەردەمی سەرکەوتنی پیلانە گڵاوەکەی جەزائیرو نسکۆی شۆڕشو پەرت و بڵاوبوونەوەی شۆڕشگێڕانو لەدەستدانی جڵەوی سەرکردایەتی و خۆدانە دەست زریانی قەزاو قەدەرو ڕۆژی نەهامەتی. ئەوەبوو هەر لەکاتی نسکۆکە لەناوەڕاستی مانگی نیسانی 1975 دا یەکەم کۆبوونەوەی گرنگی چارەنووسساز لەشاری ورمێ و لەماڵی تێکۆشەرێکی کوردی ئێراندا کەناوی (سەید عەزیز شەمزینی) بوو سازکراو چەندان کادری پێشکەوتووی شۆڕش و هەردوو باڵەکەی پارتی بەشدارییان تێداکرد لەوانە (کاک ڕەسول مامەندی

نەمرو عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدو عەلی هەژارو عومەر دەبابەو مەلا ناسیح و چەندین کادری سیاسی و پێشمەرگایەتی تر لەم کۆبوونەوەدا بەشداربوون. دواییش شەهید کاردۆ گەلالّی و چەندین کادری تریش. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاریاندا ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕبکەنەوەو نەهێڵرێت خەڵکی کوردستان بەهۆی نسکۆکەوە نائومێدبنو ئەم کۆبوونەوەیە هەوڵدانێک بوو بۆ دۆزینەوەی بەدیلێک بۆ ئەو وەزعەی ئەوساو سەرەتایەک بوو بۆ خۆڕێکخستنەوەو درێژەدان بەتێکۆشان و ئەداتێکیش بوو بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان. ئەوەبوو ئەم هەڤاڵانەی ناومان هێنان هەموویان پێکەوە لەگەڵ سەیدا ساڵح یوسفی و شەهید سەعدی گچکەو سەید کاکەو چەندین هەڤاڵی تر، لەهاوینی ساڵی 1976 یەکەم بەیانی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانیان ڕاگەیاندو وەکو باڵێکی سەرەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتە مەیدانو بزووتنەوە ڕۆڵێکی گرنگی لەخەباتی سیاسیو پێشمەرگایەتیدا بینی. کاک ڕەسوڵی نەمر لەناو بزووتنەوەدا زۆر بڕوای بەیەکگرتنو دیالۆگ و حیوار هەبوو. حەز دەکەم لەم بارەیەوە نووسینێکی دەستخەتی خۆی بخەمەوە یادی خوێنەرانی ئازیزی گەلەکەمان و هەڤاڵەکانی کە هەمیشە جەختی لەسەر یەکێتی و برایەتی نێوان لایەنە سیاسییەکانی



کوردستان دەکردەوەو لەنووسینەکەیدا کە لە 1992-12-5 بەدەستخەتی خۆی دەربارەی حیوارو دیالۆگی نێوان لایەنەکان نوسیوێتی. کاک ڕەسول دەڵێ: (هەموو گیروگرفتێک بەڕێگەی حیوارو وتووێژی برایانە چارەسەردەکرێت و هەموو لایەنێکی شۆڕشگێرو خاوەنی مێژوو لەخەباتدا دەتوانێ ڕۆلی خۆی لەسەر گۆرەپانی خەبات ببینێ، بۆیە حزبمان بەڕەچاوکردنی ئەزموونەکانی خەباتی ڕابردوومان بەهیچ شێوەیەک شێوازە بەدناوەکانی کۆن بۆ یەکلاکردنەوەی ململانیی سیاسی پەسەندناکات. دڵنیاین لەوەی کەوا هەموو دڵسۆزێکی گەلەکەمان و جەماوەری بەشەرەفی کوردستان ئەم هەڵویستەمان باش تێدەگەن و دەی نرخێنن. هیوادارین هەموو لایەک لەدەرس و پەندەکانی مێژووی نزیکی شۆڕشی گەلەکەمان سوودی وەرگرتبێت).

بەداخەوە ئەم ڕۆڵە نەبەزەی گەلەکەمان زوو جێی هێشتین و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردو کوردستان. هەزاران هەزار سڵاو لەگیانی پاکی کاکە ڕەسوڵ مامەندی هەڤاڵ و براو سەرکردەی ئازیزمان و تەواوی شەهیدانی کوردستان و یادی خێربێت و بیرەوەریەکانی قەت لەیادم ناچنەوە.